زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان
دۆسێی ژمارە ( 15 )

نووسینی: محەمەد هەریری

# عەلی باپیر

## زیندانی ناو خەون و ئیگۆمانیا











چاپی ئەلکترۆنی یەکەم
نۆڤەمبەری 2023

زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسێی ژمارە ( ١٥ )

# عەلی باپیر

## زیندانی ناو خەون و ئیگۆمانیا

نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

# پێشەکی

ئەو دۆسێیەی بەردەستت، کۆی ئەو وتار وسەرنجانەیە کە من لە بۆنەی جیاواز دەربارەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی عەلی باپیر نووسیتم. دەتوانم بڵێم من کتێبێکی زۆری مامۆستا عەلی باپیرم خوێندۆتەوە، باش لە شێوازی بیرکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەی دەگەم. پێمخۆش بوو ئەگەر کاتم هەبا کۆی نووسینە زۆر و بێ شومارەکانی مامۆستا باپیر بەسەرکەمەوە، بەڵام عەلی باپیر هێندە نووسینی زۆرە، مرۆڤ تەمەنێکی دەوێت بۆ ئەوەی بتوانێ هەموو نووسینەکانی بخوێنێتەوە! هۆکاری ئەو هەموو نووسینەش ئەوەیە، ئەمیری کۆمەڵ هیچ کارێك ناکات جگە لە کاری سیاسی، ئینجا لە هەر کوێ و بۆنەیەك و چاوپێکەوتنێك و سیمنارێك، چی گووتوە، کۆمەڵێ گەنجی حزبی وەك سۆران عومەر، هاتوون قسەکانیان نووسیوەتەوە، چاپیشیان کردووە، بڵاویشیان کردۆتەوە، هەندێ جار وەریشیان گێراوە بۆ زمانی تر، بێ ئەوەی مامۆستا باپیر دار بخاتە سەر بەرد! بەڵام بۆ نووسەرێکی سەربەخۆی وەك من، دەبێ بخوێنمەوە و بیرکەمەوە و بنووسم، تایپیشی کەم، کاری ڕۆژانەی ناسیاسی وناحزبیش بکە، لەسەر حیسابی خۆشم بڵاویکەمەوە، تەنها کاری دیزاینی لێدەرچێت کە چەند هاوڕێیەکی چاك یارمەتیم دەدەن، ئەو ئەرکە قورسە لە کۆڵی من دەکەنەوە.

من بۆیە ئەو کتێبەی زیندان وئەشکەنجەم هەڵبژارد، لەگەڵ چەند بابەتێکیتری فیکری لەسەر ئافرەت وسیاسەت، چونکە پێموایە، پاڵنەرەکانی و ئەو چەند لایەنە بیری ودەروونیەی عەلی باپیر کە من تیشکم خستۆتە سەر، ئەگەر ملیۆنێ لاپەڕەی ترش بنووسێ، هەر لە ژێر کاریگەری ئەو چەند پاڵنەر و بیرۆکەیە دەخولێتەوە. هەرچەندە کاتم هەبا بێگوومان، توێژینەوەیەکی بەرفراونترم دەربارەی دەکرد، پاش ئەوەی هەموو نووسینەکانیم دەخوێندەوە.

لێ بەڕاستی مامۆستا زۆر بە تەفسیل و درێژ دادڕە، ئەو بیرۆکەیەی کە کەسانیتر و من دەتوانین بە پارەگرافێك بیگەیەنین، ئەو چوار پەڕی بەش ناکات! هەر بۆیەش لە زیندان توانی یەك مەوسوعەی ١١ بەرگی و ٤٠٠٠ لاپەڕەیی بە ناونیشانی: **الإسلام كما يتجلى في كتاب الله بنووسێت![1] کە من دڵنیام هەمووی دەتوانی لە بەرگێکدا دەریکات!**

[1] لەکتێبی ئەشکەنجەو زیندان دا لەبارەی نووسینی ئەم مەوسووعەیە دەڵێ: لەسەرەتاوە من ئیجازەی نووسینم نەبوو، ئیجازەم نەبوو قەڵەمو کاغەزم پێ بێ، ڕۆژێك بانگیان کردم بۆ تەحقیق، موحەقیقە ئەمریکییەکان گۆڕابوون بە دووی بەریتانیی، یەکیان ناوی مستەر بیڵ

## عەلی باپیر زیندانی ناو خەون و ئیگۆمانیا

ئەو نووسین و ڕەخنەیەی کە بە عەرەبی و کوردی لەسەر کتێبی (ئەشکەنجە و زیندانی) عەلی باپیرم نووسی، کە هەردووکیان لەو نامیلکەیەکەیە دایە، خۆی ئاگاداری ڕەخنەکان بوو زۆریش پێی قەڵس بوو، چەند دەستوپێوەندێکی ڕاسپارد وەڵامم بدەنەوە، چەندین وەڵامی کرچ و کاڵیان بۆ نووسیم، ئەگەر کەسێکی ئاسایی با، لە ڕەخنە قبوڵکردن دا، کەمێك شکستە نەفس با، باوەڕناکەم ئەو کتێبەی بەو هەموو عەیب وعارەوە، جارێکیتر وەك خۆی چاپ کردبایەوە، یان لەوەش خراپتر وەرگێڕابا بۆ عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینجا ئینگلیزیش!!! یانی هەر بەلانی کەمەوە پێداچوونەوەیەکی بۆ دەکرد.

فەزیحەتی ئەو کتێبە وەك ئەوە وایە لە شانۆگەری سیف العرب ی کوێتی دا، کارەکتەری سەدام لەو شانۆگەریەدا، کە نەزانی گەلی عێراقی بۆ دەردەکەوێت دەڵێ: فضحونا بالاقمار الصناعية!! لای مانگە دەستکردەکان حەیایان بردین! کە سەدام پێیوایە مانگە دەستکردەکان بە بەردەوامی چاودێری دەکەن!

ئەو کتێبەی بە مانای وشە فەزیحەتە، دەیسەلمێنێ عەلی باپیر چەندە ئیگۆزلە، و منی باڵای ئاوساوە، و خۆی پێ مەزن و خەڵکی گشتی و هەتا سەرکردایەتی کۆمەڵیشی چەندە پێ بچووکە! دەیسەلمێنێ چۆن خۆی لە شوێن پێغەمبەر، یا میراتگری ئەو داناوە بۆ ئیسلامییەکان، چۆن

---

بوو، ئەویتریان ناوی مستەر جۆ بوو، بەڕاستی ئەو دوو برادەرە باش هاوکارییان کردم، گوتیان: "ئێمە بەتەماین لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵا تۆ هەڵبدەینەوە، بۆمان دەرکەوتووە کە تۆ پیاوێکی پاکی‌و ڕاستی، ئەوشتانەی لەسەر تۆ گوتراون درۆن، ئێمە دەمانەوێت لاپەڕەیەکی نوێت لەگەڵا هەڵدەینەوە، لەمەولا بۆ تەحقیق بانگت ناکەین، بەڵکو زیاتر پێمانخۆشە بۆ وتووێژی فیکری لەگەڵت دابنیشین‌و ئیستیفادە بکەین، تۆ هەندێ شتی نوێت پێیە، گوتم: فەرموون، گوتیان: جارێ تۆ چیت پێویستە ئێمە لە خزمەتین، ئەوکات زۆر پێویستم بە سەعاتە، سەعاتەکەی خۆم کە لێیان سەندووم، بۆم بێننەوە، ئەوە ئەگەر بواری نووسینم بدەن، قەڵەم‌و کاغەزم بدەنێ، ئەوە زۆر سوپاستان دەکەم، لەبەر ئەوەی من کاتێکی زۆرم هەیە، دەمەوێ هەندێ خەواتیری خۆم دەربارەی قورئان بنووسم، دەشمەوێ تۆزێ خۆشم فێری ئینگلیزی بکەم، جا لەڕاستییدا ئەو کاتە دەمویست، بەڵام دوایی ئەوەم واز لێهێنا، بەشی مەدار سازکردنی خۆم چەند ڕستەیەکم دەزانی، گوتم: لەوە زیاترم پێویست نیە، زیاتر ڕەغبەتم چووە سەر ئەوەی بە قورئاندا بچمەوە.

جا ئەو دوو موحەقیقە بەریتانییە دەرفەتێکی باشیان بۆ ڕەخساندم، بواریانداو لای خۆشیان نووسییان، چونکە موحەقیقی دوایی کە دێت، لەسەر هی ئەو حساب دەکات، فلان کەس بۆی هەیە قەڵەم‌و کاغەزی لابێت، ئیدی ئەوان هەر ئەوکاتە دەفتەرێکی سەد لاپەڕەیی‌و، دوو قەڵەمیشیان دامێ، دوایی جاروبار لە موحەقیقەکانیش وەرم دەگرت، ئەوە لە ڕۆژی: (٢٠٠٤/١/٢٧) واتە: ڕۆژی (٢٠٢) هەمینی ڕۆژانی زیندانییم، دەستم بەنووسینی ئەم مەوسووعەیە کرد... ئینجا لەدرێژەی ئەم باسەدا دەڵێ: پاسەوانەکان خۆیان قەلەمیان بۆ دابین دەکردم، وەکو هاوکارییەکی ئینسانی، کە دەیانزانی من زۆر خەریکی نووسینم، هەبوو بۆ خۆی دەهات‌و دەیگوت: هیچ ئیشت نییە؟، بەپارەی خۆی دەچوو بۆی دەکڕیم. بەڕاستی ئەو هەڵوێستانەم لەبیر ناچێت، هەروەها عەلی باپیر دەڵێ: یەکێکی دیکەشیان ناوی (جۆزێف) بوو، پیاوێکی بە تەمەن بوو، نزیکەی (٥٠ . ٦٠) ساڵێك بوو، دەیگوت: دافیعێك هەیەو پاڵم پێوە دەنێ کە خزمەتی تۆ بکەم، نازانم خوا وای لێکردووم، تۆ بە پیاوێکی موبارەك دەزانم، پێمخۆشە خزمەتت بکەم، چیت دەوێ؟. جاری وابوو چوار قەڵەمی بۆ دەهێنام، دوو دەفتەری بە پارەی خۆی دەکڕی، **ئاوا خوای پەروەردگار هەندێك لەوانەی بۆ موسەخەر کردبووم**، خۆیان قەڵەم‌و دەفتەرو کاغەزیان بۆ دەهێنام، دەنا من زیاتر لە دوو هەزار لاپەڕەم نووسی لەو کتێبە، ڕەنگە هەزار لاپەڕەم زیاتر ئیعادە نووسین کردبێتەوە.

وەك هەناسەدان، خەون بە پێغەمبەر ئەبینێ بە بەردەوامی، بەڵکو خوا لە خەو دەبینێ بە ویست وهەوەس، وچۆن کەراماتی پێدەبەخشێ !

چۆن لەوپەڕی ساویلکەییدا دڵی سەرکردە بەعسییەکان دەداتەوە کە لە زیندان لەگەڵی بوون، هەتا دەڵێ بوونە موریدی من و منیش ویستم لە سزای خوا ڕزگاریان کەم تا بچنە بەهەشت!
ئەو عەقڵیەتە ئیستۆرِیە ئەفسانەئامێزە خەسڵەتێکی سەرەکی کەسایەتی عەلی باپیرە وقەت لێی دەرباز نابێ لە هیچ وتار و ڕەفتار و نووسینێکیدا!
سەرەڕای ئەوەش خەسڵەتێکی دەروونی تریشی هەیە کە من کردوومەتە بەشێك لە ناونیشانی کتێبەکە، کە ئیگۆمانیایە بە کورتی و پوختی: ئیگۆمانیك ئەو کەسەیە، کە مەیلێکی زۆری بۆ ئاماژەدان بە خۆی بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر و شانازیکردنی زۆر بە خۆیەوە دەکات.

دەتوانین وەسوەسەی نەرگسی (بە ئینگلیزی: Egomania) بەکار بهێنین، کر حالەتێکە تێیدا تاك بە سەرقاڵی بەردەوامی بە خۆی ناسراوە، لەسەر ئەو کەسە جێبەجێ دەبێت کە شوێن پاڵنەرە کۆنترۆڵنەکراوەکانی خۆی دەکەوێت، وەسوەسەی وەهمەکانی گەورەیی کەسی هەیە و هەست بە کەمی قەدرزانی دەکات لەلایەن کەسانی دیکەوە. کەسێک کە بەدەست ئەم فۆرمە زیادەڕۆییەی خۆسەنتەرییەوە دەناڵێنێت، پێی دەوترێت وەسوەسەی نەرگسی کە لە ڕووی دەروونییەوە حاڵەتێکی نائاساییە.

وابزانم ئەو ڕەخنەیە درێژە و هەموو ئەو وتارانەی لە بارەی عەلی باپیرم نووسیوە، کاتی هاتبوو لەو نامیلکەیەی بەردەستت دەریکەم وبڵاوی کەمەوە، هەرچەندە زۆر درەنگیش کەوت. ئەوەی بەردەستت بەرهەمی هەموو بیروڕاکانی ئێمەیە لەسەر بیرکردنەوەی دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی مامۆستا عەلی باپیر، کە لە کات و بۆنەی جیا جیا نووسراوە، بە هیوای سوودی گشتی هەبێت بۆ هەموو لایەك.

محەمەد هەریری
٢٠٢٣/١١/٦
لەندەن

# دەروازەیەك

بەرلەوەی بچمە ناو بابەتەکانی ئەو دۆسێیەم دەمەوێ هەموو لایەك بزانێت کە من هەردەم هەڵوێستم دەرهەق مامۆستا عەلی باپیر پۆزەتیڤ بوون، ئەگەرچی سەرنج و ڕەخنەیەکی زۆریشم هەبووە لەسەر نووسینەکانی. وەك بەڵگەیەکیش بۆ ئەو هەڵوێستانە ، زۆر بە شانازییەوە دەڵێم کە من بەشدار بووم لەو خۆپیشاندانەی بەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکا بۆ ئازادکردنی بێ قەید و شەرتی مامۆستا عەلی باپیر، هەروەها لە میدیاکانیش شتم نووسیوە و بەشداری بەرنامەی تەلەفزیۆنیم کردوە هەر لەو پێناوە.

بێگومان من مامۆستا عەلی باپیر لە نزیکەوە ناناسم، ئەگەرچی زۆر شتم دەربارەی گوێ لێ دەبێت لەوانەی لە نزیکەوە هەڵسوکەوتیان هەیە لەگەڵی، زۆر لەو شتە نێگەتیڤانەی کە گوێم لێدەبوون هەر قسەی بێ بەڵگە بوون تا چاوم بەو کتێبەی [ئەشکەنجە وزیندان] کەوت، بە وردی خوێندمەوە، وپوختەیەکیشم لێی وەرگێڕایە سەر عەرەبی بۆ ڕۆژنامەی [الشرق الاوسط]ی لەندەنی. کە دوایی لەسەر داوای عەلی باپیر بڵاویان نەکردەوە، چونکە ئەو ڕەخنەیە کوردییەم بەر لە عەرەبیەکە بڵاوکردەوە!

من مامۆستا عەلی باپیر زۆر دەمێکە دەناسم وەك نووسەر لەوەتی سەردەمی کتێبی [ئیسلام و ڕێچکان] دەتوانم بڵێم زۆربەی نووسینەکانیشم خوێندۆتەوە لەو ڕۆژەوە، بێگومان سەرنجێکی زۆریشم لا کۆبۆتەوە لە خوێندنەوەی کتێبەکانی، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بوو بێت، پرایەرەتی و یەکەمێتیم نەکردۆتە وەڵامدانەوەی ئەو. ئێستاش لەپاش ئەو هەموو ناسۆریەی زیندان و فشاری هێزە دەسەڵاتدارە بەناو دیموکراسیەکان حەزم لێ نەبوو وەڵامی مامۆستا عەلی باپیر بدەمەوە، بەڵام ئەوەی لەو کتێبە [ئەشکەنجە وزیندان] خوێندمەوە شتێکن نەدەکرا هەروا بەسەری تێپەڕین، چونکە ئەگەر وەڵام نەدرێتەوە لەلایەن کەسانێکی بێلایەن و خەمخۆری ئەو گۆڕەپانەی کوردستان و نزیك لەو نێوەندەی کە مامۆستا عەلی باپیرتێیدایە، سوودی نابێت ئەگەر هەموو نەیارانی مامۆستا عەلی باپیر وەڵامی دەنەوە.

لەوانەیە ئەوەی زیاتر هانیدابم بۆ ئەو وەڵامە ئەوە بێت کە یەکەم جارە مامۆستا عەلی باپیر دەربارەی ژیانی تایبەتی وبیروڕا و هەڵسوکەوتی خۆی شتێك بەو تەفسیلە بڵاوکاتەوە. بۆیە شتەکان زەقتربوون و پێویستیان بە هەڵوێستێکی زەق و ڕوون هەبوو بە تایبەتی کە هەوادارانی مامۆستا عەلی باپیر لە کوردستان کەم نین بە ژمارە، و ئەوانەی گوێی لێدەگرن ئەگەرچی لە ئاستێکی دیاریکراو دان لە نێوە گۆڕەپانی ئیسلامی، بەڵام زۆر بە دەمارگرژیەوە گوێی بۆ دەگرن.

محەمەد هەریری

من لە بیرمە کە چۆن کەسانێك قسەکانی ئەویان وەك خۆی دەگووت ودەگووتەوە، وەك دەڵێن بە نوقتە و فاریزە دەیانگواستەوە، خۆشم لە سەردەمی دەرکردنی کتێبی [ئیسلام و رێچکان] بەپێی ئاستی فەرهەنگی ئەو کاتەم  هێندە پێی سەرسام بووم وامدەزانی لە دوای قورئان و حەدیس ئەو کتێبە دێت!

مەبەستم ئەوەیە نووسینەکانی مامۆستا عەلی باپیر جۆرە عەقڵیەتێك دەدوێنێت کە تەنها سەرسامە وموتەلەقیە، توانای بیرکردنەوە و لێکدانەوە و ساغکردنەوەی سنووردارە، بێگومان گرنگە بەرچاوی ئەو چینە خەڵکەش کەمێك رۆشن کەینەوە، هیچیتر لە هەڵوێستی موتەلەقی وەرگر و سەرسام نەمێنێتەوە.ئەو بابەتە کاتی خۆی لە رۆژنامەی میدیا بڵاوکرایەوە لە ٢٠٠٦/٨/١.

# بەشی یەکەم

## گەشتێك بەناو كتێبی [ئەشكەنجە و زیندان]

## خوێندنەوەیەک لە فیکری مامۆستا عەلی باپیر

## ١

ئێستا با بێینە سەر باسکردنی سەرنجەکانم کە بەوپەڕی دڵسۆزیەوە دەیانخەمە بەردەم خودی مامۆستا عەلی باپیر و هەموو خوێنەرێکی کورد، کە ئاواتی تەبایی و برایەتی هەموو لایەنێکی کوردە، و دژی ناکۆکی و دووبەرەکێ یە لە ژێر هەر ناوێك بێت.

## پەیوەندی لەگەڵ پیاوانی ڕژێم

پێمواێ مامۆستا عەلی باپیر وا ناسراوە کە لەوەتی هەبووە لە دژی ڕژێمی بەعس بووە و دژایەتی ئەو بۆ ئەو ڕژێمەش ئاسان نییە حاشا لێکردنی، بەخت یاری نەبووە کە لەگەڵ سەرانی ڕژێم لە یەك گرتووخانە زیندانی بکرێت. بەڕاستی زەحمەتە هەڵسوکەوت کردن لەو جیهانە بەرتەنگە لەگەڵ ئەو دڕندە ئادەمیانەی کە دەیانبینین چۆن هەڵسوکەوت دەکەن لە کاتی دادگاییەکانی سەدام و هاوەڵانی. بەڵام مامۆستا عەلی باپیر کەسێکی ئاسایی نییە، لەگەڵ چەند بەعسیەکی ئاسایی زیندانی کرا بێ، بۆیە دەبوایە ڕەچاوی ئەو هەل ومەرجە مێژووییەی کردبا و هەوڵیدابا هەڵسوکەوتی لەگەڵیاندا نەگەیشتبایە ئەو ئاستەی هەموو کوردێکی پێ ئیستیفزاز بێت. لەوانەیە ئەو هەڵوێستانە بۆ هەر کەسێکی ئاسایی، ئاسایی بان، بەڵام بۆ ڕابەرێکی ئیسلامی و کورد هەرگیز ئاسایی نین. کاتی خۆی بەر لە ئازادبوونی بەرگوێم کەوت کە لە زیندان چاوی بە پیاوانی ڕژێم کەوتووە، و بەرخوردی لەگەڵیاندا هەبووە، زۆر بە پەرۆش بووم بۆ زانینی تەواوی هەواڵەکە، بەڵام کە چیرۆک وهەواڵەکەم لەو کتێبە خوێندەوە تووشی شۆك هاتم!

هەڵوێستی مامۆستا عەلی باپیر لەگەڵ  پیاوانی ڕژێم لە هەڵوێستی دژی داگیرکردنی عێڕاق لەلایەن ئەمریکاوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەڵێت " بەڵێ ئێمە پێمان ناخۆش بوو ئەمریکا بێتە عێڕاقەوە، وڵاتێکی کافر بێتە ناو خاکی ئیسلامەوە! ڕاستە کە مامۆستا عەلی باپیر پێ خۆشبوونی خۆی بە ڕووخانی ڕژێم ناشارێتەوە، و دەڵێت دەکرا ڕژێم بڕوخێنرێت بەبێ داگیرکردنی ئەمریکا! من گومانم هەیە کە ئۆپۆزسیۆنی عێڕاقی توانای ڕووخانی ڕژێمی هەبووایە، چونکە ڕژێم بۆ لێدان و زاڵبوون بەسەر میللەتی عێڕاقدا هەردەم سەرکەوتوو بوو، هەموو هەوڵەکان بۆ ڕووخاندنیشی لەلایەن خەڵکەوە بەوپەڕی لێزانی و دڕندەیی و ئاسانیەوە پوچەڵ دەکردنەوە.

ئینجا ئەگەر عەرەبێکی ناوەڕاستی عێڕاق بەهرەمەند لە وجودی ئەو ڕژێمە ئەو قسانە بکات، هێشتا بیانووێکی بە دەستە، بەڵام تۆ وەك کوردێکی ئیسلامی ئۆپۆزسیۆن دەبێت زیانت چی بێت لە ڕووخاندنی  ئەو ڕژێمە بە دەستی ئەمریکا؟! یان ئەو قسانە تەنها دووبارەکردنەوەی پرووپاگەندەی  میدیای عەرەبی  و ئیسلامییە؟! ئینجا کەی دونیای سەردەم بەو جۆرە دابەش

دەکرێت [وڵاتێکی کافر بێتە ناو خاکی ئیسلامەوە!!] ل ٢٧، تەنها ئاماژە دەکەین بە ژمارەی لاپەڕە لە کتێبی [ئەشکەنجە وزیندان].

ئەمە دەقاودەق دوو فوستاتەکەی [ڕایەخەکەی] ئیمان و کوفری ئوسامە بن لادنە! ئێمە بێگومان هەواداری داگیرکاری ئەمریکا نین بۆ هیچ وڵاتێکی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی، بەڵام ئەگەر داگیرکردنێك ڕووخانی ئەو ڕژێمە بنج داکووتاوە و دژە گەلەکەمی لێ بکەوێتەوە، تەخت و بەخت تێکشکانی بەعسی لێبکەوێتەوە، هەڵبژاردنی ئازادی لێبکەوێتەوە، گەورەبوونی پایە و پێگەی کوردی لێبکەوێتەوە لە عێراق و جیهاندا، بۆ دەبێت من دژی ئەو داگیرکردنە بم؟! ئێمە هەموو کەرامەت و ئاخ و شەرەف وچارەنووسمان بەدەست ئەو ڕژێمە پێشێل و داگیرکرابوو، بۆ دەبێت داگیرکەرێکی تکریتی چاکتر بێت لە داگیرکەرێکی ئەمریکی؟! خۆ هەر نەبێت ئەو ئەمریکیە کەمێك شارستانیتر ڕەفتار دەکات لەو تکریتیە شۆڤێنییە دڵ پڕ لە قینە؟!

خوا دەزانێت کە من لەسەر ئاستی کەسێتی هیچ سودێکم لە داگیرکردنی ئەمریکی نەبینیوە، بەڵام دەڵێم ئەزیەت وئازاری سوپای داگیرکەری ئەمریکی [کافر] لە چاو ئەشکەنجە بێ وێنەکانی ڕژێمی بەعسی [موسڵمان] یاری منداڵانە. لە بیرمە کاتی خۆی کە سەدام کوێتی داگیر کرد، ئەمیری کوێت کە عەرەبیشە، لە چاوپێکەوتنێکدا کە هەرچەندە عەرەب و موسڵمانیشە، لە وەڵامی: چۆن دەتانەوێت بە پاڵپشتی ئەمریکا کوێت ڕزگار کەن؟ وتی ئێمە ئامادەین بە پاڵپشتی شەیتانیش کوێت لەو داگیرکەرە دڕندەیە ڕزگارکەین!

ئەوە لە کاتێکدا هەموو ئەشکەنجە و ئازاری کوێتیەکان بە قەد ئازار ومەینەتی مانگێکی کورد نەبوو بە دەست ڕژێمی بەعسەوە. سەیرم پێدێ کە مامۆستا عەلی باپیر ئەو کارەی ئەمریکا " بە پێچەوانەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پابەندی بە ڕێککەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان" ناوزەد دەکات. ل ٧١، ئەو قسەیە لە عبدالباری عطوان و مستەفا بەکری و معن بشور و خیرالدین حسیب دەوەشێتەوە، بەڵام نەدەبووایە بە خەیاڵی مامۆستا عەلی باپیر دا گوزەریان کردبا.

# ٢

لە هەمووی خۆشتر مامۆستا عەلی باپیر کۆپی هەمان مەقولاتی میدیای عەرەبی دەکاتەوە کاتێك ڕەخنە دەگرێت لە هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکانی [ڕاگەیاندن و ئەمن و موخابەرات و عسکەری و مەدەنی...] ئێمە ببووینە پەند و عیبرەتی زەمانە بە دەستی دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات و سووپا، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەعسیش گۆرانی دەچڕی بەدیار مەرگەساتەکانمانەوە، و هەقیقەتەکانی ئاوەژوو دەکردەوە، کەچی تۆ لە خەمی هەڵوەشاندنەوەیانیت! خۆزگە لەو بوارە پەندت لە ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی خومەینی وەردەگرت، کە نەك دەزگاکانی شاهەنشاهی هەڵوەشاندەوە بەڵکو دەیویست ساختمانەکانی ئەو دەزگایانەش بڕووخێنێت و بیخاتە دەریاوە، چونکە شووم و نەفرەتلێکراو بوون بە ڕای ئەو!!

بەڕای زۆربەی خەڵکی عێراق، پیاوانی ئەو دەزگایانەی ئەمن و موخابەرات و تا ڕادەیەکیش عەسکەری دەبوایە بدرێنە دادگا، لە بری ئەو هەموو تاوانە ناوێزانەی کە ئەنجامیان دەدا لە دژی خەڵکی بێتاوانی عێراق بە گشتی، و خەڵکی کورد بە تایبەتی. لەو پەیوەندیەی لەگەڵ سەرانی ڕژێمی پێشوو، جێی ئەسەفە کە مامۆستا عەلی باپیر، ئەوپەڕی میهرەبانی و بەزەیی و سک پێسووتان دەنوێنێت بەرامبەریان کە دەڵێت: " وتم وەڵڵا هیچ ئیشم بە ئێوە نییە، بەڵێ ڕقم لە کردەوەکانتانە، بەڵام وەکو بەنی ئادەم، وەکو مرۆڤ بەزەییم پێتان دێتەوە" ل ٢٣١

مامۆستا عەلی باپیر کاتێك سەرانی ڕژێمی پێشوو لێی توورە دەبن، لەبەر زەربی سفرکردنی کردەوەکانی پێشوویان دەڵێت: " من لە ڕووی دڵسۆزیشەوە ئەو شتانەتان پێ دەڵێم، بۆ ئەوەی کە لەسەری بوون، چیدی لەسەری نەچن، بە خۆتاندا بچنەوە، ئەگەرنا وەکو چارەنووسی دونیاشتان وادەبێ، دەڵێم لانی کەم گەر دونیاشتان چوو، با قیامەتەکەتان هەبێت، خۆ من دڵسۆزتانم" ل ٢٥٥

دڵسۆزیەکەی مامۆستا عەلی باپیر بۆ سەرانی ڕژێمی پێشوو، هێندە بووە کە خۆشیان دانی پێدا دەهێنن لە بان چاوەڕوانت ئەوانەوە بووە، دەڵێن: " وامانزانی هەر سەلامامان لێ ناکەی، بۆمان دەرکەوتووە تۆ خۆ بەکەمزانی، ئینجا دڵسۆزمانی و پەرۆشی قیامەتی ئێمەیت، و ئینجا ئەو شتە کۆنانەی کە پێشتر ئێمە هەمانبووە، لە گەڵمان لێك نادەیتەوە" ل ٢٧٩
هەروەک خۆشی دەڵێت: " چونکە من ئیمامیشیان بووم و پێشنوێژیم بۆ دەکردن، بانگم بۆ دەدان، دیارە من هەر ئەوە نەبووم وەکو نەیارێکی فیکری، ئەوان بە چاوی ئیمامەتی و پێشەوایەتی تەماشایان دەکردم، وەکو بڵێی بەرپرسی دونیا ودینیان بم، بۆ هەموو شتی

دەهاتنەوە لای من، پرسیاریان دەکرد، داوای هاوکارییان دەکرد و دەیانگووت: ئاشتمان کەوە، ئامۆژگاریمان بکە" ل ٢٥٥.

لە شوێنێکی تر دەڵێت: " بە تایبەتی من ڕەفتار و مامەڵەشم لە گەڵیاندا، ڕەفتار ومامەڵەیەکی چاکەکارانە بوو، لە خوا بەزیاد بێت من زۆر چاکەم بۆیان لە دەست دەهات، پێنج فەرزە بانگم بۆ دەدان، ئەو کاتانەی کە بواریان دەدا بچینە دەر بۆ نوێژەکان، نوێژی بە کۆمەڵم بۆ دەکردن، دوای عەسران ئامۆژگارییم دەکردن، لەو دوا دواییە سێ چوار نوێژی هەینیم بۆ کردن، نوێژی جەژنەکانم بۆ دەکردن، یەکێکیان مردبا، نوێژمان لەسەر دەکرد، پاشان پرسیاری شەرعییان لە من دەکرد، جا غەیری ئەوانەش من ئەگەر خواردنێکی زیادەم بۆ هاتبایە، جار جار لەماڵەوە هەندێ شیرینی و شتم بۆ دەهات، یان بەرگ و پۆشاکێکی زیادەم هەبوایە، دەمدانێ، ئەوانەیان کە نەخۆش بووایە دوعایەکم بۆ دەخوێندن، سەلامێکم لێ دەکردن.." ل ٢٧٨.

دیارە مامۆستا عەلی باپیر زۆر بە ویژدانێکی ئاسوودەوە باسی ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەکات لە ڕزگارکردنی قیامەتی ئەو ئەهریمەنە دڕندانە، خەمی ئەوەیەتی وەك دونیایان چووە قیامەتیان نەچێت! بەڕێزم ئەو پیرە پیاوانەی سەرانی ڕژێمی پێشوو، دونیای ملیۆنەهای وەک من و تۆ و پیر ولاو و منداڵ و نێر ومێی خەڵکی عێراق و کوردستانیان تێکدا، ئەوە نییە لەو وڵاتە دەوڵەمەندە خەڵکەکەی وەك هەژارترین خەڵکی دنیا دەژین، دیوتە وڵاتێکی نەوتی وا، وەك کاولگە خۆی نیشان بدات؟!

ئەوان لە هیچیان کەم نەبووە، وەك پاشایان ژیانیان بەڕێ دەکرد، هەردەم لە کەیف و سەفای خۆیان دابوون، بۆ دەبێت دونیایان چوو بێت؟ ڕاستیەکەی ئەوان تەنها براوەی دونیا بوون تا بە دیدارت شاد بوون، کەچی تۆ هەوڵی ئەوەت دا قیامەتیشیان بۆ مسۆگەر کەیت، ئینجا وەرە لەو بەهەشتە پاك و خۆشە سەلام لە سەدام و عەلی حەسەن مەجید و تەها یاسین ڕەمەزان و عەبد حەموود و هەموو سەرانی ڕژێمی پێشوو بکەیت! ئەوە ئەگەر لەبەر قەرەباڵغی پیاوانی بەعس لە بە هەشت جێیەکمان دەست کەوێت! هەتا کۆمەڵی خاچی سوریش سەرسوڕمانی خۆیان نیشانداوە لەو پەیوەندییە نائاساییەی مامۆستا عەلی باپیر و سەرانی ڕژێمی پێشوو، دەیانگووت:" چۆن دەتوانی لەگەڵیان دابنیشی و قسە بکەیت؟ وتم بۆ ناتوانم؟ خۆ پێغەمبەر [د.خ] لەگەڵ ئەبو جەهل قسەی کردوە، موسا لەگەڵ فیرعەون قسەی کردووە، نەمن لە موسا چاکترم، نە ئەوان لە فیرعەون و ئەبو جەهل خراپترن، ئێستا بە تایبەتی هەموو لێقەوماون وەکو یەکن، ئەگەر کاتی خۆشی فیرعەون و ئەبو جەهل بوو بن، ئێستا هەموو لێقەوماون. بەزەییم پیایاندا دێتەوە... وتم وەکو مرۆڤێك بەزەییم پیایاندا دێتەوە و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم، چونکە دەمەوێ سوودیان پێ بگەیەنم و لەو زەلکاوەی تێیدان – واتە زەلکاوی گومرایی – دەریان بێنم" ل ٢٥٧.

بەڕاستی ئەو پیاوانە لە فیرعەون و ئەبو جەهل یش خراپتر بوون، دووبارەکردنەوی ئەو مەقولاتە توراسیانە وەك [نەمن لە موسا چاکترم، نە ئەوان لە فیرعەون و ئەبو جەهل خراپترن] هیچ لەو هەقیقەتە ناگۆڕێت کە ئەو دڕندانە لە فیرعەونیش خراپتر بوون، خۆ فیرعەون کیمیاوی نەبوو، تۆپ وتەیارە و ناپاڵمی نەبوو، لە گەلێکی ژێردەستەی وەك کوردی دا!

## ٣

ئینجا من یەك هەڵوێستی پێغەمبەر [د.خ] دەخەمەوە یادی عەلی باپیر: کاتێك وەحشی بکوژی حەمزە ویستی ببێتە موسڵمان لە ڕزگارکردنی مەککەدا، تەنها لەبەرئەوەی حەمزەی مامی پێغەمبەری کوشتبوو، پاش گێڕانەوەی ڕوداوی کوشتنی حەمزە لای پێغەمبەر، پێغەمبەر پێی گووت: هەی تیاچیت لەبەرچاوم ون بە، با نەتبینم، منیش لە مەولا خۆم لە پێغەمبەر [د.خ] لا دەدا تا نەمبینێ، تا ئەمری خوای کرد" سیره ابن هشام، ج الثاني. ئەوە دەقی ڕوداوەکەیە وەك لە سیرەی ئیبن هشام دا هاتووە:

[ وحشي بين يدي الرسول يسلم ] فلما قال لي ذلك ، خرجت حتى قدمت على رسول الله صلى الله عليه وسلم المدينة ، فلم يرعه إلا بي قائما على رأسه أتشهد بشهادة الحق ؛ فلما رآني قال : أوحشي ؟ قلت : نعم يا رسول الله . قال : اقعد فحدثني كيف قتلت حمزة قال : فحدثته كما حدثتكما ، فلما فرغت من حديثي قال : ويحك غيب عني وجهك ، فلا أرينك . قال : فكنت أتنكب رسول الله صلى الله عليه وسلم حيث كان لئلا يراني ، حتى قبضه الله صلى الله عليه وسلم.

**[ خلع وحشي من الديوان ] قال ابن هشام :فبلغني أن وحشيا لم يزل يحد في الخمر حتى خلع من الديوان ، فكان عمر بن الخطاب يقول : قد علمت أن الله تعالى لم يكن ليدع قاتل حمزة.** السيرة النبوية (ابن هشام) مؤسسة علوم القرآن، عدد الأجزاء: جزءان

بروانن وەحشی پاش موسڵمانبوونیشی و کوشتنی پێغەمبەری هەڵگەڕاوەکان "موسەیلەمەی کەزابیش" لە شەڕەکانی هەڵگەڕاوەکان، هێشتا بەو شێوەیە نێگەتیڤە لەلایەن دادپەروەرترین خەلیفەی ئیسلام عومەری کوڕی خەتاب، وا خراپ باس دەکرێت، بەس لەبەرئەوەی حەزرەتی حەمزەی کوشتووە، نەک لەبەر ئارەق خواردنەوەی، چونکە حەزرەتی عومەر لەگەڵ گوناهی گەورەتریش هەڵوێستی نەرمتری نواندوە! ئیبنو هیشام دەڵێت پێم گەیشتووە کەوا وەحشی بە بەردەوامی سزای خواردنەوەی عەرەقی دەدرا، هەتا ناوی لە لیستی

عەلی باپیر زیندانی ناو خەون و ئیگۆمانیا

مووچەوەرگرانی دیوان کوژێندرایەوە، عومەری کوڕی خەتاب دەیگووت: دەمزانی خوای گەورە واز لە بکوژی حەمزە ناهێنێت"! وەك بڵێی خواش بە تۆبەی وەحشی داماوی کۆیلە ڕازی نەبوو بێت!!، ئەوەش بێگومان دوورە لەو بەزەییە بێ سنوورەی خوا بۆ تۆبەکاران، کە لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر باس دەکرێت.

ئەوە پێغەمبەرە بەو هەموو ڕوحی بەخشش ومیهرەبانی و ڕەحمەتون لیلعالەمینە، ئەو هەڵوێستە وەردەگرێت لە دژی بکوژی مامی، هەرچەندە کابرا موسڵمانیش بوو، کۆیلەش بوو، خاوەنەکانی کارەکەیان پێ کردبوو. کەچی جەنابی مامۆستا عەلی باپیر، بەو هەموو بەزەیی و مرۆڤایەتییەوە هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ بکوژی سەدان هەزار ژن و پیاو و منداڵ و پیر وجحێلی میللەتەکەی. خۆ ئەگەر ڕاستیت دەوێت وەحشی زیاتر شایەنی بەزەیی وسک پێ سوتانەوە بوو، چونکە ئەو تەنها کۆیلەیەك بوو و بەس، بۆ ئازادی خۆی هەوڵی دەدا، بەڵام سەدام و پیاوانی هەموو عێڕاقیان کردبووە کۆیلەی خۆیان.

خۆ وەحشیش لە فیرعەون و ئەبو جەهل خراپتر نەبوو؟! دەبوایە تۆ بەلایەنی کەم حەزت بە چارەیان نەبووایە، وەك چۆن پێغەمبەر حەزی بە چارەی وەحشی نەبوو، پاش موسڵمان بوونیشی، نەك دوعایان بۆ بخوێنی گەر نەخۆش بوون، ئاشتیان کەیتەوە گەر نێوانیان تێك چوو، خواردن وشیرینی و پۆشاکی خۆتیان پێ بدەیت، هەموو خەمێکت ڕزگارکردنی قیامەتی ئەو دڕندانە بێت کە دونیا و قیامەتی ملیۆنەها کورد وعێڕاقیان فەوتاندبوو.!

من تێناگەم لەو میسالیەتە لە سنوور بەدەرە، بڵێی کوشتنی ئەو هەموو خەڵکە بێ تاوانەی میللەتەکەمان، و خاپوورکردنی کوردستان، هێندە مامۆستا عەلی باپیری نەبزواندبێ کە نەفرەت لەوانە بکات، و ئاواتی دۆزەخیان بۆ بخوازێ، لە جیاتی خستنەگەڕی هەموو توانای بۆ ڕزگارکردنی قیامەتییان؟! ئەی ئێمەی ئیماندارانی بێ دەسەڵات، هیوامان بەچی بێت بۆ سزادانی جەللادەکان، ئەگەر لە دنیا هیچمان پێنەکرا لە گەڵیان، تۆش بێیتوو قیامەتیان ڕزگار بکەیت لە وەقتی زایەع؟! ئەی جگە لە سزای دۆزەخ هیوامان بە چ سزایەك بێت؟! من باوەڕناکەم خوا و پێغەمبەر و خەڵك بەو هەڵوێستە نقووم بووەی ناو ئایدیالیزمیەتە ڕازی بن جگە لە چەند ئەندامێکی موتیعی کۆمەڵ نەبێت!

# داگیرکردنی کافران بۆ خاکی موسڵمان!

بەڕاستی مەسەلەی داگیرکردنی کافر بۆ دەوڵەتێکی موسڵمان، تێڕوانینێکی زۆر سادەیە بۆ مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆز، خۆزگە کارەکە لێرەوە بوەستبا، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ بە ئیسلامکردنی خودی ئەو تاغوتەی، کە هەموو کوردی بە کافر دەزانی و ئەنفالی لەسەر ئیجرا کردن، بڕوانە لەو بارەیەوە مامۆستا عەلی باپیر چی دەڵێت: " هەرچەندە ئێوەش زیندانی بوون لەوێ، ئایا پێتان خۆش بوو کە سەددام لەوێیە لە زینداندا؟ وەڵلا پێم خۆش بوو وەك بیرم لە حاڵی میللەتی کورد و عێراق و ئەو هەموو ستەم و زۆرانەی دەکردەوە کە ڕژیمی بەعس بە سەرۆکایەتی سەددام بەسەری هێناوە، بەڵام لە سەرێکی کەوە بەڕاستی پێم ناخۆش بوو، چونکە دەمەوێت هیچ شتێك نەڵێم پێچەوانەی قەناعەتی خۆم بێت، پێم ناخۆش بوو کەسێك کە لەسەر موسڵمانان حساب دەکرێ، سەرۆکی وڵاتێکە کە موسڵمانانی تێدا نیشتەجێن، بکەوێتە بەردەستی دەوڵەتێکی کافر." ل ٢٥٩

یانی هەرلەبەر ئەوەی پێی ناخۆش بوو، چونکە سەددام لەسەر موسڵمانان حساب دەکرێ؟ یان لەبەرئەوەی سەرۆکی وڵاتێکە موسڵمانانی تێدا نیشتەجێیە؟! بەڕاستی ئەوە مەنتیقێکی سەیرە، چونکە ئەگەر وابێت دەبێت ئەو دکتاتۆرانەی جیهانی ئیسلام و عەرەب، لەبەرئەوەی سەرۆکی وڵاتانێکن کە موسڵمانانی تێدا نیشتەجێن، یان لەبەر ئەوەی لەسەر موسڵمانان مەحسوبن، دەبێت چاکتر بن لەو سەرۆکە [کافرانەی] کە وڵاتەکانیان بەوپەڕی دادپەروەری و دیموکراسی بەڕێوە دەبەن؟! دەبێت بەشار ئەسەد و ئەحمەدی نەژاد و سلێمان دیمرێل و ئەردۆگان لە ماندێلا باشتر بن؟! من پێموایە سەرۆکێکی مەسیحی وەك ماندێلا سەدان هەزار جار چاکترە لەو دیکتاتۆرانەی بە حسێب موسڵمانن!

لە کاتێکدا سەرانی ڕژێمی پێشوو پێیان وابوو" " وامانزانی هەر سەلامامان لێ ناکەی، بۆمان دەرکەوتووە تۆ خۆ بەکەمزانی، ئینجا دڵسۆزمانی و پەرۆشی قیامەتی ئێمەیت، و ئینجا ئەو شتە کۆنانەی کە پێشتر ئێمە هەمانبووە، لە گەڵمان لێك نادەیتەوە" ل ٢٧٩. مامۆستا عەلی باپیر لە وەڵامیاندا وا بە خەستی چۆتە ناو ڕۆڵی هیدایەت دەری سەرانی ڕژێمی پێشوو وەك بڵێیت مەهدیەکە و خوا بۆ ئەوانی ڕەوانە کردبێت "

وتم وەڵلاهی ئێستا لێتان قەوماوە، من بەبێ شەهامەتی دەزانم ئەتۆ کەوتویت پێلەقەت پێدادەم ، وتم بەنی ئادەمیشی، جا کە تۆ دونیاکەشت چووە، بۆ قیامەتەکەشت بچێ، بەڵێ من بەزەییم پێتاندا دێت، بە تایبەتیش کە بۆ خۆتان ئامادەیی دەردەبڕن و دەڵێن پێمان خۆشە لە ئیسلام تێبگەین و بگەڕێینەوە لای خوا و چاك بین.." ل ٢٧٩

# موریدە بەعسیەکان

لە هەمووی سەیرتر مامۆستا عەلی باپیر، ئەو پیاوانەی بەعسی بە موریدی خۆی دەزانێ! لە وەڵامی ئەوانە کێ بوون؟ واتە ئەوانەی مامۆستا عەلی باپیر باسی تاعەت و عیبادەتیان و تەوبە و گەڕانەوەیان دەکات، دەڵێت: " وەڵلا پێم خۆش نییە ناوی کەس بەرم لە موریدەکانی خۆم، پێم خۆش نییە ناویان بەرم!! ل ٢٧٧.

نیشانەی سەرسوڕمانەکەش هەر لە ئەسڵی دەقەکەی ناو کتێبەکەیە. وادیارە کاک هاوژین عومەریش، کە هەست دەکەم موحاویرێکی باشە، بەڵام جاروبار جورئەتی بە دواداچوونی لە ئاستی پێویست کەمترە، ئەویش ئەو تەرزە قسەیەی بۆ هەرس نەکراوە. ئەوەتا لە تەوەرەی شەشەم سەرنجی مامۆستا عەلی باپیر بۆ دیاردەیەکی زۆر باو ڕادەکێشێت، کە کە ئەویش دیاردەی خۆ هەڵدانە باوەشی ئیسلامیەکانە، لەلایەن نەتەوەپەرست و بەعسیەکانی عەرەب لە دوای شکستهێنانیان، کەچی مامۆستا عەلی باپیر سورە لەسەر ئەوەی، تەنها گوێ بۆخۆی ڕادێرێ، پاکانە بۆ ئەو ئیسلامیەتەی بەعسیەکان دەکات وبیانوویان بۆ دەهێنێتەوە.

کاک هاوژین عومەر دەپرسێت: " ئایا ئەمە ئیشکالێك دەرناخات سەبارەت بە نەتەوەپەرست و ڕەگەزپەرستە عەرەبەکان، دیاردەیەك هەیە لە جیهانی عەرەبییدا ، کە ئەوان دوای شکستیان، خۆیان هەڵداوەتە باوەشی ئیسلامییەکانەوە، خۆ پیشاندان بە سیمای ئیسلامییەوە بۆ ئەوەی ئێستا کە ڕەوتی ئیسلامی لە نەشونما دایە، ئەوان خۆیان ون کەن تیایاندا، یا عاتیفەی ئەو خەڵکانە بوروژێنن؟ ئەو ڕیشەش ئاماژەیەکی نهێنی بێت بۆ ئەوە؟

ڕەنگە شتی وا هەبێت، بەس کاک هاوژین لەوێ ئیسلامیبوون لە هەموو شتێ مەترسیدارتر بوو، لەوێ کەسێك سیمای ئیسلامی پێوەبا، یان بۆنی ئیسلامیبوونی لێهاتبا، ئەمریکیەکان لە هەموو کەس بە خەتەرتریان دەزانی، لەبەر ئەوە باوەڕناکەم کابرا لەوێ شتێکی وا بکات بە مەترسیدار بێتە بەرچاو.." ل ٢٩٢

٢٠٠٦/٨/١

## ٤

کەوابووئەو ڕیشەی سەددام و عەبد حەمود و ئەوانیتر، دەبێت هەقیقەت بێت بۆ فریودانی ئەو گۆڕەپانە ئیسلامییە غەوغائیە نەبێت، سەددام ئەو بەزمەی دیانەتبازیەی بەر لە ڕوخانیشی دەست پێکردبوو، فەرمانی ڕاشکاویش لە قیادەی بەعسیەکان هەیە لە پێش ڕووخان و پاش ڕووخانیش کە تا بۆیان بکرێ بە خیتابێکی ئیسلامی خەڵکی عێراق و جیهانی عەرەب بدوێن، سادەترین خوێندەوار ئەو هەقیقەتە دەزانێت، کەچی مامۆستا عەلی باپیر نکوڵی لێدەکات! بەڵکو ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، خەریکە ببێتە دیاردەیەك لە سەرتاسەری جیهان، هەتا ستالین بەو هەموو ئیلحادەوە، لە گەرمە گەرمی جەنگی دووەمی جیهانیدا دیانەتبازی ریاکارانەی دەکرد لەگەڵ کلێسای ڕووسی!

هەر لەو تەوەرەیە پاش ئەوەی مامۆستا عەلی باپیر لە وەڵامی پرسیارێکدا، سەبارەت بە یەک گەیشتنەوە لەگەڵ ئەو پیاوە بەعسیانەی سەرانی ڕژێمی پێشوودا، دەڵێت: "بەڵێ تێیاندا [سەرانی ڕژێمی پێشوو] هەیە حەزدەکەم ببینمەوە، کە بە پێویستیان نازانم ناوەکانیان بڵێم، لەوانەی کە پێموابوو زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری من، پێموایە دەتوانن سوود بگەیەنن، چونکە عەشایەر و خەڵکیان هەبووە... هەندێکیان هەبوو بانگی دەکرد: شێخ، من نازانم حیزبەکەت ناوی چییە، بەڵام کە بەربووم، دێمە ناو حزبەکەی جەنابتەوە، وتم باشە، با بزانین داخۆ چۆن دەبێت" ل ٢٩٦

هەڤپەیڤینکار، کاک هاوژین زەنگی مەترسی لێدەدات بۆ مامۆستا عەلی باپیر دەربارەی ئەو خۆشباوەڕیەی بەو بەعسیە کوڵاوانەی ناو سیاسەت و نیفاقبازی، و ئاکامی نێگەتیڤی ئەو جۆرە لێدوانانە، لەسەر سومعەی ئەمیر و کۆمەڵەکەی و ئیسلامیەکانی کوردستان بە گشتی، بەڵام ئەو هەر سوور دەبێت لەسەر هەڵوێستەکەی، ئەو شێلگیریەی مامۆستا عەلیش زیاتر گوزارشت لە بڕوا نەبوون بە ڕاوێژ و ڕاپەسندی دەکات. پرسیارەکە دەڵێت: " مامۆستا ئامادەییت تێدایە بیانبینیت دوای ئازادبوونیان؟ هاوڕێیەتیان لەگەڵ دروست دەکەیت؟ هەروەها وەکو بەڵێنیان داوە، ئەگەر ئامادەییان دەربڕی لەناو کۆمەڵی ئیسلامییدا کاربکەن، ئامادەیتان دەبێ وەریان بگرن؟ ئەگەر ئەوە گونجاو شتەکە سەری گرت، پێتان وانییە کاریگەری بۆ سومعەی جەنابتان و بۆ سومعەی کۆمەڵی ئیسلامیدا دەبێت؟

وەڵام: وەڵلا من پێموایە خەڵك دەبێ شانازی بەوەوە بکات، کە کۆمەڵی ئیسلامی بتوانێ خەڵکێکی حزبی بەعس مێشك بشواتەوە، و لە چڵك و چەپەڵی بەعسیایەتی پاکی بکاتەوە و بە ئیسلام پڕی کاو و بیکاتە ئەندامێکی بە کەڵك بۆ کۆمەڵگە، دەبێ خەڵك شانازی بەوەوە

بکات، ئێمە کاریگەری وامان بێت، تا ئێستا  هەر ئەوان خەڵکیان لە ئێمە کوشتووە، یان هەڵخەڵەتاندووە، یان کردوویانن بە سیخوڕ، ئێمە بتوانین ئەوان بەڕاستە شەقامی ئیسلامدا بێنین و وایان لێ بکەین دان بەو مافانەی ئێمەدا بنێن کە شەریعەتی خوای دادگەر پێی داوین، ئەوە بۆ میللەتی کورد دەبێتە خاڵی هێز، بۆ میللەتەکەشمان و بۆ کاری ئیسلامیش دەبێتە خاڵی هێز.

کابرا تا دوێنێ بەعسی بووە و تا دوێنێ میللەتی کوردی بەوە زانیوە کە هاوڵاتی پلە دوو و سێ بووە و ئێستا دان بەوەدا بنێ کە کورد قەوارەی هەبێ و بوونی هەبێ، چونکە من لەو بارەوە قسەم لەگەڵدا کردوون، واتە ئەو کەسە کە بە مەنهەجی ئیسلام ڕازی بێ، دەبێ بە هەموو ئەو شتانە ڕازی بێت کە ئیسلام بڕیاری لەسەر دەدات، نا، من گوێ نادەمە ئەوە، چونکە ئەو مرۆڤانەی کە لەسەر زەویدان خوای پەروەردگار هەموویانی بۆ بەندایەتی خۆی دروست کردووە، ئێمەش هەتا بتوانین مرۆڤێکی لار ڕاست بکەینەوە و بیکەینە بەندەیەکی باشی خوا، بە کەڵکی خۆشی و وڵاتەکەشی بێت، بێگومان ئەوە خاڵی بە هێزە بۆ ئێمە، خاڵی لاوازی نییە تا پێمان شەرم  بێت"!!!

جارێ دەبێ لە مامۆستا عەلی باپیر مسۆگەر و مەعلوم بێت کە هیچ کوردێکی دڵسۆز بە عەلمانی و ئیسلامییەوە شانازی بەوە ناکات، چەند بەعسیەکی دۆڕاوی مێژوو بێنە سەر ڕێگای ئیسلام، ئەگەرچی من لە بنەڕەتدا گوومانم هەیە ئەو دەعبا دڕندانە ببنە [ئەندامێکی بە کەڵک بۆ کۆمەڵگە] ئینجا پێمان ناڵێی تازە سوودی چییە لەوپەڕی زەلیلیان دان بە مافەکانی کورد بێنن؟! خۆ وەك خۆت دەڵێی " تا ئێستا  هەر ئەوان خەڵکیان لە ئێمە کوشتووە، یان هەڵخەڵەتاندووە، یان کردوویانن بە سیخوڕ" ئێستا کە خوا ئەمریکای موسەخەر کرد بۆ ڕووخانی ئەو ڕژێمە دڕەندەیە، و هەموویانی وەك کەو لە قەفەس کرد و زەلیل و شاربەدەر و وڵاتبەدەر بوون، ئێستا دەتەوێ  دڵمان خۆش بێت کە دان بە مافەکانی کورد بنێن؟! ئەوە چ خاڵێکی بەهێزە بۆ میللەتی کورد یان کاری ئیسلامی؟!

ئینجا زەمانەتی ئەو قسانە چییە هەتا ئەگەر واشبێت، و سوودی هەبێت؟! دەڵێی " چونکە لەو بارەوە قسەم لەگەڵدا کردوون"!! ئەو بەعسە لە لوتکەی دەسەڵاتیان ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتیان لەسەر تەلەفزیۆن دەدڕاند، ئێستا پەیوەستی قسەیەکی ناو زیندان و ئەوپەڕی لاوازیان دەبن؟! باوەڕیش ناکەم تۆشیان قەناعەت پێکردبێت کە دەگەڕێنەوە سەر حوکم. مامۆستا گیان کە دەشڵێی " من گوێ نادەمە ئەوە، چونکە ئەو مرۆڤانەی کە لەسەر زەویدان خوای پەروەردگار هەموویانی بۆ بەندایەتی خۆی دروست کردووە، ئێمەش هەتا بتوانین مرۆڤێکی لار ڕاست بکەینەوە و بیکەینە بەندەیەکی باشی خوا، بە کەڵکی خۆشی و وڵاتەکەشی بێت"

کەس ڕێگای هیدایەتی شەیتانێکی لە وەزنی سەدامیش نەگرتووە، بەڵام تۆ وەك تاکە کەسێك ئەو بڕیارە نادەیت، دەبێ ڕەچاوی بیروڕای کۆمەڵیش بکەیت بە قیادە و بنکەوە، تۆ شێخێکی موتەسەویف و تەنها و گەڕیدە نیت  بە توێشوویەکەوە، یەکێك گوێ بە شتێك نادات کە تەنها خۆی بەرپرسیار بێت بەرامبەر بڕیار و لێدوانەکانی، چونکە هەر لێدوانێك و ڕەفتارێکی تۆ لەسەر هەموو کۆمەڵی ئیسلامی حسێبە، کە بەو دواییە وا بە چاکی باسی یرۆرست و مرۆڤکوژێکی وەك زەرقاوی دەکەیت، من باوەڕناکەم هیچ یەکێك لە قیادە و قاعیدەی کۆمەڵ شانازی بە زەرقاوی، یان گەڕانەوەی ئەو  بۆرە بەعسیانە بکات، یان ڕازی بێت، بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بەعسیانە، یان بە دیتنی پێشمەرگەیەکی بەعسی ئیسلامی لە ڕێزەکانی کۆمەڵ!!

ڕاستە وەک دەڵێیت: " ئەو مرۆڤانەی کە لەسەر زەویدان خوای پەروەردگار هەموویانی بۆ بەندایەتی خۆی دروست کردووە" بەڵام ئەگەر ڕەحم و بەزایی خوا هێندە بێت، تەحەمولی گەڕانەوەی ئەو بەعسیە دڕندە و نامرۆڤ و خوا نەناسانە بکات، لەگەڵ ئەو هەموو ملیۆنەها تاوانانەی کە ئەنجامیان داوە، لە دژی گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی و بە خەستی، ئەوە ماقوڵ نییە داوا لە کورد بکەیت شانازی بکەن بەو دڕندانە، ئەگەر لەسەر دەستی جەنابت تۆبەیەکیان کرد، نەك ئەوە بەڵکو ئەگەر بەرماڵیان بە ئاسماندا سوڕایەوە.

هەر تاکێکی کورد وەك موسڵمانێکی کورد، ئامادە نییە لە بەهەشتیش لەگەڵ ئەوانە کۆببێتەوە، بێگومان ئەگەر خوانەخواستە لەوێ بوون، کوردیش لەوێ بوون، ئەوە دڵنیام تەنازول دەکەن بۆ پلەیەکی کەمتر لە بەهەشت، ئەگەر دۆزەخیش پەسند نەکەن، تەنها بۆ ئەوەی ئەو تاوانبارانە نەبینن، چونکە دیتنی ئەوان هەڵەبجە و ئەنفال و گوندە ڕوخاوەکان و گۆڕە بە کۆمەڵەکانمان بیر دەخاتەوە، بە تایبەتی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵەی منداڵانی کورد کە لە موسڵ دۆزرایەوە، پڕی بوو لە بووکەڵە و یاری لە تێل دروستکراوی هەرزانبەهای منداڵە بێ نازەکانی کورد! ئەو گۆڕە بەسە بۆ من و هەر کوردێکی دڵسۆز، ئەگەر تەنازولیش بکەم لە بەهەشتەوە بۆ دۆزەخ، تا ئەو بەعسییە نامرۆڤانە نەبینین!

چۆن دەکرێ یەکێك خاوەنی ئەو هەموو مەرگەساتە بێت بە دەستی ئەو پیاوانە، کەچی وا لەوپەڕی نەرمونیانی و ڕێزەوە، هەڵسوکەویان لە گەڵدا بکات، یەکێکی وەك عەلی حەسەن مجیدی کیمیاوی، لە چوار شوێندا مامۆستا عەلی باپیر بە [ئەبو حەسەن] بانگی دەکات، کونیەش لای عەرەب بۆ ئەوپەڕی ڕێزە!

# سەتتام ئەلگەعود، سطام الكعود پیاوەکەی ماڵباتی سەدام!

لە هەمووی سەیرتر مامۆستا عەلی باپیر زۆر بەرگریەکی سەیر لە [سەتتام ئەلگەعود] دەکات، هەر جارەی ناوی بێنێت، بە شێوەیەکی تۆماتیکی دەڵێ بەعسیش نەبوو، بۆ نمونە: " دکتۆر سەتتام ئەلگەعود، ئەوکە هەر بەعسیش نەبوو، رجل اعمال بوو، زۆر دۆستیشم بوو، پیاوێکی بەڕێز بوو.." ل ١٤٣

" هەروەها دکتۆر سەتتام ئەلگەعود کە ئەو بەعسی نەبوو، ئەوە هەر تۆمەتبار کرابوو..." ل ٢١٨ -٢١٩. ئەو لە زۆر شوێنیتر بەرگریەکی ڕاستەوخۆ لەو پیاوە دەکات، گوایە بەعسی نەبووە، تەنها پەیوەندی هەبووە بە ڕژێمی پێشوو! دەڵێم بە داخەوە کە مامۆستا عەلی باپیر، بەبێ ئەوەی ئەو کابرایە بەعسییە بناسێ بەرگری لێ دەکات، بەعسی نەبوونی سەتتام ئەلگەعود، کابرایەکم بیر دێنیتەوە کە بەوپەڕی چالاکیەوە بۆ حزبێك کاری دەکرد، بەڵام لە هەموو کۆڕ و بە یەك گەیشتنێك دەڵێت: وەڵڵاهی من حزبی فلان نیم، دەڵێم ئەگەر حزبی و بەعسی نەبوون وەك ئەوەی سەتتام ئەلگەعود بێت، ئەوە کەس حزبی و بەعسی نییە!

سەتتام ئەلگەعود ملیۆنێر و بزنسمانی خانەوادەی سەرۆکی پێشوو و کوڕەکانیەتی، بازرگانی چەکی عێراق بوو تا دوارۆژ بە نهێنی و ئاشکرا چەکی بۆ ڕژێم دەکڕی، و ئیمپراتۆریەتی دراوی سەدام و خانەوادەکەی هەڵدەسوڕێنێت. بەڵکو هەندێك لە ڕاپۆرتەکان دووپاتی دەکەنەوە کەوا سەتتام ئەلگەعود، ئەلقەی پەیوەندی دراوی نێوان حکومەتی عێراق و وەزارەتەکانی بوو لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکیەکان.

بێگومان کەس گوێی لە ناوی سەتتام ئەلگەعود نەدەبوو بەر لە ڕووخانی ڕژێم، چونکە تەنها بورغیەکی بێ ئەرزشی ئەو مەکینە زەبەلاحەی ڕژێم بوو، بەڵام هەر لە پاش ڕووخانی ڕژێمی گۆڕ بە گۆڕ، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە سەتتام ئەلگەعود لە ٢٠٠٣/٤/١١ یەکەم خۆپیشاندانی ساز کرد لە ڕومادی، دوایی لە ٢٠٠٣/٤/١٥ لە گۆڕەپانی فیردەوس، و ئینجا لە ٢٠٠٣/٤/١٧ لە مەنسوڕ خۆپیشاندانی ساز کرد لە دژی داگیرکردنی عێراق، ئینجا هەر لەو ڕۆژگارە [بەرەی نیشتیمانی ڕۆشنبیرانی عێراق] ی دامەزراند کە تەنها واجیهەیەك بوو بۆ ئەو بەعسیانەی کە بە ڕووخانی ڕژێم زەرەرمەند ببوون!

تا لە ٢٠٠٣/٤/٢٢ لەلایەن ئەمریکیەکان دەستگیر کرا. لە پاش ئازادکردنی سەتتام ئەلگەعود یەکەم شت کە کردی سەردانی خانەوادەی سەدام بوو، بە پێی دەیەها ڕۆژنامە و سایتی عەرەبی و عێراقی، لەو هەواڵە دا هاتووە کەوا سەتتام ئەلگەعود پەیمانی بە خانەوادەی سەدام

داوە، کە نەهێڵێت بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام دەربچێت، و بەرەو دەرەوەی عێراق دەری بکات، هەروەها هەڵمەتێکی بەرفراوانی سیاسی و میدیایی و سەربازی بگرێتە بەر، بۆ ئەو مەبەستە، وتی ئەو هەوڵانەش تەنها بەشێکی بچووکی ئەو قەرزانەی سەدامە لە گەردەنیدا!

هەر لە ڕۆژی ٢٠٠١/١/٨ لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ تەلەفزیۆنی [العربیة] سەتتام ئەلگەعود لە وەڵامی پرسیارێکی سەعد سیلاوی پێشکەشکار گووتی: من گومانم لە شەرەفی هەر عەرەبێك هەیە ئەگەر ڕێزی بەڕێز سەدام حسێنی سەرۆکی عێراقی لا نەبێت!!" العربیة ٢٠٠٦/١/٨.

هەروەها لە ٢٠٠٦/٢/٢٠ لە ڕۆژنامەی الشرق الاوسط دەڵێت: " بەشداریم کردووە لە قاچاغچیەتی بە نەوتی عێراقی و لە پێناو کڕینی دەرمان و خواردەمەنی!! لە کاتێکدا هەمووکەس دەزانێت کە ئەو پارەیە لە تەهریبی نەوت دەست دەکەوت بۆ عودەی و خانەوادەی سەدام بوو. ئەگەر ئەو هەموو خزمەتە بە ڕژێمی بەعس مرۆڤ نەکاتە بەعسی، ئەی بەچی مرۆڤ دەبێتە بەعسی؟! تەنها بە ئیمزایەك؟! خۆ ملیۆنەها کەس ئیمزای بۆ بەعس کردبوو، بەڵام دڵسۆزترینیان بە قەد سەتتام ئەلگەعود خزمەتی ڕژێمی بەعسیان نەکردووە. ئەوانەی بەو شێوەیە خزمەتی حزبێك دەکەن، زۆر گێلن گەر وابزانن لەسەر ئەو حزبە حسێب نابن هەر لەبەرئەوەی ئیمزایان نەکردوە بە ڕەسمی!

سەتتام ئەلگەعود لەوەتی بەربووە، بە پێچەوانەی ئەو قسەیەی مامۆستا عەلی باپیر بۆی دەگێڕێتەوە " ئەگەر بەربم، زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم کورد مافی خۆیەتی فیدراڵی بوێت، و دەوڵەتی سەربەخۆی بوێت، مافی خۆیەتی، میللەتێکە وەکو باقی ئەم میللەتانە" ل ٢٤٨. لە دوور و نزیك باسی کورد و کێشەی کورد ناکات، دەترسم تۆبە و دینداریەکانیشیان هەر لە ترسی زیندان و مەرگ بوو بێت! هەرچۆنێکی بێت هەر هێندەیان لێ چاوەڕێ دەکرێت، مامۆستا عەلی باپیر لە وەسفی ئەو بەعسیەدا دەڵێت: " پیاوێکی بە شەخسیەت و بە تواناش بوو" ل ٢٤٨

من بڕوا ناکەم یەکێك بەو جۆرە تەقدیسی سەدام بکات و هەڵگری ئەو سیفەتانەش بێت، ئاخر خۆی سەدامی و دروستکراوێکی سەدامییە! تەنها توانایەکیش هەیبێت توانای مالییە، ئەویش هەمووی لە سایەی ڕژێمی عێراق وەلی نیعمەتەکەی پێکی وەناوە. بەڕاستی من گومانم لە شەرەفی ئەو بەعسیە هەیە، چونکە گومان لە شەرەفی هەر یەکێك دەکات ڕێزی سەدامی لا نەبێت!

# ٥

## عیبادات و کەڕامات و شورا

ئەوەی سەرنجمدا لەو کتێبەی مامۆستا عەلی باپیر، زۆر بە درێژی باسی هەموو عیبادەتەکانی تێدا کردووە، کە ئەوەش بێگومان لە ئەدەبیات و عورفی ئیسلامەتیدا چاک نییە، مرۆڤ زۆر بە تەفسیل باسی عیبادەتەکانی بکات " ڕۆژی وا هەبوو نیوەی قورئان، واتە بە دوو ڕۆژ جارێك، بەڵکو ڕۆژی وا هەبوو کە نزیك دەکەوتەوە لەوەی قورئان هەمووی خەتم بکەم. ئەگەر کەمم خوێندبا، بە سێ ڕۆژ، بە چوار ڕۆژ جارێ قورئانم خەتم دەکرد... دەتوانم بڵێم ئەو ماوەیەی لەوێ بووم سەد وچل جار خەتمم کردوە، دیارە، دیارە دوایی کە دەستم کرد بە نووسین و موتالەعە وئەوانە، ئەندازەی خوێندنی قورئان کەمبوەوە، بەڵام سەد جاری زیاتر لە نوێژ، لە نوێژی فەرز وسونەتدا، لە نوێژی شەو ڕۆژ قورئانم دەخوێند، ، ئەوەی دیکەشی چل جارێك یا کەمتر لە چل جار لە موسحەفدا دەمخوێند.." ل ٣٠٣

"مانگی یەکەم نەمتوانی بەڕۆژوو بم، لەبەر ئەوەی شوێنەواری نارەحەتی و نەخۆشی و ئەوانە لە بەدەنمدا مابوو، نەمتوانی بە ڕۆژوو بم، دوای نزیکەی مانگێ توانیم، ئیدی پێنج شەممە و دوو شەممە بە ڕۆژوو دەبووم، هەندێك جاریش دە ڕۆژ لەسەر یەك، جار هەبوو نۆزدە ڕۆژ لەسەر یەك بە ڕۆژوو دەبووم، بەڵام حەوت مانگی کۆتایی، واتە حەو مانگی پێش ڕزگار بوونم، نزیکەی هەموو لەسەریەك بە ڕۆژوو بووم، ئینجا سەرجەم و کۆی گشتی بە هەردوو مانگی ڕەمەزانەوە کە لەوێ گرتمن، زیاتر لە نیوەی ئەو ڕۆژانە کە لەوێ بووم، بەڕۆژوو بووم، من هەمووی شەش سەد و شەست ڕۆژ مامەوە، بەو شەوەشەوە کە لە بەغدا مامەوە، لە کاتی بردنمەوە تا کاتی هاتنەوە، نێوەی زیاتر بە ڕۆژوو بووم" ل ٣٠٧

من خوانەخواستە گومانم لە هیچ یەکێك لەو قسانەی مامۆستا عەلی باپیر نییە، بەڵام باسکردنی بەو درێژدادڕیە و ژماردنی، زیاتر کاری فریشتەکانی سەرشانە، و ئەگەر بۆ تۆمارکردنی یادگاریش بێت چاك نییە، نەوەك بچێتە خانەی ڕیایی و شتی تر، کە لە وانەیە هەموو عیبادەتەکە بەتاڵ کاتەوە. ئەوانە لە چاو باسکردنی هەندێ کەرامات هەر هیچ نین، چونکە پیاوچاکان بە درێژایی مێژوو زەمی ئەوانەیان کردووە، کە باسی عیبادات و کەراماتی خۆیان کردووە، وتوویانە کە پیاوچاکان بە کەرامات دڵخۆش نابن و چاوەڕوانی ناکەن، ژیانیان لەسەر بنچینەی ترس لە خوا و ئاواتی قبوڵکردنی کردەوەکانیان بنیات دەنێن، و هەردەم دەیانگووت:

ئیستیقامەت چاکترە لە هەزار کەرامەت. وابزانم حەزرەتی شافیعی دەڵێت: " دەبێت خاوەن کەڕامات وەك چۆن ئافرەت پەڕۆی بێ نوێژی خۆی دەشارێتەوە، وا کەڕاماتی بشارێتەوە!!"

شێخێکیتر دەڵێت: [لیست الکرامة من لوازم المنزلة و علو الدرجة، مشی قوم فوق البحار، و مات عطشا من هو افضل منهم و اقوی ایمانا] واتە: کەڕامات لە پێویستیەکانی پلە وپایەی بەرز نییە لا خوا، خەڵکانێك لەسەر دەریاکان دەڕۆیشتن، کەچی کەسانێکی لەوان چاکتر و باوەڕ بەهێزتر لەبەر تینوویی مردن!
بەڕاستی من حەزم نەدەکرد لەسەر ئەو بابەتە قسەم کردبا، چونکە بواری من نییە، نە حەزم بە کەراماتە و نە هێندە باوەڕم پێی هەیە، نە حەز بە باس وخوازیشی دەکەم. لێرەدا باسی چەند نموونەیەك لەو کەڕاماتانەی مامۆستا عەلی باپیر دەکەین کە خۆی باسی کردوە لەو کتێبەی [ئەشکەنجە وزیندان]:

# خەونە ناوازەکانی مامۆستا عەلی باپیر

لە یادەوریەکانی عەلی باپیر لە کتێبی: چەند مەڵۆیەك لە خەرمانی تەمەنم/ بیرەوەرییەکانم چاپی ٢٠١٤، ناوی چاپخانەی لەسەر نییە. لە ل ١٠١ وە تا ١١٠ لە ژێر ناونیشانی باسێك لەبارەی خەونەوە، بە دوور و درێژی باسی دیاردەی بینینی خەونەکانی دەکات، لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە، کە تەنها ڕێخۆشکردنێکە بۆ پاکانەکردنی خەونە سەیروسەمەرەکانی! گوایە ئەو کتێبە کتێبی یادگاریشە! لە سەرەتادا بەرگرییەکی شەرمنانە لە خۆی دەکات دوایی دێ بە درێژی باسی خەون بینین دەکات بەپێی قورئان وسونەت وشەرع و دین![2]

هەروەها عەلی باپیر تەنها بە خەونەکانی خۆی بەس ناکات، بەڵکو لە زۆر کتێب و وتاریدا پشت بە خەونی خەڵک و دۆستانی خۆی دەبەستێ!بۆ نموونە لە کتێبی: الإسلام کما یتجلی في کتاب الله، الکتاب الاول، ل ١٥، دەڵێ کاتێ لە زیندان بەربووم، لە مانگی پێنجی ٢٠٠٥ برایەك لە ئەهلی عیلم هاتە لام گووتی لە شەوی ٥ -٦ /٥/٢٠٠٥ لە خەوما هاتبووم بۆلات بۆ پیرۆزبای کردن بۆ ئازاد بوونت، پێغەمبەرم دی لە خەونەکە بۆ هەمان بۆنە هاتبوو بۆلات، واتە بۆ پیرۆزبایی ئازادبوونت، هەروەها لە نێو ئەو قسانەی کە کردنی پێغەمبەر گووتی: زۆر شادومان بووین بە نووسینەکانت، کارتۆنێکی بە دەستی ڕاست هەڵگرتبوو، فەرمووی بە ئاماژە بۆ کارتۆنەکە، ئەوە ئەو کتێبەیە کە لە زیندان نووسیبووت! کاتێ کارتۆنەکەم هێنا کە لە زیندان دەستنووسەکانمی هەڵگرتبوو، نیشانی کابرام دا، گووتی ئەوە هەمان کارتۆنی دەستی پێغەمبەر بووا! دەڵێ زۆر دڵخۆشم کە پێغەمبەر ستایشی ئەو کتێبەی کرد لە خەونی ئەو برایە!

---

[2] https://www.kurdipedia.org/files/books/2016/133235.PDF?ver=131783903590000000

عەلی باپیر زیندانی ناو خەون و ئیگۆمانیا

هەندێك لەو شتانەی عەلی باپیر باسیان دەكات گەر ڕاستیش بن بگێڕدرێنەوە، هەندێکیشیان لەوانەیە پێویستی گێڕانەوەی ڕووداوەکان وایان فەرز کردبێت بگێڕدرێنەوە، وەك دابەزینی حاڵەتی ئارامی سەکینە لە کاتی نارەحەتی و ئەشکەنجەداندا، بەڵام هەندێکی تریان نەدەبوایە باسبکرێن بەو جۆرە، وەك ئەو پڕتەقاڵەی کە مامۆستا عەلی باپیر پێیوایە، خودا وەك کەرامەت بۆی ناردووە، یان دڵی کافرێکی نەرمکردووە، لەو بارەیەوە دەڵێت:

"جا ڕۆژێك من پاسەوانێکم بینی  ئەو پڕتەقاڵەی پێبوو، تۆزێک دڵم بۆی چوو، ئەو ڕۆژە بە ڕۆژووش بووم، دوایی هاتمەوە ژووری، تۆزێك خەوتم، ڕۆژ بوو دوایی خەبەرم بوەوە، پڕتەقاڵێکی گەورە لەسەر قەراخی پەنجەرە تەختەکە دانرابوو، من وامزانی پڕتەقالیان بەسەر دابەش کردووین، دوایی لێم پرسین وتم: ئەری ئێوەش پڕتەقاڵیان دانێ؟! وتیان: پڕتەقاڵی چی؟ نەوەڵلا کەس وەری نەگرتووە بۆ؟ وتم: وەڵلا پڕتەقالێکیان لەسەر پەنجەرەکەی من داناوە، بەهەرحاڵ خوای پەروەردگار، دڵی یەکێ لەو کافرانەی نەرمکردووە! یانخۆی لە ڕێی فریشتەیەکەوە پڕتەقاڵێکی تایبەتی لەوێ داناوە، بۆ خوای پەروەردگار هەموو شتێ ئاسانە" ل ٣١١-٣١٢
ئینجا خەونی ئەو دوو مەلائیکەتەی کە " یەك سەتڵ نووریان پێدا کردم "خەوی دیکەشم دەبینی بە ماڵەوە، یان بە هاوزیندانەکانەوە، ئەگەر یەکێکیان نوێژی نەکردبا، ئەو بەیانییە دەهاتە خەونم و دەیان گووت فلان کەس نوێژی نەکردووە" یان ئەگەر ڕەشەبا و گەردەلولێك سبەینێ هەڵیکردبا، یان دووسبەی، پێشتر پێشانیان دەدام، یان مەحکەمە کردنەکەم، پێش ئەوەی دادگاییم بکەن، لە خەومدا پێشانیان دەدام، کە ئەو دادگاییە دەبێت، هەروەها زۆر شتی دیکە پێشتر بە خەون پیشانیان دەدام، کە ئەوە دەبێ، یان جاری وا هەبوو دەخرایە دڵمەوە کە ئەو شتە دەبێت، فیعلەن بەو شێوەیە دەبوو، ئەوە بەشێك بوو لەوانەی بگونجێت باسی بکەین." ل ٣٣٢- ٣٣٣ ئەگەر ئەو کەراماتانە هی باسکردن بن، دەبێ ئەوانەی هی باسکردن نەبن چۆن بن؟!

لە هەمووی سەرنج ڕاکێشتر لەو کەراماتانە، خەون بینینی عەلی باپیر بوو بەو برادەرانەی کۆمەڵ کە نوێژیان دەچووا کە ئەوە سەرەڕای ئیحراجیەکی زۆر، بێگومان ئامرازێکە بۆ کۆنترۆلکردنی ئەندامان لە لایەنی جەستەیی و ڕۆحییەوە، هەتا ئەو نهێنیانەی کە لە نێوان خۆیان و خواشیان ڕوو دەدات بۆ ئەمیرەکەیان کەشفی حیجابیان دەکرێت.

# لە دایك بوونی عەلی باپیر بە براگەورەیی!

بەڕای من ئەو خەونانە هێما و دەلالەتێکی زۆر هەڵدەگرن، ئەگەر گوزارش لە شتێك بکەن، ئەوە گوزارش لەو ڕووحیەتە ڕەهبەرییەی مامۆستا عەلی باپیر دەکات کە دەڵێت لە ڕۆژگاری منداڵیەوە ڕۆڵی براگەورە و ڕدێن سپیاتی بینیوە، خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەمجا خوای گەورەش ***بارەکەی بۆ من وا هەڵخستووە***، هەر کە گچکەش بووم، منداڵیش بووم، لە گەڕەکێ کە تیپی تۆپێنەیان پێکدەهێنا، منیان دەکردە براگەورە، هەر کە پێشڕا گەیشتووم، ئەوە برای وەکو مامۆستا حەسەن بابەکر، کە بە تەمەن لە من گەورەتر بووە، لە گەڵیاندا بووم، خوای گەورە ***بارەکەی بۆ من وا هەڵخستووە***، کە من ئەوان ئاڕاستەکەم و ئەوانە، ئەو برایانە کە لە من گەورەتر بوون، ڕەنگە لە منیش شارەزاتر بووبن، بەڵام بەهەرحاڵ خوای بەرز ***بارەکەی وا بۆ من هەڵخستبوو***، واتە لە سەرەتاوە وەزعەکەم وابووە، زیاتر ڕۆڵی براگەورەیی و ئاڕاستەکار و ئەوانە ببینم.." ل ١٠٢ – ١٠٣

وادیارە ئەو ئیگۆزلە و نەزعەی براگەورەییە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر نەشونمای کردووە، بۆیە خۆی هێندە لێ گەورە دەبێت، تا ئەو ڕادەیەی سوکە تەوهینێکیش بە سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات، هەروەك لەو دەقەی پێشوو ناوی کەسانێکیشی هێنا، بەڵام دوایی لەوەش تێدەپەڕێنێت کاتێك داوا لە سەرکردایەتی کۆمەڵ دەکات، بۆ ئاستی ئەو واتە ئاستی مامۆستا عەلی باپیر بەرزبنەوە و قسەی ئەو ئیجرا بکەن، نەك ئەوان علی باپیر دابەزێنن بۆ ئاستی خۆیان!! نەك ئەوە بەڵکو بە سەریحی عیبارەت دەڵێت: " من وام هەستکردووە کە کۆمەڵی ئیسلامی بە هی خۆم دەزانم ... هەمووی یەکە و منیش هی هەموویم، و هەمووشی بەهی خۆم دەزانم، و لە خزمەتی هەمووشیدام تا هەبم، و تا کۆمەڵی ئیسلامی من بە چاوساخ و ئەمیری خۆی بزانێت..." ل ٣٦٠. یانی خزمەتی مامۆستا عەلی باپیر بەوان شەرتێکی موتەلازیمە لەگەڵ بە براگەورە ناسینی لەلایەن کۆمەڵەوە، چونکە کۆمەڵ بە هی خۆی دەزانێت، چونکە خوای گەورە ***بارەکەی وا بۆ هەڵخستووە***!

ئەوە لە کاتێکدا هەموو دنیا بەرەو دامەزراوەیی و حوکمی دامەزراوەیی هەنگاو دەنێن، زۆربەی حزبەکانی ناوچە لە شەرمی گۆڕانکارییە ڕیگوڕیشەییەکان لە بواری سیاسەت و کاری بەڕێوەبردنی حزبی ، دەیانەوێت هەڵبژاردنی ناوخۆیی حیزبی بکەن، بڕیار بکەنە ئەرکێکی بە کۆمەڵ ، کەچی تازە بە تازە مامۆستا عەلی باپیر، دەیەوێت ئەوەی بیڵێت کەس نەڵێت لەل، نارەزایی و گفتوگۆی لەگەڵ نەکات، چونکە بە قەولی خۆی "ئەو دەبێت شتێکی لەوان زیاتر بێت، بۆیە کراوەتە ئەمیر، نەك لەبەر ئەوەی ئەوان ئەویان بە ئەمیر هەڵبژاردووە!

عەلی باپیر زیندانی ناو خەون و ئیگۆمانیا

لەو بارەیەوە دەڵێت: " لەبەر ئەوە ئێمە زۆر گرنگیمان بە ڕاوێژ و بە شورا و بە پرسوڕا بەیەکترکردن و بەیەکتر ئیقناعکردن و ئەوانە داوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە، من دەمەوێ شتێ کە لە قۆناغ و هەلومەرجێکی نائاساییدا شل کراوەتەوە، توندی بکەمەوە... بەڵام واش چاوەڕێ ناکەم هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئاستی بەندەدا بن، چونکە وەکو جارێك پێیانم گووت: ئەگەر هەرچی من دەیڵێم و لە توانامدا هەیە، ئێوەش لە تواناتاندا بێت، و ئێوەش وا بڵێن بەو شێوەیە بن، ئەی بۆچی من برا گەورەتانم؟ دیارە دەبێ من هێندێ شتی زیادەم پێبێ، جا دەبێ سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی هەوڵ بدات خۆی بێنێتە ئاستی من، نەك من نزم کاتەوە بۆ ئاستی خۆی" !! ل ٣٦٠-٣٦١.

بڵێی مامۆستا عەلی باپیر ئاستی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی هێندە پێ نزم بێت، شەرمی پێبێت، جارێك لە ڕایەك لە ڕایەکانی پەشیمان بێتەوە، و دابەزێت بۆ ئاستی ئەوان؟! سەرکردایەتی لاواز و نزم – لەگەڵ ڕیزم بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی – مەتڵەبی هەموو دیکتاتۆر و ڕاپەسەندێکە، چونکە ئەوانە هەردەم خۆیان بەوانە دەورە دەدەن، کە توانای گفتوگۆکردن و بیرکردنەوە و داهێنانیان نییە.

## ٦

# عەلی باپیر دەڵێت خودی پێغەمبەریش پشتگیریم دەکات!

کارەکە بەوە ناوەستێت کە ئەمیر [هێندێ شتی زیادەی پێیە] بەڵکو شەرعیەت دەداتە ئەو تاك ڕەوییە بە [ فەرموودەیەکی پێغەمبەر!!] کە نە لە بوخاری وموسلیم دا هاتووە، نە هەتا لە [كنز العمال] و [اللآلئ المصنوعة في الأحاديث الموضوعة] دا هاتووە، بەڵکو لە خەونێکی پێغەمبەر [د.خ [پێیگووتوە، کە ڕازییە بەو ڕاپەسەندییەی عەلی باپیر، لەکاتێکدا پێغەمبەر خۆی پرس و ڕایەکی زۆری بە هاوەڵانی دەکرد، [ما رآيت احدا اكثر مشورة لاصحابه من رسول الله] [کەسم نەدیوە لە پێغەمبەر زیاتر ڕاوێژ بە هاوەڵانی بکات] رواه الترمذي.

گوێبگرە بۆ ئەو [فەرموودەیەی] مامۆستا عەلی باپیر دەڵێت: "ئەوە ڕەنگە ئامۆژگاری پێغەمبەریش [د.خ] بێ بۆ من کە فەرموویەتی: خوای پەروەردگار بە هۆی ئەو نارەحەتی و تاقیکردنەوانەوە تۆی گەورە کردووە، ئاگات لێ بێ خەڵکێك بچووکت نەکاتەوە" !!!." ل ٣٦٠-٣٦١

کەواتە با کۆمەڵی ئیسلامی بە قیادە و قاعیدەوە هەوڵبدات خۆی بێنێتە ئاستی ئەمیرەکەی، چونکە خوا و پێغەمبەریش، هاو سەنگەر و پشت وپەنای ئەون لەبەر ئەو هەموو " نارەحەتی و تاقیکردنەوانەوە" کە دووچاری هاتووە!

دیسان دەڵێت:

" لە ڕاستیشدا ئەوە یەکەم جاریشە ئەو تەعبیرە بەکار دێنم، من خۆم لە هیچ کەس بە زیاد نازانم، ڕەنگە لە هەمووان گوناهبارتر بم، چونکە بارم قورسترە، بەڵام بەڕاستی ئەوەش دەزانم کە من هێندێ شتم پێیە، خەڵك هەمووی پێ نییە، لە بواری فیکری و ڕووحی و ئیمانی و پشت بە خوا بەستن" ل ٣٦١

جارێ خەون ئەگەر بە پێغەمبەرەوەش ببینیت، کە دەڵێن ڕاستە، هیچ حوکمێکی شەرعی لەسەر بنیات نانرێت، ئەگەر ئەخباری [الاحاد] لەلای زۆربەی زانایانی ئومەتی ئیسلام کاری پێنەکرێت، تەنها لە کردەوەی چاك [فضائل الاعمال] نەبێت، ئەو ئاحادە هی پێغەمبەریش بێت، پێمناڵێ چۆن خەونی ئاحادی هەر کەسێک وەردەگیرێت؟! هەروەک گووتمان ئیدیعای دیتنی پێغەمبەر ڕاستیش بێت، هیچ حوکمێکی شەرعی لەسەر بنیات نانرێت، ئەی ئەگەر ئیدیعایەکە لە خەونی کەسێکەوە بێت بۆ خۆی؟!

عەلی باپیر زیندانی ناو خەون و ئیگۆمانیا

بەڕاستی ئەو ئیدیعایە شتێکی ترسناکە بۆ دوارۆژی کۆمەڵی ئیسلامی، و هەموو هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان، چونکە داب ونەرێتی تیوری تێۆکراسی و هەقی ئیلاهی زیندوو دەکاتەوە، ئەو تێڕوانینە هەمان تێڕوانینی [الاحكام السلطانية] ی سوڵتانەکانە، بەپێی ئەو تیۆرانە سوڵتان یان براگەورە، یان ئەمیر خاوەنی هەموو دەسەڵاتێکی دینی و دنیاییە، ئەو دەسەڵاتەشی لە خواوە پێدراوە [لە ڕێگای خەونێك بە پێغەمبەرەوە، لەو نموونەیە] ، ئەوە لەکاتێکدا خوا ئەمر بە پێغەمبەر دەکات کە ڕاوێژ بکات و پرس وڕا بە هاوەڵەکانی بکات : [وشاورهم في الامر، فاذا عزمت فتوكل على الله] ال عمران ١٥٩

ئەوە پێغەمبەرە و پشت ئەستوور بووە بە وەحی، پێی شەرم نەبووە سوود لە ڕای ئەعرابیەکی دەشتەکیش وەربگرێت، کەچی مامۆستا عەلی باپیر داوا دەکات لە کێ؟! لە قیادە، نەك قاعیدەی بەستەزمانی عەوام بەزاراوەی ئیسلامی سوڵتانی، بەرز بنەوە بۆ ئاستی بەرزی ئەو، نەك مامۆستا عەلی باپیر دابەزێن بۆ ئاستی نزمی خۆیان !!

بەڕاستی کەمێك تەوازووعی هەقیقی زۆ چاکترە لەو عوجب و خۆ بە گەورەزانیە و ڕاپەسندییە، چونکە هەموو قەولێك قابیلی گفتوگۆ و قبوڵ و ڕەتکردنەوەیە، ئەو پرسیارە بەناوبانگ گرنگە و بلیمەتەی هاوەڵانی پێغەمبەر لەبیر نەکەین، کە هەردەم لە پێغەمبەریان دەپرسی:" ا هوالوحي، ام الرأي و المشورة؟"

ئەوە چەند لایەنێك بوو لە کتێبەکەی مامۆستا عەلی باپیر، لەوانەیە شتی تریشی تێدا بن، هیوادارم بە سنگێکی فراوان لێم وەرگرێت، ئیتر بابەس بێت ئەوان هەر شتمان بۆ بنووسن، ئێمەش بەبێ بچووکترین لێکدانەوە وەریبگرین، ڕۆژی قائد الاوحد و قائد الملهم و قائد الضرورة بەسەرچووە... هیوادارم سوود لەو سەرنجانەم وەرگرێت.

٢٠٠٦/٨/٨

# ٧

## وەڵامی وەڵامێکی بائیسی دەرەوەی کۆنتێکست!

هەرچەندە چەندین برادەر ودۆستی نزیکم پێیان چاکتر بوو، وەڵامی ئەو نوسینە نەدەمەوە کە لە ژێر ناونیشانی (لە پشت پەردەی ڕەشەوە سەیرکردن، یان خوێندنەوەی فیکری مامۆستا عەلی باپیر) کە لە هەردوو ژمارەی ٢٥٣ و ٢٥٤ هەفتەنامەی میدیا بڵاوکرایەوە. بەڵام لەبەر چەند هۆیەک بڕیارمدا وەڵامی دەمەوە:

یەکەم: ئەو وتارە هەرچەندە لە زۆربەی باسەکانی وتارە ڕەخنەییەکەی من ڕایکردوە، بەڵام لەو ڕێیەوە تووشی ساتمەی زۆر گەورە بوە، وچەندین مەفهومە غەڵەت وسەقەتی ئیسلامی وگروپە ئیسلامیەکانی خستۆتە ڕوو.

دووەم: من باوەڕ ناکەم ئەو وەڵامە بەبێ ئاگاداری مامۆستا عەلی باپیر نووسرابێت، لە سۆنگەی ئەوەوە کە ناوبراو (عەبدوڵڵا ڕسول) وەك زانیومە ئەندامێکی حیمایەی مامۆستایە، وئەگەر بە لاشەش بێت زۆر لێی نزیکە، دەبێت مامۆستا ئاگاداری ناوەرۆکیشی بوبێت!

سێیەم: بۆ ئەوەی نەوەک کەسانێکی ساویلکە، وگۆشکراو بەو جۆرە خیتابە توندڕۆ وبازاڕییە، وا تێبگەن ئەو وڕێنانەی لە نوسینی ناوبراودا هاتوە قابیلی وەڵامدانەوە نین. چونکە چینێکی بەرفراوان لەناو حزب وگرووپە ئیسلامیەکان، کاتێک شتێک دەنوسرێت نایخوێننەوە، تەنها لەسەر سیقەی فلان وعەلان پۆلینی دەکەن کە یارە یان نەیار، باشە یان خراپ، کە یەکێکیش لە حزب وەڵامی دەداتەوە دیسان نایخوێنیتەوە، بەس پێی دەڵێن "وەڵڵا دەمکوتی کردوە!!" هەتا ئەگەر وەڵامەکەش لە وەڵامەکەی ناوبراو بە (عەبدوڵڵا ڕسول) لاوازتر وبێ تامتر وبێ زەوقتریش بێت.

ئەوەی سەیر بوو کە بەشی یەکەمی نووسینەکەی (عەبدوڵڵا ڕسول)م خوێدەوە زگم بە خوێنەرانی ڕۆژنامەی میدیا سوتا، کەلەسەری نوسرابوو بەشی یەکەم!! ئەخر چۆلەکە خۆی چیە تا چەلاوی هەبێت؟!! ئەو شەڕنامەیەکەی نووسینە تا بەشی دووەمیشی هەبێت؟!

لەڕاستیدا ئەو بەناو نووسینە، تەنها بۆ قسەی ناشرین وهەلەق ومەلەق نووسراوە، وپڕیەتی لە قسەی سوک وبازاڕی، کە زیاتر لە قسەی تازە تۆبەکارێکی کاڵفام دەچێت، زیاتر لەوەی لە

قسەی ئیسلامییەک، کە شەو ورۆژ دەرسی ئەخلاق بە گوێی خەڵک دادەدات. جێگای داخە کە ئەو جۆرە خیتاب ودەربڕینە لە ئەنجامی پەروەردەی ئەمیری کۆمەڵ بێت، چونکە وەک ئاماژەم پێکرد ئەو جۆرە نووسینە تەنها بۆ دیفاع کردن لە ئەمیری عام نووسراوە، وبەبێ ئاگاداری ئەویش نەبوە، نووسەرەکەشی لە هەرە نزیکەکانی خۆیەتی (ئەندامێکی حیمایەیە) لەڕاستیدا نەیوێراوە لەو سەردەمی بەسەرچوونەی نازناو وناوی نهێنی یەش ناوی خۆی بنوسێت.

بێگومان من ناویشی دەزانم، بەڵام ناوی هەڵنادەم، نەوەک زەندەقی بچێ، وادیارە وادەزانێت لەگەڵ دەسەڵاتدارێکی زۆر گەورە وبەهێز کەوتۆتە دەمەقالێ، نەک لەگەڵ نووسەرێکی بێ لایەن، کە لە قەڵەمەکەی بەولاوە هیچ هێزێکی تر شک نابا! ئەو برادەرە لەوە دەچێ لەجیاتی کاری چەک، بە نەزانی کاری قەڵەمیان پێسپاردبێ، ئەویش بەڕاست وچۆپ بەناو کەوتوە، لەقسەی قۆڕ وسوک وتیۆری پیلانگێڕی وبەشەخسی کردنی بابەتەکە هیچی تری نەنووسیوە.

ئەوەشی زیاتر بۆی سەلماندم کە ئەو ڕەوشتەی لەو سەرچاوە هەڵدەقوڵێ، توندو تیژی قسەکانیەتی، بەرامبەر بە کوردێک وموسڵمانێک، ودیفاع کردنیەتی لە بەعسییەکان، وەک چۆن دیفاع لە سەتتام ئەلگەعود دەکات، وپاکانە بۆ ئەمیرەکەی دەهێنێتەوە گوایە مامۆستا سەبارەت بەڕابردووی سەتتام هیچ بەڵگەیەکی لەبەر دەستدا نەبوە!!! ئەی خۆ پاش بەربوونی چاکتر نەبوو هەندێک زانیاری لەسەر پەیدا بکات، پێش ئەوەی چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنەکانی بکات، وبەرلەوەی ئەو بیزاعە فاسیدەمان پێ بفرۆشێت؟! وادیارە دونیا لای تۆ وئەو، هەر دونیا گەورەکەی جارانە، ئەوەتا نیە کاکی حیمایەش هەمان هەڵەی ئەمیرەکەی دووبارە دەکاتەوە، وپاکانە بۆ ئەو بەعسییە دەکات، گوایە ئەمریکاش ئازادی کردوە لەبەر بەعسی نەبوونی.

ئەمریکا دەیان بەعسی تریشی ئازاد کردووە، کە ئازادیشی کردوون لەبەر بەعسی نەبوونیان نەبووە، بەڵکو لەبەر نەخشی سیاسی خۆی بووە. لە هەمووی سەیرتر بەو پەڕی متمانە بەخۆییەوە دەڵێت ئەو قسانەی من کردووم دەربارەی سەتتام "سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکانی لە کەناڵی ئەلعەربیە ورۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت، من گومانم هەیە، لەو قسانە، چونکە ئاماژەت بە سەرچاوەی قسەکانی نەکردوە!!" توخوا جەهلی مورەکەب لەوە مورەکەبترتان بیستوە؟! ئەوە من بە رۆژ وبە مانگ وبە ساڵ ئاماژەم بە سەرچاوەکان کردوە لە پەراوێزیش ئەو سەرچاوانە بەو جۆرە دیاری کراون:

(العربیە الاحد ٨ ینایر ٢٠٠٦م، ١٠ ربیع الثانی ١٤٢٧ هـ /٢٠٠٦/٢/٢٠ رۆژنامەی (الشرق الاوسط)). دەزانی برالە شتێک هەیە لە ئینتەرنێت پێی دەڵێن (گوگل) ئەگەر بەکارت هێنابا

ئەو سەرچاوانەت دەدۆزیەوە. خۆ دەتوانی کەمێک لە ئینتەرنێت بگەڕابایت بەرلەوەی نکوڵی لەو ڕاستیانە بکەیت لە پێناو بەعسیەک، دەڵێی پیشەت بۆتە بەرگری کردن لە بەعسیەکان!!

ئینجا ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییەی کە ئەو قەڵەم کوێرە نیشانی دەدات، ئێستاکە لە نێوەندی ڕۆشنبیری عەرەبی وعێراقی پێی دەڵێن (ڕۆشنبیری نایب عەریف) (ثقافە نائب عریف) کە بریتیە لە ماستاو کردن وکلکە قیتێ ودیفاع کردن لە خودی سەرکردە ورِەهبەر وقارەمان وئەمیری عام بە هەق وناهەق. ئەو نایب عەریفانەش هەردەم ئاپۆرەیان بەستوە لە دەوری سەرکردەکان، کوردستانیش چاکترین نمونەیە، ئەوە نیە ئەوانەی لە ڕۆژگاری سەخت بەعسی بوون وخزمەتیان بەو ڕژێمە دەکرد، وتاریان لەسەر سەرۆکی فەرماندە دەنووسی، ئەمڕۆ زۆربەی شوێنە هەستیارەکانی حوکمەتیان داگیر کردووە، هەتا ڕوخساری دزێویان تەلەفزیۆنەکانیشیان ڕەش کردوتەوە، خەڵکانی دڵسۆزیش بە خۆیان ویادگاری خەباتەکانیان لە کونجێک دانیشتوون تەنها خەم لە وەزعەکە دەخۆن!!

## نموونەی قسان!

ئەوە چەند نموونەیەکی قسەکانی ناوبراو (عەبدوڵلا رەسولە): "ئەدی چۆن وا بەو هەناسە سواریەوە کەوتویە پەلە قاژەوە... دەتەوێت زۆر بە ئاسانی خۆتمان لێ بکەیت بە پاڵەوانی مەیدان!" ، "وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچی؟!"، "زۆر خراپ لینگە وقوچ حاڵی کراوی" ، "دیارە تۆ لینگا وقوچ حالی بووی" "ئەوە بوختانێکە وتەنها هەڵبەستراوی خۆتە دەتەوێت شەیتانی بکەیت لە نێوان قیادەی کۆمەڵ وئەمیردا" توخوا ئەوە قسەی یەکێکە تۆزقاڵێک ڕەوشتی ئیسلامی هەبێت؟! "کاکی بەڕێز ڕەخنەکانت ئەوەندە سەرپێیانەن هەر دەبێ فاتیحایان بۆ بخوێندرێت" نەم زانیوە فاتیحە بۆ ڕەخنە بخوێنن؟!! یان دەڵێ"لە بێخەبەران کەشکەک سەڵاوات" زانیومە سەڵاوات بۆ پێغەمبەر لێدەدرێ نەک بۆ کەشکەک؟! یان دەڵێت:" جا نازانم ئەو پێوەرەت لە کوێ هێناوە؟ هی هەریرە یان لەندەن"
یان دەڵێت: چی دیش حوکمی کوێرانە وزاڵمانە بەسەر ئێمەدا فەرز مەکە وئاستی زانیاری تۆش باش دەزانین وبەوەی کە لە لەندەن دەژیت خۆت لێ نەگۆڕێ(!!!) چونکە ئەمڕۆ زۆر شوان وگاوانی کورد هەن کە ئێستا لە بەریتانیا دەژین!! ." ڕاست دەکەی منیش دەزانم ئەو حزبانە پڕاو پڕن لە عەبقەری وبلیمەتی وەک تۆ! ئەوەیە (تەبعی شەکرباری) نزیکترین کەسی مامۆستا عەلی باپیر!!
ئینجا ئاستی زانیاری چی ولە چی لە زانستی نیکاح وتەڵاق ونەواقیزی وزووو، یان زانستی خوا عەقڵێکت داتێ تا پێی بەڕێوەچن؟!! من چ لەو زانستی (قال وقیل)ە بکەم ئەگەر نەزانم دونیا چۆن بەڕێوە دەچێ، وچۆن دەبێ ڕەفتاری لە گەڵدا بکەم؟! لە جیاتی شورا وڕاوێژ وئازادی وهەڵبژاردن ودەزگاسازی حوکم، خەڵکی گیرۆدەی خەون وخەیاڵات بکەم!

# تیۆری پیلانگێڕی

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەو تیۆری پیلانگێڕییەیە کە مێشکی زۆربەی هەرە زۆری ئیسلامیەکانی جیهانیشی پێ ئاخنراوە، زیاتریش لای ئەندامانی پلە سێ وچوارەکان ڕەنگدەداتەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەوانە شتێک نیە ناوی ڕەخنە بێت، بەڵکو ڕەخنە مانای جوێنە، شەڕە، پیلانگێڕانە، خاوەنەکەشی یان دەبێت سەر بە حیزبێکی، یان لایەنێکی نەیار بێت، یان لەوەش گەورەتر سەر بە دوژمنانی ئیسلام بێت! ئەوە نیە ئەو نایب عەریفە قەڵەم کوێرە، بێ ئەوەی لە سیاقی قسەکانم تێبگات کەمن دەڵێم "ئەگەر بەدەست خۆم بوایە کتێبی (ئەشکەنجە وزیندان) م وەرنەدەگێڕایە سەر عەرەبی" هاتووە لەو سەرە داوە چەندین تەوەرەی لێدروست کردوە، بێ ئەوەی بزانێت تەوەرە چییە، بەڵام هەروا گوێی لێبوە لە نووسین تەوەرە هەیە، بۆیە هاتوە لە جیاتی وەڵامی قسەکانی من بداتەوە، هەر ئحم وکۆکەیەکی کردۆتە تەوەرەیەک بۆ درێژکردنەوەی نووسینە بێ تام و بائیسەکەی!!

من دەبێت داوای لێبوردن لە ڕۆژنامەی میدیاش بکەم، کە وەک هەقی وەڵامدانەوە دەبوایە ئەو نوسینە درێژو بێ ناوەرۆکەی (عەبدوللا ڕەسول) بڵاوبکەنەوە، گومانم نییە ئەگەر بابەتەکە لە وەڵامی بابەتێکی هەستیار نەبایە، دەبوایە شوێنی ئەو جوێننامەیە تەنەکەی خۆڵی ژێر مێزی سەرنووسەری میدیا بوایە.
وەک ڕونکردنەوەیەک بۆ ئەوانەی لایان گرنگە ڕاستیەکانیان بۆ دەرکەوێت، ئەو قسەیەی من " بەڵام ئەگەر بەدەستی خۆم بوایە ئەو کتێبەم نەدەخستە بەر دەستی خوێنەرانی عەرەب لەبەر ئەو هۆیانەی کە لەو رەخنە وتارە باسیان دەکەم"

یەکەم من دەمێک بوو گوێم لەو بەزمەی عەلی باپیر وپیاوانی رژێم ببوو، حەزیشم دەکرد بیخوێنمەوە، تەوقوعیشم دەکرد مامۆستا لەوپەڕی ئیسلامەتی وکوردایەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردبن، نەک ببێتە شەفاعەتخواز ورزگارکەری قیامەتیان، ئینجا کە بەرپرسێکی ناسراوی کۆمەڵی ئیسلامی داوای لێکردم بۆ رۆژنامەی (ئەلشەرق ولئەوسەت) پوختەیەکی لێوەرگێڕمە سەر عەرەبی، داوایەکەم قبوڵ کرد بەبێ دڵ لە دڵ دان، خۆ رۆمانێکی سەلمان رۆشدی نەبوو تا هەڵوەستەی لێبکەم، وەعدیشم دا بە زوترین کات کارەکەم ئەنجام بدەم، وقسەشم کرد لەگەڵ بەرپرسێکی رۆژنامەی ناوبراو.

ئینجا کە خوێندمەوە وتوشی شۆک هاتم، نەمتوانی لە پەیمانی خۆشم پەشیمان ببمەوە، چونکە ئەو پەیمانەم دابوو، بۆیە بە ناچاری ئەو کارەم کرد، نەک لەبەر پارە، ویان لەبەر ئەوەی لایەنێک بە زۆر پێیان کردبم" من ئەو کەسە نیم بە پارە یان بە زۆر کارم پێ بکەن، من ئامادەم

موباهەلە لەگەل خۆت وهەموو ئەو ساویلکانەش بکەم، کە ئەو فیکرە عەبقەریەیان خستۆتە دڵتەوە، خۆمن خاوەنی حیزب وپێشمەرگە وبارەگا ودەزگای ڕاگەیاندن نیم، تا هێندە پێویستم بە پارە بێت، وبە هەموو ڕێگایەک هەوڵی پەیاکردنی بدەم؟!

ئەوانەی زانیاریشت لێوەرگرتوون لەسەر من دەتتوانی ئەو زانیاریەش وەرگریت کەمن تا ئێستا خاوەنی خانوێکیش نیم، لەوانەشە زانیبێشت ئەگینا خوا دەزانی چ هەرایەکت لەسەر دەنایەوە! ئەوەشی ماڵی لە شوشە بێت بەرد لە خەڵک ناگرێت.!

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەو برادەرە نایب عەریفە بە شێوەیەکی موخابەراتی بۆگەن چەند زانیاریەکی لەسەر من کۆکردوتەوە، کە سوپاس بۆ خوا هیچ لاپەرەیەک نیە لە ژیانم شەرمەزاریم پێی بێت، ناشمەوێت وەکو خەڵک باسی (بطولات)ی خۆم بکەم، ئەگینا ئەوەی لەگەڵ من لە خوێندندا بوە دەزانێت من چۆن بەربەرەکانێی بەعسیەکانم دەکرد، ئینجا ئەو زانیاریانە بەو پەڕی بێ ئەدەبیەوە بەکاریان دەهێنێ: بۆ نموونە، کە من هەرگیز لە دوور ونزیک باسی شەهادەی خۆم نەکردوە کەچی ئەو برادەرە هاتوە ئەو زانیاریە تایبەتییەی کردۆتە تەوەرەیەک (بێ ئەوەی بزانێت تەوەرە یانی چی) وباسی کڕینی شەهادەی ماستەر وتەزویر کردنی دەکات وچەندین وڕێنەی تر، وابزانم خۆی عوقدەی شەهادە نزمی هەیە، دەڵێن لە عەسکەریش نایب عەریفەکان زۆر ئەزیەتی خاوەن شەهادەکان دەدەن لەبەر عوقدەی شەشی سەرەتایی خۆیان!!

## هاودژی لە خودی عەقلدا!

لە تەوەرەیەکی تردا (بێئەوەی بزانێت تەوەرە یانی چی وچۆن دیاری دەکرێت) دەڵێت دژایەتی هەیە لە نێو ئەو دوو قسەیەی من:
" بێگومان من مامۆستا عەلی باپیر لە نزیکەوە ناناسم" و " من مامۆستا عەلی باپیر زۆر دەمێکە دەناسم وەک نووسەر" هەتا بە قرتاندنیشیان ئەو دوو ڕستەیە دوو مانای جیاوازیان هەیە، ئەگەرچی ئەو نایب عەریفە زۆر بێ شەرمانە بەشی دووەمی ڕستەی دووەمی قرتاندوە کە دەڵێم: "لەوەتی سەردەمی کتێبی (ئیسلام وڕێچکان) دەتوانم بڵێم زۆربەی نووسینەکانیشم خوێندۆتەوە لەو ڕۆژەوە"

ڕستەی یەکەم دەڵێت: " من مامۆستا عەلی باپیر لە نزیکەوە ناناسم" بە شێوەیەکی شەخسی، ڕستەی دووەم دەڵێت:" من مامۆستا عەلی باپیر زۆر دەمێکە دەناسم وەک نووسەر" واتە لە ڕێگای کتێبەکانیەوە، وەک چۆن فاروق ڕەفیق وبەختیار عەلی وعەباس عەقاد ونەجیب مەحفوز ومحەمەد عەممارە وبوتی وجەمال بەننا و جۆرج تەڕابیشی و سید القمني و سید قوتب و محمد عابد الجابری وچەندانی تر دەناسم وەک نووسەر. ئەوەی لە جیاوازی ئەو دوو ڕستەیە تێنەگات پێویستی بە کۆرسێکی (مەحول ئومیە) هەیە!!

## ئەمریکا: شەڕێکی بەسەر دابڕاو!

لە چەند (تەوەرەیەکی) تردا بێ ئەوەی من دیفاع لە ئەمریکا بکەم ئەو برادەرە سێ چوار تەوەرەی (چۆمسکیانەی) دروستکردوە لە ڕەخنەی ئەمریکا تەنها لەبەر ئەو قسەیەی من:"بۆ دەبێت داگیرکەرێکی تکریتی، چاکتر بێت لە داگیرکەرێکی ئەمریکی؟! خۆ هەر نەبێت ئەو ئەمریکییە کەمێک شارستانی تر ڕەفتار دەکات، لەو تکریتییە لادێیە قین لە دڵانە؟! " هەر بە زۆری دەیەوێت بمخاتە بەرەی ئەمریکا، لە ڕاستیشدا ئەو قەڵەم کوێرە لە پێش وپاشی ئەو ڕستەیەی قرتاندوە تا قسەکەی من وا دەرکەوێت کە بەرگریکردنە لە ئەمریکا.

ئەوەش دەقەکەیە وەک خۆی:" ئێمە بێگومان هەواداری داگیرکاری ئەمریکا نین بۆ هیچ وڵاتێکی ئیسلامی وغەیرە ئیسلامی، بەڵام ئەگەر داگیرکردنێک ڕووخانی ئەو ڕژێمە پنج داکوتاوەی دژی گەلەکەمی لێبکەوێتەوە، وتەخت وبەخت تێکشکانی بەعسی لێ بکەوێتەوە، وهەڵبژاردنی ئازادی لێبکەوێتەوە، گەورە بوونی پایە وپێگەی کوردی لێبکەوێتەوە لە عێراق وجیهاندا. بۆ دەبێت من دژی ئەو داگیرکردنە بم. ئێمە هەموو کەرامەت وئاخ وشەرەف وچارەنووسمان بەدەست ئەو ڕژێمە داگیرکرابوو، بۆ دەبێت داگیرکەرێکی تکریتی چاکتر بێت لە داگیرکەرێکی ئەمریکی؟!

خۆ هەر نەبێت ئەو ئەمریکییە کەمێک شارستانی تر ڕەفتار دەکات لەو تکریتییە لادێیە قین لە دڵانە؟! خوا دەزانێت کە من لەسەر ئاستی کەسێتی تۆزقاڵێک سودم لە داگیرکردنی ئەمریکا نەکردوە" ئەو ساختەکردنە لەو نموونەیە دەچێت کە زوو زوو بە نووسەرە غەیرە ئیسلامیەکان دەڵێن قسەکانیان وەک شێوەی (ولا تقربوا الصلاة) دەڵێن، کەچی خۆشتان هەمان ساختە دەکەن!!

## سوربوون لەسەر هەڵە!

لەتەوەرەیەکی تردا دیفاع لە رەفتاری ئەمیری کۆمەڵ دەکات لەگەڵ پیاوانی ڕژێم ودەڵێت: سەرەتا وام هەستکرد رەخنەکانت لە ژێر قورئان وفەرموودەی پێغەمبەر دەخەیە ڕوو؟!" ئەی ئەو فەرموودەیەی وەحشی بە فەرمووده حسێب ناکرێت؟ ئینجا باسی پێویستی نەرم ونیانی دەکات لەکاتی بانگەوازیدا، من لاریم لەوە نیە، بەڵام بانگەوازی بۆ کێ بۆ ئەو سەرکردە بەعسیانە، کە دەستیان سوورە بە خوێنی سەدان هەزار کورد؟! بڵێی ئێوە وئەمیرەکەتان سنگتان لە سنگی پێغەمبەریش فراوانتر بێ، کە تەنها تەحەمولی بینینی وەحشی نەکرد؟! پێغەمبەر نە ڕێگای هیدایەتی وەحشی گرت، ونە هێندەش پەرۆشی بوو شەو رۆژ خەریکی ڕزگارکردنی قیامەتی بێت، نە بۆ جارێکی تر هێشتی چارەی وەحشی ببینێتەوە! چاکتر وایە ڕەخنە لە خۆتان بگرن لەو کارە نەزان وساویلکانە، لە جیاتی پینە وپەڕۆ کردن بۆ هەڵخەڵەتاندنی عەوامەکانتان!

## فەلسەفەی خەونەکان

لە تەوەرەیەکی تردا هاتوە تەفەلسوف دەکات، باس وپێناسەی خەون وخورپەمان بۆ دەکات بێ ئەوەی خەونەکانی ئەمیری کۆمەڵی بخاتە ژێر پێوەرەکانی! تۆ ئەو تەفەلسوفە بێتامە بۆ ئێمە مەکە بۆ ئەوەی لە دەرەوەی کۆنتێکست (سیاق) مەژغولمان کەیت، باسی خەونەکانی ئەمیرمان بۆ بکە، ئایا دەشێت بە شەرعیەتی خەونێک شەرعیەتی نارەزایی وجیاوازبوون لە خەڵکی قۆرخ بکەیت؟! دەکرێت خەونێک بکرێتە فەرمودەیەک وەک هەر فەرمودەیەکی تری پێغەمبەر (د. خ) باس بکرێت، وداوا لە خەڵک بکەیت کاری پێ بکەن؟!!

# لە قەراغی تەکفیردا!

لە تەوەرەیەک لە تەوەرەکانی کە وەک عەقڵیەتێکی ئیسلامی تەقلیدی وبە بەهرە وەرگرتن لە تڕادیسیۆنی توندڕەوی وتەکفیر، تەلمیحێکی تەکفیری ترسناک بۆ خەڵک دەکات بە گشتی، کاتێک ڕەخنە لەو وتەیەی من دەگرێت کە سەبارەت بە ڕزگارکردنی قیامەتی سەرکردە بەعسیەکان ئاڕاستەی مامۆستا عەلی باپیرم کردوە:

"من بڕوا ناکەم ئەو هەڵوێستە نقووم بوەی لە ئایدیەلیزمیەت، خوا وپێغەمبەر وخەڵکی لێی ڕازیبێت، جگە لە چەند ئەندامێکی موتیعی کۆمەڵ نەبێت!" ئەو دەڵێت :"کوا بەڵگەکانت کە خوا وپێغەمبەر پێی ڕازی نین؟! پاشان دەڵێ خەڵکی لێی ڕازی نین. کام خەڵک هی موسڵمانان یان کافر.. جگە لەوەش پێوەر چییە بۆ چاکە وخراپەی کاری ئیسلامی کە ڕەزامەندی خەڵک بکرێتە پێوەر، تەنها ڕەزامەندی خوا پێوەرە، جا نازانم ئەو پێوەرەت لە کوێ هێناوە؟ هی هەریرە یان لەندەن، خوای گەورە دەفەروێت: [وان تطع اکثر من فی الارض یضلوک عن سبیل الله ان یتبعون الا الظن وان هم الا یخرصون] الانعام – ١١٦."

من نەمزانیوە خەڵکی کوردستان بریتین لە موسڵمان وکافر، بە تایبەتی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک خۆی بە موسڵمان دەزانێ، ئەو ئایەتەی هێناویەتەوەش هەموو مەداریسی فکری سەلەفی توندڕۆ وەک ئامانجێکی دووسەرە بە کاری دەهێنن، هەرچەندە ئەو ئایەتە وهاوشێوەی ئەو ئایەتە دەرهەق بە کۆمەڵگای ناموسڵمان هاتوون، سادەترین تەفسیری قورئان دەربارەی ئەو ئایەتە دەڵێت: (وان تطع اکثر من فی الارض، اي: الکفار) واتە ئەو زۆربەیەی ئاماژەی پێکراوە زۆربەی کافرە، نەک زۆرینە هەردەم لەسەر کوفر بن.

ئەوە تێگەیشتنی یەکەم: لە ڕوانگەی ئەو فەهمە سەقەتانەدا، بەو پەڕی گومان وسوکایەتیەوە سەرنجی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان دەدرێت، لە پێناو بەرژەوەندی حوکمی دیکتاتۆرانەی بەناو ئیسلامی. بە پێی ئەو تێگەیشتنە داوای زۆربەی خەڵک هەردەم گومڕایی لێدەکەوێتەوە، بەپێی ئەو فەهمە نەخۆشە سەلەفییە ونەبهانیەی حزبی تەحریر، ئەو جۆرە تێڕوانینە بوو، وایکرد بۆ زیاتر لە ١٣٠٠ ساڵە دنیا حوکمێکی ئیسلامی دادگەرانە، یان سیستمێکی شارستانی ودادپەروەرانەی ئیسلامی بەخۆوە نەبینێت، ولەبەر بنج داکوتانی ئەو ئافەتە، هەتا دیکتاتۆرە قەومی وعەلمانیەکانیش سوودی لێوەر دەگرن بۆ بەردەوامی دان بە حوکمی تاک ڕەوانەی خۆیان. دووەم چەکێکی کاریگەرە بۆ تەکفیر کردنی هەر کەسێک وکۆمەڵێک کە بە حوکمی ئەوان – نەک خوا - ڕازی نەبوو، وگڵدانەوەی مافی نەیاریش زۆر ئاسانتر دەکات!!

ئەو برادەرە لەو ڕوانگەوە بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت هەڵگری ئەو تێڕوانینەیە، خۆیان موسڵمانن ئەوانی دەرەوەش نا!! هەر لەو دەسپێکەوە لەوەسفی کتێبەکەی مامۆستا عەلی باپیر دا دەڵێت: " بەڵکو ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە سەدان پەند ودەرسی تێدایە بۆ موسڵمانان وخەڵکانی تریش" هەڵبەتە مەبەستی لە موسڵمانان (ئیسلامیەکانە) چونکە من سەدان جار ئەو دەربڕینەم گوێ لێبووە، وهەڵوێستیشم هەبوە بەرامبەری. کاتی خۆی کەکەسانێکی وام دەدیت باسی یەکێکیان دەکرد، دەیانوت:"فلان موسڵمانە؟!" من بۆم ڕاست دەکردەوە، دەمگووت:"مەڵێ موسڵمانە، بڵێ ئیسلامیە یان نا؟".

## مافی ڕەخنە تەنها بۆ کۆمەڵە!

لە تەوەرەیەک لەو تەوەرە زۆروزەبەندانە، ئەو حیمایە نایب عەریفە پێیوایە تەنها دەبێت ئەندامانی کۆمەڵ قسە بکەن ورەخنە بگرن، کە ئەوەش کارێکی زەحمەتە بۆ کەسانێکی ناو کۆمەڵ خۆی لە قەرە بدات، بێ ئەوەی ژێر سزا ونانبڕینی ئەمیری کۆمەڵ نەکەوێت.
من ئەو ڕەخنەیەم بۆ هەموو کورد بوو، لە نێو ئەوانیش ئەندامەکانی کۆمەڵ، ئەوجا بە دڵتان بێ یان نەبێ ئەوە کاری من نیە، لاشم گرنگ نیە خەڵک بزانێت چەندە دڵسۆزم بۆ گەلەکەم، ئەگەر خوێندنیشم لە زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردوە، باوەڕ ناکەم ئەو کارە هیچ عەیب وعارێک بێت! وادیارە ئەو برادەرە دەیەوێت هەموو کەس ببێتە حیمایەی مەنسولەکان؟!

ئینجا ئێمە ئەو بە عسیانەی دەماندیتن لەو زانکۆیە هیچیان لە سەرکردەکانی بەعس نەبوون، پەیوەندیشمان لەگەڵیان لەوپەڕی خراپیدا بوو، دەیان جار چاومان لێ سورکراوەتەوە، وهەڕەشەمان لێکراوە لە لایەن ئەو بەعسیانە. هەردەم تەحەدامان دەکردن لەو هەل ومەرجە نالەبارەش، هیچ ڕۆژێکیش خەمی قیامەتی ئەوانەمان نەبوو، دوعامان بۆ نەدەکردن، بەڵکو لێمان دەکردن، خۆمان لێنەکردبوونە ئیمامی زەمانە.

## نێوانی سەرکردایەتی وئەمیر!

بە زمانێکی بازاڕی ومنداڵ ئاسا ئەو برادەرە دەڵێت: "ئەوە بوختانێکە وتەنها هەڵبەستراوی خۆتە، دەتەوێت شەیتانی بکەیت لە نێوان قیادەی کۆمەڵ وئەمیردا" نازانم دەبێت من چ سودێک لە تێکدانی نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵ وئەمیرەکەی بکەم؟! مەگەر تەنها تیۆری موئامەرە ئەو مەتەڵە حەل بکات! نە حزبم هەیە، نە تا ماوم لەو بڕوایەدانیم حزبایەتی بکەم. بەرلەوەی من ئەو ڕەخنانەی ناو ئەو کتێبەم ئاشکرا کردبا، دەبوایە ئەندامانی سەرکردایەتی هەر لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەکانەوە هەڵوێستێکیان وەرگرتبا، لەبڵاوکردنەوەی ئەو تەرزە قسانە، کە دیسانەوە دەڵێم سوکایەتیەکی ئاشکرایە بەو سەرکردایەتییە.

دەبوایە هەڵوێستێکیان هەبوایە لە ئاستیدا، ئینجا من ئاگادارم کە چەند کەسێک لەو سەرکردایەتیە هاوڕای من بوونە لەو ڕەخنانە، بەڵام وادیارە کاریزمای مامۆستا عەلی باپیر هێندە بە هێزە ناوێرن بە ڕووی دابدەن! ئەی سەید قوتبیش پاش گیران ولە سێدارەدانی نەبوە تابۆیەکی موقەدەس کە کەم کەس جورئەتی ڕەخنە دەکات لە بیروڕاکانی!

ئینشاڵلا کۆمەڵ هەر یەکگرتوو دەبێت، ئەگەر ئەوان بەوەزعی خۆیان ڕازیین من چیم داوە لەو دوورە گێچەڵیان پێ دەکەم!

## ڕەخنەی نهێنی و نهێنی ڕەخنە لەو سەردەمەدا

بەڕاستی ئەو برادەرە ئەمیر وخەونەکانی ئەمیر زۆر بچوک دەکاتەوە کاتێک دەڵێ:
" مامۆستا شتی بۆ تۆ نەنوسیوە، تۆش ئەندامی کۆمەڵ نیت ورۆژێک لە رۆژان لەگەڵ کۆمەڵدا کارت نەکردووە! ئێمەش ئەندامانی کۆمەڵ وەکیلی وەکو تۆمان قبول نییە وبە نوێنەرایەتی ووەکیلایەتی ئێمە قسە مەکە..."

چونکە ئەگەر مامۆستا عەلی باپیر نوسینەکانی بەس بۆ کۆمەڵیەکان بنووسێ، ئەی بۆ ئەو کتێبانەی مامۆستا باپیر تەنها لە نێو بارەگاکانی خۆتان بڵاوناکەنەوە، ولەسەریان نانوسن (للتداول الحزبی فقط)؟ تا ئێمەی غەیرە کۆمەڵیش وەڵامی نەدەینەوە. شتێکیش کە پاش بڵاوبوونەوەی نووسینەکەم لەسەر کتێبی (ئەشکەنجە وزیندان) چەند کەسێک پێیان وتم، ئەوەیە کە دەبوایە ئەو ڕەخنانە بە نهێنی بە مامۆستا عەلی باپیر وترابا لە ڕێگای ئیمێل یان نامەیەک! ئەو برادەرەش هەمان شت دەڵێت:"پێش ئەوەی ئەم ڕەخنەنامەیە بڵاوبکەیتەوە،

ئەگەر دڵسۆزی دەبوایە بە شێوەی نامەی تایبەت ئاڕاستەی مامۆستات کردبا، چونکە شەرع بەو شێوەیە ڕێگامان پێ نادات ئامۆژگاریی هیچ کەسێک بکەین"

جارێ ئەو شێوازەی ڕەخنە کە باسی دەکەیت هیچ پەیوەندی بە شەرعەوە نیە، نازانم لە ئەخبارە توراسیەکان وئەدەبیاتی (الاحکام السلطانیە) زیاتر کەی شەرع باسی وایکردوە، ئەی ئافرەتێک لەسەر مینبەر ڕەخنەی لە عومەری کوڕی خەتاب نەگرت؟! بەڕاستی من بڕوام بەو شێوازە تەقلیدی ونهێنییەی ڕەخنە نییە، چونکە دەمێکە بێ هودەیی خۆی ئیسپات کردووە، ئەوەی ئاگاداریشم ئەوەیە دەیان جار مامۆستا عەلی باپیر وکەسانی تریش بە نهێنی ئامۆژگاری کراون بەڵام سوودێکی وای نەبووە، چونکە هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ لە ڕەفتاری ڕەخنە لێگیراو بەدی نەکراوە. بۆیە دەبێت ئەو قۆناغە بەجێ بێڵین، لە ڕەخنەی نهێنی، وپێویستە هەموو کۆمەڵگاکەمان فێری ڕەخنە گرتن بکەین، تا دووچاری بەرپرسیارەتیان بکەین لەبەردەم جەماوەردا. ئەو کۆمەڵگا بەهێزانەی ڕۆژئاوا، بە ڕەخنەی ئاشکراو چاونەترسی لە ڕەخنگرتنەوە، وایان کردووە وەزیرەکان وسەرۆک وەزیران و سەرۆکیش لە ترسی جەماوەرە زیندوەکە بلەرزن، نەک جەماوەر بە ناو هاتنی وەزیر ومەسوول وسەرۆک ترسی لێ بنیشێت!!

دووەم من ڕەخنەم لە ڕەفتارێکی شەخسی مامۆستا عەلی باپیر نەگرتووە، هەتا بە نهێنی پێی بڵێم، بەڵکو ڕەخنەکانی من ئاڕاستەی کتێبێکی ئاشکرای کتێبخانەکانی کوردستان کراوە، بەرلەوەی لە دوو توێی کتێبیش بڵاوبکرێتەوە، لە شێوەی چاوپێکەوتن لە تەلەفزیۆنی کۆمەڵ بڵاوبۆتەوە، ئینجا بە ئەلقە لە ڕۆژنامەی کۆمەڵیش بڵاوبۆتەوە، ئێستا لەسەر ماڵپەڕی کۆمەڵیشە لە ئینتەرنێت!

چاوەڕوانی ئەوە بووم وەک چۆن عومەری کوڕی خەتتاب لەسەر مینبەرەوە (نەک بە نهێنی) وتی "عومەر هەڵەی کرد وئەو ئافرەتە ڕاست دەکات" وەک چۆن هەر باسی فلان پیاو چاک وفلان سەلەفی سالح گوتویەتی: (رحم الله من اهدی الي عیوبی) واتە (ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی ئاماژە بۆ عەیبەکانم دەکات) وادیارە ئەو قسانە تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندنی منداڵەکانی مزگەوتەکانە، ئەگینا چی دەبوو ئەگەر مامۆستا عەلی باپیر، دانی بەو هەڵانە نابایە کە خستمە ڕوو لە وتارەکەی پێشوو، ئەگەریش هەڵەم هەبوایە بۆمی دەستنیشان کردبا، یان کە بڕیاری وەڵامدانەوەی دەدا، یەکێکی شیاوی بۆ ئەو کارە دەستنیشان کردبا، نەک نایب عەریفێکی کلۆلی وا کە پێی وایە قەڵەم وچەک یەک وەزیفەیان هەیە!! وەک چۆن دیکتاتۆری پێشوو دەیووت:"قەلەم وچەک یەک دەمیان هەیە"[3]

---

[3] ئەو وتارە وابزانم لە مانگی ٩ی ٢٠٠٦ وەک وەڵامێك بڵاوكرایەوە.

# بەشی دووەم

# عەلی باپیر وسیاسەت و ئیگۆمانیا

# عەلی باپیر و ئیگۆی هەڵاوساوی!

بەڕاستی جێگای ئەسەفە، کەسێکی وەك مەسعود عەبدولخالیق، ئەگەر بیەوێت ڕەخنەیەک یان سەرنجێك بخاتە ڕوو دەربارەی هەر لایەنێکی دەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆن، لەجیاتی دەستخۆشی ونرخاندنی سەرنجەکانی، پەلاماری نارەوا بدرێت بۆ سەر کەسایەتی، بەر لەوەی لە بیروڕاکانی بکۆڵرێتەوە یان وەڵامێکی دۆستانەی بدرێتەوە. لەوەش ئەسەفتر ئەوەیە، کە کەسانێکی سەر بە لایەنە ئیسلامیەکان، ئەو رەفتارە دزێوە بگرنە بەر بەرامبەری، لە کاتێکدا پەرۆشی کاک مەسعود بۆ ئەو لایەنانە جێگای گومان نییە، بەڵکو خەڵکانی دەرەوەی بازنەی ئیسلامیەکان بە ئیسلامیەکی تۆخی دەزانن.

ئەو کۆمێنتە بێ سەلیقە و بێ زەوقانەی لە دژی کاک مەسعود دەنوسرێت، گوایە دژی ئیسلام وئیسلامیەکانە، یان عیلمانیە یان یەکێتییە، هەمووی دەچێتە خانەی جەهل و دەمارگرژی وپەروەردە نەکردنەوە. کە دەڵێین پەروەردە، مەبەستم لە پەروەردەی سیاسی ورەخنەییە . کەسێك تەنها فێر بکرێت گوێ بگرێت بۆ ئەمیر یا سەرۆکەکەی، ورێگای پێ نەدرێت ڕایەکی جیاواز بخاتە ڕووی ئەمیر و پێشەواکەی، دەبێت هەر بەو ئاڕاستەیە بیر بکاتەوە، کە هەموو کەسێك هەڵەیە، گومڕایە، نەزانە، بێ دینە، عەلمانیە تا دەگاتە دژە ئیسلام، ئەگەر بە حزبەکەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی گووت، هەڵەیت لەو کارە ولەو گوتارە.

بەڕای ئێمە هەموو شتێك لە سەرچاوەوە چارەسەر دەکرێت، کە سەرچاوە سەقەت بوو ئاڕاستەی قاعیدەش سەقەت دەبێت، کە سەرچاوە لێڵ بوو، هەرگیز جۆگەلە و لقەکان سازگار نابن. کێشەی عەلی باپیر لەگەڵ ڕاپەسەندی [اعتداد بالرأي] وگوێ لەکەس نەگرتن، وهەڵاوسانی [منی بالای] زۆر کەڤنارە، وادەزانێت ئەگەر دانی نا بە هەڵەبوونی لە ڕایەکی خۆی، یان هەڵوێستێکی خۆی، واتای دابەزین وخۆ بچوک کردنەوەیە. کەچی پێغەمبەر و خەلیفەکانی، چەندین جار وازیان لەڕای خۆیان هێناوە، چوونە سەر ڕای کەسانی تر، هەتا حەزرەتی عومەر بۆ ڕای ئافرەتێك ڕای خۆی گۆڕی لەسەر مینبەردا.

قورئان هەر هانی شوراکردن و (وشاورهم في الامر) دەدات، لە حەدیسیش هەموو دەزانین دەفامرێتەوە، کە کەس لە پێغەمبەر زیاتر پرسوڕای بە هاوەڵەکانی نەکردوە، وچیرۆکی پرسوڕاکانی زۆر لەوە بەناوبانگترە کە ئێمە باسی بکەینەوە. عەلی باپیر وەك چۆن دڵسۆز و زاناشی لێ دەبێتە دوژمن، ولە ڕێگای شوێن کەوتە ساویلکە وسەرسامەکانی، دەیان وەڵام و تاوانی ئەخاتە پاڵ، وجوێن وگومان ئاڕاستەی ڕەخنە لێگرەکانی دەکات، لە بەرامبەردا کەسانێك کە گوێڕایەڵی ڕەهای ئەو بوون، یان تەسلیم بە ئەو بوون بێ چەند وچوون، ئامادەیە

عەلی باپیر زیندانی ناو خەون و ئیگۆمانیا

بیکاتە موریدی خۆی با موریدەکان سەرانی بەعسی پێشووش بێ وەك لە کتێبی: (ئەشکەنجە و زیندان) دا پاش ئەوەی باسی ئەو سەرکردە دۆڕاوانەی بەعس دەکات، وخۆی بە فریادرەسیان دەزانێت لە دۆزەخی رۆژی قیامەت، لە وتەیەکی بۆ سەرانی بەعس دەڵێت: "من لە ڕووی دڵسۆزیشەوە ئەو شتانەتان پێدەڵێم، بۆ ئەوەی لەسەری بوون چیدی لەسەری نەچن،...دەڵێم لانی کەم گەر دونیاشتان چوو، با قیامەتەکەتان هەبێت، خۆ من دڵسۆزتانم"ل ٢٥٥ . عەلی باپیر خۆی لێ ببوە پێشەوای ئەو دۆڕاوانە "چونکە من ئیمامیشیان بووم وپێشنوێژم بۆ دەکردن، بانگم بۆ دەدان، دیارە من هەر ئەوە نەبووم وەکو نەیارێکی فیکری، ئەوان بە چاوی پێشەوایەتی تەماشایان دەکردم، وەکو بڵێی بەرپرسی دونیا ودینیان بم.." ل ٢٥٥

هەتا کۆمەڵی خاچی سوریش سەرسوڕمانی خۆیان لەو پەیوەندیە نا ئاساییە دەردەبڕێ وپێیان دەگووت:" چۆن دەتوانی لە گەڵیان دانیشی و قسە بکەیت؟!!!" ل ٢٥٧. لە پاداشتی ئەو دەروێشیەتەیان بۆ عەلی باپیر، شێخ عەلی باپیر سەرانی ڕژێم دەکاتە موریدەکانی خۆی! کاتێ پرسیاری لێدەکەن دەربارەی ئەو سەرانەی بەعس کێن کە باسی تەوبە وعیبادەت وتاعەتیان دەکەیت بە سەرسامیەوە، بەوپەڕی سادەییەوە دەڵێت:"وەڵڵا پێم خۆش نییە ناوی کەس بەرم، موریدەکانی خۆم پێم خۆش نییە ناویان بەرم!!" سەرانی بەعس بە موریدی خۆی حساب دەکات، نیشانەی سەر سوڕمانەکە لەلایەن ئەنجامدەری چاوپێکەوتنەکانی کتێبەکە دانراوە!!!

کاک مەسعود عەبدولخالیق، ڕەخنە لە رەفتاری ئۆپۆزسیۆنی عەلی باپیر دەگرێت، کە وەك سەلەفیە بێ حەوسەلەکان باسی عەقیدە ونەورۆز ولە پەرلەمان بوون ولادانی عەقیدی ناکات، بەڵکو باسی هەڵەی لە سیاسەت کردن دەکات، کە لەوە دەچێت تا ئێستا عەلی باپیر جیای نەکاتەوە لە کاری بانگەوازخوازی، ئەخر ناکرێت ناو لە خۆت بنێی ئۆپۆزسیۆن وەک ئینگلیز دەڵێت هەر لینگێکت لە سەربازگەیەک بێت has a foot in both camps لە گۆشتی دەسەڵات و چەلاوی ئۆپۆزسیۆن یش بخۆیت. دەسەڵات نابێت بەهیچ جۆرێك هەست بە خاوی ئۆپۆزسیۆن بکات لە سەرنجدانی ورد ودرشتی کارەکانی.

چەمکی عەلی باپیر بۆ ئۆپۆزسیۆن بوون، بە سەردانی نهێنی وپرۆژەی شەخسی وناوبژیوان لە نیوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن!! ئەو جۆرە تێگەیشتنە موستەهەقترە پێی بگوترێت تێگەیشتنی [لینگە وقوچە] لە ئۆپۆزسیۆن بوون، نەك بە سەرنجەکانی کاک مەسعود عەبدولخالیق بگوترێت.

ئەو کەسەی هەر لە منداڵیەوە پێی وابێت خوا ڕۆڵی براگەورەیی وئاڕاستەکاری پێ بەخشیوە وکردۆتە قەدەری وەك خۆی دەڵێت:" خوای گەورەش بارەکەی بۆ من وا هەڵخستوە، هەر کە گچکەش بووم، منداڵیش بووم، لە گەڕەکێ کە تیپی تۆپێنەیان پێکدەهێنا، منیان دەکردە برا گەورە، هەر کە پێشڕا گەیشتووم، ئەوە برای وەکو حەسەن بابەکر کە بەتەمەن لە من گەورەتر بووە، لە گەڵیاندا بووم، خوای گەورە بارەکەی بۆ من وا هەڵخستوە، کە من ئەوان ئاڕاستە کەم وئەوانە، ئەو برایانە کە لە من گەورەتر بوون، ڕەنگە لە منیش شارەزاتر بوو بن، بەڵام بە هەرحال خوای بەرز بارەکەی وا بۆ من هەڵخستبوو، واتە هەر لە سەرەتاوە وەزعەکەم وا بووە، زیاتر ڕۆڵی برا گەورەیی وئاڕاستەکار و ئەوانە ببینم".. ل١٠٢ – ١٠٣

زۆر زەحمەتە [منی باڵای هەڵاوساوی] ڕێگەی پێ بدات یەکێکی تر ئاراستەی بکات یان گوێ لە ڕەخنەی کەسێك بگرێت، ئەو جۆرە دەرونە هەڵاوساوانە بەس چاوەڕێی ستایش ودەست خۆشی ***وبالروح بالدم*** دەکەن.

ئەوەی باسی حزبەکەی بکات وەک چۆن کەسێك باسی دوکانێکی یان کۆمپانیایەکی خۆی دەکات زەحمەتە شەریکێك لەو مولکایەتیە تایبەتیە بۆ خۆی بدۆزێتەوە، وەك دەڵێت: " من وام هەست کردوە کە کۆمەڵی ئیسلامی بەهی خۆم دەزانم... هەمووی یەکە ومنیش هی هەموویم وهەمووشی بە هی خۆم دەزانم و لە خزمەتی هەمووشیدام تا هەبم وتا کۆمەڵی ئیسلامی من بە چاوساخ وئەمیری خۆی بزانێت، من بە برا گەورەی خۆی بزانێت.." ل ٣٦٠

ئەوەی داوا لە سەرکردایەتی حزبەکەی بکات نەك قاعیدەی فەقیر وعەوام بەرزببنەوە بۆ ئاستی عەلی باپیر، نەك ئەوان ئەو دابەزێنن بۆ ئاستی نزمی خۆیان، چۆن ڕێگا بە ڕەخنە لێگرتنی دەدات، لەو بارەیەوە دەڵێت:"...بەڵام واش چاوەڕێ ناکەم هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئاستی بەندەدا بن، چونکە جارێك پێیانم گوت :ئەگەر هەرچی من دەیڵێم ولە توانامدا هەیە، ئێوەش وابڵێن بەو شێوەیە بن، ئەی بۆچی من برا گەورەتانم؟ دیارە دەبێ من هەندێ شتی زیادەم پێ بێ، جا دەبێ سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی هەوڵ بدات خۆی بێنێتە ئاستی من، نەك من نزم کاتەوە بۆ ئاستی خۆی"!!! ل ٣٦٠-٣٦١

ئەوەی پێی وابێت، چەند هۆیەکی غەیبی و تەلیسماوی هەبێت کە ئەو ئیمتیازەی پێ دەدات شتێکی زیادەی پێ بێت لە بواری فیکری ورۆحی وئیمانی وپشت بە خوا بەستن، وەك دەڵێت: " دیارە دەبێ من هەندێ شتی زیادەم پێ بێ" یان وەك دەڵێت: " بەڵام بەڕاستی ئەوەش دەزانم کە من هێندێ شتم پێیە، خەڵک هەمووی پێی نییە، لە بواری فیکری ورۆحی وئیمانی وپشت بە خوا بەستن" ل٣٦١، چۆن گوێ دەگرێ بۆ ئەوانەی ئەو شتانەیان پێ نییە؟ ئەگەر هەر باسی لە بواری ڕوحی وئیمانی وپشت بە خوا بەستنیش کردبا کارەکە ئاسایی بوو، لەوانەیە

بەچاوپۆشینەوە بۆمان قوتدرابا، بەلام کارەساتەکە باسی بواری فیکری یش دەکات، کە بێگومان لەو بوارە هێشتا زۆری ماوە بڵێ، خاوەن کەسایەتیەکی فیکری وموفەکیر بێت.

لە هەمووی ترسناکتر ئەوەی وابزانێت بە پێی قسەی پێغەمبەر ئەو گەورەیە، بەپێی خەون وخەیاڵاتی یان زیندە خەونەکانی، چۆن ڕێگا دەدات رەخنەی لێ بگیرێت، لەلای ئەوانەی موئەیەد نین بەو ئیلهاماتە ئیلاهیانە وفیوزاتە رەحمانیانە! ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە ئیدیعایەکی زۆر غەریبدا پاساوی زەرورەتی گوێڕایەڵی کردنی خەڵک بۆ ئەو گوایە لە قسە وئامۆژگاری پێغەمبەرەوە [د.خ] هاتوە کە دەڵێ:"ئەوە ڕەنگە ئامۆژگاری پێغەمبەریش بێ بۆ من کە فەرموویەتی: خوای پەروەردگار بە هۆی ئەو نارەحەتی وتاقیکردنەوانەوە تۆی گەورە کردوە، ئاگات لێ بێ خەڵکێك بچووکت نەکاتەوە" ل٣٦١!!!

نازانم ئەو حەدیسە رواە کێ یان کێ ڕیوایەتی کردوە؟! ئەگەر بە نارەحەتی وتاقیکردنەوە با، دەبوایە سەید قوتب ببێتە ئەو مەهدی مونتەزیرەی کە شیعە وسونە چاوەڕوانی دەکەن بە پەرۆشیەوە. کەوابوو کێشەکە لە ڕەخنە زانستیەکانی کاک مەسعود عەبدولخالیق دا نییە هێندەی لە عەلی باپیر وهەڵاوسانی منی بالایەتی[4].

---

4 ٢٠١٢/٩/٢

# عەلی باپیر وئیدیعا بێ سنورەکانی!!

لە کتێبی ئەشکەنجە وزیندانیش کۆمەڵێك خەونی سەیروعەجیب دەگێڕێتەوە کە بە عەلی عسن مجید وجەماعەتەکەی وتوە: لە کتێبی: (ئەشکەنجە و زیندان) دا پاش ئەوەی باسی ئەو سەرکردە دۆڕاوانە دەکات وخۆی بە فریاگوزاریان دەزانێت لە دۆزەخی رۆژی قیامەت "من لە ڕووی دڵسۆزیشەوەشتانەتان پێدەڵێم، بۆ ئەوەی لەسەری بوون چیدی لەسەری نەچن،... دەڵێم لانیکەم گەر دونیاشتان چوو، با قیامەتەکەتان هەبێت، خۆ من دڵسۆزتانم"ل ٢٥٥ خۆی لێ ببوە پێشەوای ئەو دۆڕاوانە "چونکە من ئیمامیشیان بووم وپێشنوێژم بۆ دەکردن، بانگم بۆ دەدان، دیارە من هەر ئەوە نەبووم وەکو نەیارێکی فیکری، ئەوان بە چاوی پێشەوایەتی تەماشایان دەکردم، وەکو بڵێی بەرپرسی دونیا ودینیان بم.." ل ٢٥٥

لە پاداشتی ئەو دەروێشیەتەیان بۆ عەلی باپیر، شێخ عەلی باپیر سەرانی ڕژێم دەکاتە موریدەکانی خۆی!، کاتێ پرسیاری لێدەکەن دەربارەی ئەو سەرانەی بەعس کێن کە باسی تەوبە وعیبادەت وتاعەتیان دەکەیت بە سەرسامیەوە، بەوپەڕی سادەییەوە دەڵێت:"وەڵلا پێم خۆش نییە ناوی کەس بەرم، موریدەکانی خۆم پێم خۆش نییە ناویان بەرم!!" سەرانی بەعس بە موریدی خۆی حساب دەکات، نیشانەی سەر سوڕمانەکە لەلایەن ئەنجامدەری چاوپێکەوتنەکانی کتێبەکە دانراوە!

ئەوەی داوا لە سەرکردایەتی حزبەکەی بکات نەك قاعیدەی فەقیروعەوام بەرز بنەوە بۆ ئاستی عەلی باپیر، نەك ئەوان ئەو دابەزێنن بۆ ئاستی نزمی خۆیان، چۆن ڕێگا بە ڕەخنە لێگرتنی دەدات، لەو بارەیەوە دەڵێت:"...بەڵام واش چاوەڕێ ناکەم هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئاستی بەندەدا بن، چونکە جارێك پێیانم گوت: ئەگەر هەرچی من دەیڵێم ولە توانامدا هەیە، ئێوەش وابڵێن بەو شێوەیە بن، ئەی بۆچی من برا گەورەتانم؟ دیارە دەبێ من هەندێ شتی زیادەم پێ بێ، جا دەبێ سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی هەوڵ بدات خۆی بێنێتە ئاستی من، نەك من نزم کاتەوە بۆ ئاستی خۆی"!!! ل ٣٦٠-٣٦١
ئەوەی پێی وابێت، چەند هۆیەکی غەیبی و تەلیسماوی هەبێت کە ئەو ئیمتیازەی پێ دەدات شتێکی زیادەی پێ بێت لە بواری فیکری وڕوحی وئیمانی وپشت بە خوا بەستن، وەك دەڵێت: " دیارە دەبێ من هەندێ شتی زیادەم پێ بێ "یان وەك دەڵێت: " بەڵام بەڕاستی ئەوەش دەزانم کە من هێندێ شتم پێیە، خەڵک هەمووی پێی نییە، لە بواری فیکری وڕوحی وئیمانی وپشت بە خوا بەستن" ل٣٦١، چۆن گوێ دەگرێ بۆ ئەوانەی ئەو شتانەیان پێ نییە؟ ئەگەر هەر باسی لە بواری ڕوحی وئیمانی وپشت بە خوا بەستنیش کردبا کارەکە ئاسایی بوو، لەوانەیە

بەچاوپۆشینەوە بۆمان قوتدرابا، بەلام کارەساتەکە باسی بواری فیکری یش دەکات، کە بێگومان لەو بوارە هێشتا زۆری ماوە بلێ خاوەن کەسایەتیەکی فیکری وموفەکیر بێت.

لە هەمووی ترسناکتر ئەوەی وابزانێت بە پێی قسەی پێغەمبەر [د.خ] ئەو گەورەیە، بەپێی خەون وخەیاڵاتی یان زیندە خەونەکانی، چۆن ڕێگا دەدات رەخنەی لێ بگیرێت لەلای ئەوانەی موئەیەد نین بەو ئیلهاماتە ئیلاهیانە وفیوزاتە رەحمانیانە! ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە ئیدیعایەکی زۆر غەریبدا پاساوی زەرورەتی گوێڕایەڵی کردنی خەڵک بۆ ئەو گوایە لە قسە وئامۆژگاری پێغەمبەرەوە [د.خ] هاتوە کە دەڵێ:"ئەوە ڕەنگە ئامۆژگاری پێغەمبەریش بێ بۆ من کە فەرموویەتی: خوای پەروەردگار بە هۆی ئەو نارەحەتی و تاقیکردنەوانەوە تۆی گەورە کردوە، ئاگات لێ بێ خەڵکێك بچوکت نەکاتەوە" ل٣٦١، نازانم رواە کێ یان کێ ڕیوایەتی کردوە؟!

ئێستا ئەوەشی زیاد کردوە گوایە خوای دیوە لە خەو وجەولەیەکی پێکردوە حول العالم، کەسێك ئەو ئیدیعایە بکات وئیدیعای ئەوەش بکات کە پێغەمبەر [د.خ] ئەمری کردوە گوێڕایەڵی ئەو واتە علی باپیر بن، چیماوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەروونی نەرگزیەتی؟! بە دوری نازانم ئیدیعای مەهدیەت بکات، چونکە لەو ناوچەیە تا ئێستا مەهدیەکی لێ دەرچوە وباگراوەندێکی مەهدەوی هەیە[5].
26/3/2013

[5] ٢٠١٣/٣/٢٦

# عەلی باپیر خۆی بۆتە پاشکۆی دواکەوتوترین حزبی عەلمانی!

عەلی باپیر، رەخنە لەرابردوی حزبەکەی دەگرێت دەڵێت "بەهۆی کەموکورتیی خۆمانەوە، نەمانتوانیوە دەنگی خەڵك بەدەستبهێنین "
لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ کادرانی رێکخستنەکانی سنوری مەڵبەندی سلێمانیی کۆمەڵی ئیسلامی، عەلی باپیر ئەمیری حزبەکە، دانبەوەدادەنێت، کە لەرابردودا مامەڵەیان لەگەڵ خەڵدا خراپ بوەو، ئێستاش بەهۆی "کەموکورتی"ی خۆیانەوە نەیانتوانیوە متمانەی خەڵك بەدەستبهێنن .
لەو کۆبونەوەیەدا، کە شەوی ٢٠١٣/١/ ١٢ی ئەم مانگە، بەرێوەچوە، باپیر وتویەتی "لەهەرێمی کوردستاندا، سەرەرای تێبینی لەسەر چۆنێتیی هەڵبژاردنەکان، بەڵام یەکێتیو پارتی توانیویانە دەنگی خەڵك بەدەستبهێنن، بەڵام ئێمە بەهۆی کەموکورتیی خۆمانەوە نەمانتوانیوە دەنگی خەڵك بەلای خۆماندا رابکێشین ."

ئەوەی سەیرە ئەمیری کۆمەڵ، لەبەشێکی تری وتەکانیدا، جارێکی تر هێرشێکی توندی کردۆتەسەر عەلمانیەتو لیبرالیەتو مارکسیەت لەکوردستانو وتویەتی "ئەمانە فەشەلیان هێناوەو خەڵك چەواشەدەکەن". داوایشیکردوە، کار بۆ بەدیهێنانی سیستمێکی ئیسلامی بکەن.
جگە لەهێرشکردنە سەر عەلمانیەت، لەو وتارەدا، باسی دیموکراسی بەشێوەیەك کردوە، کە تەنها بۆ سیستمو ئاڵوگۆری دەسەڵات باشە، کە ئەوەش خاڵی لاوازی عەلمانیەتە بەرای من کە چۆن رێگا بە حزب وگروهی فاشیستی دینی دەدەن بە پەیژەی دیموکراسیەتەوە هەڵگەرێ! ئەو ئیسلامیانە عەلمانیەت تا ئەوەندە پێ باشە، کە ئارەخۆرێك مزگەوتی پێ باشە بۆ ئاودەستەکانی!

باپیر و حزبەکەی، خۆی بۆتە پاشکۆی دواکەوتوترین حزبی عەلمانی ورۆژانە ماستاوی خەستیان بۆ دەگرێتەوە، کەچی پۆزی ئیسلامیەت وتوهرانیەتی خۆی لەسەر خەڵك لێدەدات، قوربان جەنابت بورغوێکی بچوکی ئەو مەکینە زەبەلاحەی دەسەڵاتی گەندەڵین، خەریکە خەڵک هەووی لێتان بە ئاگا دێت، وئەو قسە زلانە هیچی تر کاریان لێ ناکات دەسەڵات خراپ نیە لەبەر ئەوەی دیموکراتی ولیبرالی وعەلمانیە، بەڵکو پێچەوانەکەی ئەوەیە، کە دەسەڵاتێکی بەراستی لیبرالی و دیموکراتی وعەلمانی نییە! خۆزگە دیموکراتی هەقیقی ولیبرالی بایە با

عەلمانیش بایە ئەو کاتە دەتدیت چۆن خەڵک بە خوێن وگیان، بەرگری لە حوکمەکەیانی دەکرد، خەڵک بەدوای ئایدیۆلۆژیا ناگەڕێت کە ئەوەندەی بەدوای عەدل ودادپەروەری دەگەڕێت.[٦]

## ژەمەک نان و مریشک لە نوێژی جوعمە گەورەترە!

نازانم بۆ زۆر لە موعجیزە و کەراماتی دین هەر لە دەوروبەری خواردن و خوارنەوەیە! دەیان موعجیزەی زیادکردنی خواردن وخواردنەوە لە نێو موعجیزاتی پێغەمبەران هەیە، هەتا حەزرەتی مەسیح ئاو دەکاتە شەڕاب، کە لە حەفلەی تەعاروف شەڕابیان لێ دەبڕێ!
مامۆستا عەلی باپیر لە کتێبەکەی دەربارەی زیندانی ئەمریکییەکان دەڵێ حەزم زۆر لە پرتەقاڵ بوو، دوایی ڕۆژێ لە خەو هەڵسام دیتم پرتەقاڵێک لە سەر تاقی پەنجەرەی ژوورەکەم دانراوە، دوایی چووم لە زیندانیە عەرەبەکانم پرسی ئەنگۆش پرتەقاڵیان پێداون؟! هەموویان گووتیان نەخێر!

زیندانییەکان زۆربەی پلە یەک و دووی حزبی بەعس بوون، ئەمیری کۆمەڵ وەک لەوێ باسی دەکات ومن بە درێژی لەسەرم نووسیوە، ڕۆڵی ڕزگاریکەری ئەو بەعسیانە دەبینێت، وەک دەڵێ پێیانم گووت هەر وەک چۆن دنیاتان فەوتاوە با ئاخیرەتتان نەفەوتێ! من وا هەست دەکەم ئەو بەعسییە چەتونانە پێیان ڕابواردبێ، چونکە وەک خۆی باس دەکات زۆر قووڵ چوبوە ناو دەوری شێخ و موفتی و ڕزگارکەر!
مەلا کرێکاریش باسی موعجیزەیەکی مەلا جەمیلی یەکگرتوو دەکات، ئەویش موعجیزەی مریشکە! دەڵێ مەلا جمیل لە سەردەمی لاوێتیدا بۆ چارەسەری چاوی چۆتە بەغدا لەگەڵ باوکی، ئەو سەردەمە زۆریش هەژاربوون! ڕۆژی جومعە بووە باوکی ویستیتی بچێتە نوێژی جومعە چاوەڕێی پاسی کردووە، کابرایەک هاتووە و زەرفێکی لای باوکی مەلا جمیل داناوە و پێیگوتوە کەمێکی تر دێمەوە با لات بێ!

باوکی مەلا جمیل یش هێندە چاوەڕێی دەکات هەر ناگەڕێتەوە، تا نوێژی جومعەشی دەڕوات! کە دەگەڕێتەوە لای مەلا جمیل لە نەخۆشخانە، دەڵێ کورِم نوێژەکەم چوو لەبەر ئەو زەرفەی کابرایەک بە ئەمانەت لای دانام نەمتوانی شوێنەکە بەجێ بهێڵم!
مەلا جمیلیش زۆر بە موسەیتری دەڵێ زەرفەکە بکەوە مریشکی سورەوەکراو یان بە هەولێری سۆرکراوی تێدایە. وەڵڵا زەرفی دەکاتەوە وایە مریشکی برژاوی تێدایە! بابی دەرێ: کورە جمیل ئەتووکووت زانی؟!! مەلا جەمیل یش دەرێ: ئەوە سێ ڕۆژە حەزم چوویتە مریشکی سۆرکراوە زانیم ئەوە خوا بۆی ناردووم!

---

[٦] ٢٠١٣/١/٢٨

ئەگەر ئەو موعجیزە و کەرامەتە ڕاست بێت، ئەوە لای خوا پێدانی ژەمێک مریشکی سۆرکراوە هەر بۆ نەوس وئارەزوو نەک لەبرسان، چونکە مەلا جمیل حەزی لە مریشکەکە بووە نەک برسی بێت و نەبێ بیخوا! لە نوێژی جومعەش گەورەتر و گرنگترە، هەرچەندە نوێژی جومعە لە قورئانیشدا باسی هاتووە، دەڕێ ئەی ئیمانداران ئەگەر بانگدرا بۆ نوێژی جومعە بڕۆن بەرە و یادی خوا و واز لە کار و کڕین وفرۆشتن بهێنن، ئەوەیان خێردارترە ئەگەر بزانن!

)يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ(

دەبینن ئایەتەکە دەڕێ کردنی نوێژەکە خێری زیاترە لە هەموو کار وبارێک، کەچی ئەو ڕووداوەی کە مەلا کرێکار دەگێڕێتەوە دەردەکەوێ گەیاندنی ژەمێک مریشکی سۆرکراوە بۆ مەلا جمیل کە حەزی لێ چوو بوو زۆر گرنگترە لە کردنی نوێژی جومعەی باوکی مەلا جمیل! باشە نەدەبوو پاش نوێژی جومعە خوا ئەو مریشکەی ناردبا، یان لای خواش تێرکردنی ئارەزووی یەکێک چاکترە لە نوێژەکە؟!

ئەمن لەو کەرامەت و موعجیزەیە ناگەم، خوا ژەمێک مریشکی سۆرکراوە هەر بۆ خۆشی دەنێرێت بۆ عەبدێکی، چۆن ژەمێک خواردن بۆ ئەو موسڵمانە هەژارانەی بەنگلادش و پاکستان و ئەفریقیا نانێرێت کە لە برسانا ملیۆنەهایان دەبنە مەسیحی ودین دەگۆڕن؟[7]!

[7] ٢٠٢٠/٧/١٩

# سەرسامم بە بیرکردنەوەی عەلی باپیر

بەڕاستی پیاو سەرسام دەبێت بەو بەرگریە و نەفەسە درێژە و گەشبینیە بێ بنەمایەی عەلی باپیر لە حوکمی ئیسلامی وەك چارەسەرێك بۆ هەموو کێشەکانی سەردەم!!!

حوکمێك لەسەر ئاستی دەوڵەت و حزب و گروپ و میانڕەو و توندڕەو نەیتوانی بچووکترین خێر پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات بەڵکو پێشکەشی موسڵمانی بکات، بەڵکو دزێوترین نمونەی لە مێژووی بەشەریەت خستە بەرچاوی دنیا، دەبێت ئەو مامۆستایە موژدەکەی لە کوێ سەرچاوەی گرتبێت؟!

سەیرم بەوە دێت کە ئێمە بەر لە پازدە بیست ساڵێك بەو شێوەیە ئایدیالیە بێ بنەمایە لە ژێر کاریگەری بەناو ڕابوونی ئیسلامی دا وا بیرمان دەکردەوە، جا نازانم مامۆستا عەلی باپیر لەبەر سەرقاڵی بە سیاسەت وحزب گەشەی عەقڵی و فیکری ڕاوەستاوە یان ئێمە خوا لێی گۆڕین و بووینە فەرمەسۆن؟!

ئیشکالیەتی وتارەکانی عەلی باپیر هێندە زۆرن من دەتوانم ئەگەر کاتی بۆ تەرخان کەم بە دوو سەد لاپەڕەیەك وەڵامی ئەو هەموو هەڵانەی مێژوو و تێگەیشتنی بدەمەوە. [٨]

---

[٨] ٢٠١٦/٤/١١

# نەوشیروان و دەوڵەتی ئیسلامی عەلی باپیر!

کێشەیەکی ئەو ڕابەرانەی ئیسلامی سیاسی ئەوەیە، کە ناتوانن بچوکترین کار بۆ خوا بکەن بەبێ مەرایی کردن و ڕێکلام کردن بۆ خودی خۆی و پرۆژە دینییە سیاسیەکەیان.

بۆ نمونە کە ئیسلام دەڵێت: خێرێکت کرد با دەستی ڕاستەت نەزانێت، دەستی چەپەت چی بەخشیوە، کەچی کاکی ئیسلامی تا تەبەقیەك هێلکە یان کیلۆیەك گۆشت دەبەخشێتە داماوێك، سەد وێنە و سێڵفی لەگەڵ دەگرێت، کە ئەوە دژی دینە!

کە دەچن بۆ هەر بۆنەیەك ئەوە کاریانە، جڵەوی مەجلیس وەردەگرن قسە لە ڕەهایەتی دینیش ناکەن، بەڵکو باسی دینێکی بە سیاسیکراوی تا سەر ئێسقان دەکەن.

کە ئەو بۆنەیەش تازیە و ماتەم بێت، لەبەر ئەو ڕەهبەتەی مەرگی ئازیزێك، دۆستێك، کەس وکارێك دروستی دەکات، پڕ ترس و لاوازیان دەکات، چاکتر وەزعەکە دەقۆستنەوە، بۆ زیاتر تۆقاندنی خەڵك لە مردن و کیتاب و حیساب و عەزابی قەبر، و دوایش باسی جێبەجێ کردنی شەریعەت لە هەموو کایەکانی ژیان ودەوڵەت، ئەوەشی باوەڕی بەوە نەبێت یانی فڕی بەسەر ئیسلامەوە نییە –هەڵبەتە بەپێی تێزی ئیسلامی سیاسی- با هەر نوێژبکات و ڕۆژووش بگرێ!

عەلی باپیریش، کە من زۆر سەرسامم بەو جەوە میسالییە ئیمانییەی تێیدا دەژێت، تا ڕادەی ئەوەی هەست ناکەیت ئەو هەموو قەیرانە قوڵانەی جیهانی ئیسلام و موسڵمانان و تێزەکانی خودی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی کە بەربینیان گرتووە، یەك زەرە کاری لەو پیاوە کردبێت، و نەیگۆڕیوە و نایگۆڕێ، چونکەبە هەمان زمانی سەحوەی ئیسلامی ساڵانی پەنجا و شەست وهەشتاکان دەدوێت!

ئەو وادەزانێت خەڵك وەك ئەو هێشتا تووشی ڕاتەکان و تۆقان و ماڵوێرانی نەبووە، بە دەست چەندین فۆرمی سیاسی ئیسلامی، لەوپەڕی میانڕەوەوە بۆ ئەوپەڕی قاعیدە و داعشەوە! عەلی باپیر ئەو بۆنەیەی قۆستەوە بۆ وروژاندنی یادگاریەک کە لە نۆڤەمبەری ١٩٨٧ لەنێوانیان ڕوویداوە، بۆ تەرویجکردن بۆ لوتکەی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی کە دەوڵەتی ئیسلامییە. باپیر گووتی نەوشێروانێکی وا لێکۆڵەر و توێژەر، پێی گووتوە هەزار ویەك پرسیاری لە دڵدا کەڵەکە کردوە، لەسەر ئەوەی ئیسلام چی پێیە بۆ نەتەوە و نیشتیمان و بۆ کورد، بینینی مامۆستا عەلی باپیری بە فورسەت زانیوە تا وەڵامەکانی بداتەوە، کە وەڵامەکانیشی گوێ

لێبووە، نەوشێروان زۆر سەرسام بووە پێیان و فەرموویەتی: ئیسلامێك ئەوها باوەڕی بە مافی گەلان و ئازادی تاکەکان هەیە و دادگەری پێیە، من بە دەوڵەتێکی ئیسلامی کوردی ڕازیم!

جارێ من باوەڕم بەوە نییە دەوڵەتێك دروست بێت بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی کوردی! کە ئیسلامی بوو کوردی نابێت! بە پێچەوانەوەش. چونکە ئیسلام دان بە سنوورەکانی نێوان گەلان داناهێنێ، بۆی هەیە مەغریبیەك ببێتە دەمراستی، یان سعودی و میسریەکی وەك بن لادن و زەواهیری ببنە چاوساغی دەوڵەتی تاڵەبانی ئەفغانی!

دووەم: گێڕانەوە قسەی مرۆڤی کۆچکردوو، بۆ سەلماندنی بابەتێك کە مەتڵەبی خۆت بێت، کارێکی باش نییە هەتا ئەگەر ڕاستیش بێت، چونکە ئەوە کاتی خۆشی ئەبو هورەیرە هەر حەدیسێکی گوتبا کەسانێك لێیان قبوڵ نەکردبا یان داوای بەڵگەیان لێکردبا دەیگووت: فلانی کوڕی فلانی [مردوو] بەمنی گوتووە! یانی کەسێکی مردووی بە شاهێد دەگرت.

سێیەم: تۆ ئەو کاتە دەبێت تێگەیشتنت بۆ ئیسلام و عەلمانیەت، زۆر توند بێت بەپێی کتێب و ڤیدیۆ کۆنەکانت، کە با ئاشکرا تەکفیری عەلمانیەت و هەڵبژاردن و دیموکراتیەت دەکەیت، دەبێت ئەو ئیسلامەی بۆ کاك نەوشێروانت باس کردوە هەمان نوسخەی ئەو کاتە بوو بێت، بەو هەموو توندوتیژیە لە جیهانبینت بۆ ئیسلام، کە تا ئێستاش کە نیوەی ساڵی ٢٠١٧ یە ڕزگارت نەبووە لە زۆر لە بیروڕاکانی ئەوسات، باشە ئەگەر ڕاست بێت، چۆن نیوشێروانێکی چەپرەوی نیمچە دیموکراتی ئەو کاتە ڕازی بووە بەو نوسخەیەی ئیسلام؟! یان تۆ موجامەلەت کردوە بە تەواوی بۆت عەرز نەکردوە، یانیش ئەو لەبەرئەوەی تۆ میوانی ئەو بوویت موجامەلەی کردوویت بەو قسەیە.

ئینجا نێوشێروان ئەگەر هێندە سەرسامی پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی بوو بێت، بۆچی لە پڕۆژەی گۆڕاندا تەبەنای بەشێکی پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی نەدەکرد؟! تەنها کارێکی کە کردی ئەوە بوو پەی بە کاریگەری دینی ئیسلام برد بەسەر میللەتەکەی، و ئەو دژایەتییە توندە چەپرەوەی سێکیولاری کوردی بۆ دین کاڵکردەوە، ئینجا پردێکیشی بۆ ئیسلامیە ڕاڕاکان لە پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی دروست کرد، لەو ڕێگایەوە دەیان و سەدان کادیری چالاکی ئیسلامی سیاسی هێنایە ناو پڕۆژە سێکیولارە دیموکراتیەکەی گۆڕان.

ئیتر دەوڵەتی ئیسلامی کوردی چی؟! دەترسم ئەو قسەیەی مامۆستا عەلی باپیر بۆ دوو مەرام گوترا بێت، یەکەم وەك لەسەرەوە باسم کرد بۆ ڕاکێشانی دڵی گۆڕانخوازان، و تەرویج وبرەودان بە پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی، کە نێوشێروان زۆر لێی دوور بوو، دووەمیش لە ترسی

تەکفیرکردنێکی توندڕەوان وایگوتبێت، تا بڵێ بۆیە وا چووم بۆ تازیەی ئەو پیاوە، چونکە خۆشی ئیسلامیەکی خەت مایلی ناو سێکویلاریزمی کوردی بوو![9]

## داعشیش ڕازی نین لە دیبەیتەکەی عەلی باپیر!

ڕاستیەکەی مامۆستا عەلی باپیر بەو شێوەیە ڕەگورێشەییەی باسی حوکمی ئیسلامی دەکرد، و سێکیولاریزمی بەو جۆرە دزێو دەکرد، تا ئەو ڕادەیەی دەیگووت کۆمەڵگایەکی ئیسلامی جێی سێکیولاریزمی لێ نابێتەوە، هەموو کەسێك هەست بەو هەڤدژیە خودیە دەکات کە تێی کەوتبوو.

لەلایەك بەژدارە تا ئەو ساتەش، لە حکومەتێکی سێکیولار ئەگەر بەناویش بێت، و وەزیر و پەرلەمانتاری هەیە تێدا، بەژدارە لە کۆی پرۆسێسی دیموکراسی سێکیولار، لەلایەکیتر هیچ خاڵێکی پێکگەیشتنی نێوان ئیسلام و سێکیولاریزم نەدەدۆزیەوە، هەر باسی خراپی لایەنی ڕەوشتی پێوەری ئیسلامی کۆمەڵگا سێکیولارەکانی دەکرد، بەڕاستی هەڤدژیەکی قووڵە ئەو پیاوە تێیکەوتووە لە ڕووی تیۆریەوە، چونکە لە ڕووی پراکتیزەوە پێچەوانەی تیۆرەکانی خۆیەتی.

داعشیەکانیش هەستیان بەو هەڤدژیە کردوە بۆیە لە بەرامبەردا ئەکاونتێکی داعش لە تویتەر بە ناوی "موزمەجەرە ئەلدولاویە" لەسەر قسەکانی عەلی باپیر دەنووسێت، عەلی باپیر دژایەتی عەلمانییەت دەکات، کەچی بەرگری لە پێشمەرگە و ئاسایش دەکات و بەشدارە لە حکومەتی کوردستاندا.

ئەگەر وتاری عەلی باپیر بڕۆکەک لە سەردەمی پێشوو جیاواز با، پاش ئەو هەموو ساڵانەی بەژداری لە دەسەڵات و یاری دیموکراسی، دەمگووت درۆ دەکەن داعش، بەڵام بەخوای داعش لەو قسەیەی زۆر ڕاستگۆن...ناکرێت ئیسلامیەکی وا بێ موجامەلە بیت و بەژداریش بیت لە یاری سیاسی دیموکراسی سێکیولاری.![10]

[9] ٢٠١٧/٥/٢١

[10] ٢٠١٦/٤/١١

# تەڕتووسی عەلی باپیر کافر دەکات!

سەلەفیە جیهادییە کوردەکان تەڕتوسی لایان گرنگە، دەیان پرسیاری شەرعی لیدەکەن، کاتی خۆی پرسیاریان لێکردیش لەسەر عەلی باپیر و پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی، بەو شێوەیە لە سایتە کوردیە سەلەفیەکان هاتووە:

"ئایا بۆ موسڵمان دروستە دۆستایەتی موڕتەددەکان بکات یاخود یارمەتییان بدات یان هێندێك شوێنە سەربازییەکانی خۆی و چۆلیبکات بۆ ئەوان بۆ ئەوەی موسڵمانان بکوژن .. ... تاوەکو وێنەکە ڕۆشن بێت من دەربارەی عەلی باپیر و ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دژی برایانی ئەنصار ولئیسلام پرسیار دەکەم .. وبارك الله فیکم وجزاکم خیراً؟
وەڵام: الحمد لله رب العالمین.

ئەوکەسەی یارمەتی موڕتەددەکان و جگەلەوانیش لە کافرە موجریمەکان دەدات لەدژی موسڵمانە یەکخواپەرستەکان ، ئەوە کافر وموجریمە وەکو ئەوان ، ئەوەی عەلی باپیریش کردی .. بێگومان ئێمە بیستمان .. بریتییە لە خیانەت وغەدر وکوفر .. هەروەها ئەم پیاوە – بەهۆی ئەوکارە بەدوخراپانەی کە لێی زاندراوە –لەلای ئێمە تۆمەتبارە!!!

یەکسەر کافری کرد و لەلای جەنابی تۆمەتبارە[11]"!

[11] ٢٠١٦/٧/٢

# باپیر و سیاسەتی تەتبیعی لەتیف سەلەفی!

کێشەی ئەو پیاوە ئەوەیە زۆری خواردوە لەو بازرگانیەتەی دین و دەستی لێ بەرنابێت بە ئاسانی .
ڕاستە خەڵکی کورد یادەوەری لاواز و کورتە بەس تا ئەو ڕادەیەش نا، وا بە ئاسانی کردەوە چەپەڵەکانت لە بیر بکات .
ڕۆژێك وتار لەسەر پێشمەرگە دەدەیت تا وەزعەکە سروشتی کەیتەوە!
ڕۆژێکی تر دەچیتەوە سەر مینبەر بە نایاسایی!
ڕۆژێکی تر سەردانی حزبۆکە ئیسلامیەکان دەکەیت، سەرەڕای سەدان وتارت هەیە لەسەر بیدعەبوونی حزبی ئیسلامی و حەڕامی سەلام لێکردنیشیان!

بەس وەك تەڵەکەبازێکی کارامە، بۆ فریودانی شوێنکەوتوە ساویلکەکانت بیانووت بۆ ئەوەش هێناوەتەوە، کە سەردانەکەت لە بۆ باسکردنی کاروباری دەعوە، و بڵاوکردنەوەی ئیسلامێکی پاکی وەك خۆت بووە پاك بووە!

ئەی بۆ پێش سکانداڵەکەت ئەو جۆرە سەردانانەت نەدەکرد؟!
هەموو کارێکت لە پێناو تطبیع و سروشتی کردنەوەی وەزعی خۆتە!
خەتای تۆش نیە خەتای هیچ لەباری بەرامبەرەکانتە، کە ناوێرن بەرگری لە کەرامەتی خۆشیان بکەن!
خەتای ئەو مامۆستا ئیسلامیەکانی پەیمانگاکەتە کە تا ئەو ساتەش بۆیان داپۆشیت!
خەتای ئەو علی باپیرەیە کە تازە فەزیحەکەت ڕویدابوو لە جیاتی ڕەخنەت لێ بگرێت لەماڵەوە سەردانی کردیت بۆ پشتگیری لەسەر باتڵ!
خەتای بنکەی جەماوەری کۆمەڵە کە ڕازین بە هەموو هەڵەیەکی عەلی باپیر و سەرکردایەتیە دەستەمۆکەی!

خەتای ئەو سەرکردە ئیسلامیانەیە کە بۆتیان داپۆشیت، و ئێستاش سەردانیان دەکەیتەوە و پێشوازیت لێ دەکەن بۆ سپی کردنەوەی ڕووی لاپەڕەی ڕەشت. ئەخر خۆشیان دەیان فەزیحەتی وایان هەیە لێیان ناگیرێت .
هەتا حزبە بەناو عەلمانیەکانیش بۆتیان پەردەپۆش کرد، بۆ گلەیی لە حزبۆکەیەکی ئیسلامی بکەین، کە یەك مەنجەڵ دۆڵمەی تورکمانەکان بەشیان دەکات؟!

هەر نەبا دوو سێ ساڵ بێ دەنگ بایت، تا لەبیر میللەتی زاکیرە کورتی کورد دەچوویەوە، بەو پەلە پەلەیەت قەت بیرمان ناچێتەوە[12]!

## ئەوە عەلی باپیر بوو پشتگیری لەتیف سەلەفی دەکرد!

بەر لە فەزیحە گەورەکەی مەلا لەتیفی سەلەفی، هێندە زمانی تیژ بوو بەسەر ئیسلامییەکان شەو و ڕۆژ لە شیشی دەدان، بە چارەگی ئەوە قسەی نەبوو بەرامبەر گەندەڵی ودزی و دەسەڵات، بەڵکو ئەوسا و ئێستاش ئەو دەسەڵاتە بە وەلی ئەمری خۆی و خەڵکی دەزانێ!

کاتێ فەزیحەکەی لێقەوما هێندە وتاری لاواز ببوو، هیچیتر جوێن و ڕەخنەی ئاڕاستەی برا موسڵمانەکان نەدەکرد، بەڵکو سەردانیشی دەکردن لە بارەگاکانیان، کە پێشتر دەیگووت نابێ سەلامیش لەو بیدعەچیە حزبی و تەکفیریانە بکەیت!

ئیسلامییەکانیش زۆرینەیان کەوتنە داوی عاتیفیەتی دینی، هەزاران دەبەنگ لە کۆمەڵ و بزوتنەوە و هەتا لە یەکگرتووش پاکانەیان بۆی دەکرد، وخۆبەخشانە جوێنیان بۆ ئێمە ڕەوان دەکرد!

ئەو عەلی باپیرە بۆ ئەو فەزیحەتە گەورەیە و ئەو کێشە ئەخلاقییە قسەیەکی نەبوو، بەڵکو چووە سەردانی مەلا لەتیف بۆ پشتگیری کردنی و وێنەی دوو قۆڵیان بڵاوکردەوە! ئێستا لەسەر بابەتێکی تافیهی بەتاڵی وەک زەکاتی سەرفیترە بە دانەوێڵە بدرێ یان بە پارە، وەڵامی مەلا لەتیف دەداتەوە، مەلا لەتیفیش لە وتاری هەینی دەیان تۆمەت بۆ عەلی باپیر ڕێز دەکات، گوایە ڕێز لە سونەتی پێغەمبەر ناگرێت، مەلا عەلی باپیریش کوڕەکەی خۆی شەریف علی باپیری بە گژ وەنا، و وەڵامێکی مەلا لەتیفی دایەوە! وەك بڵێی زەکاتی سەرفیتر گەورەترە لە کێشەیەکی ئەخلاقی گەورە؟!

کوڕەکەی عەلی باپیریش، بە فەرامۆشکردنی ئەوەی کە باوکی و خۆی بەناویش بێت، لەناو سیستمێکی سیاسی عەلمانی شەرعیەتی بوونیان وەرگرتوە، ئاساری پارە ونیعمەتی ئەو ڕژێمە گەندەڵەیان پێوە دیارە، هێشتا لەگەڵ زاتی خۆیان ئاشت نەبوونەتەوە، دەڵێ مەلا لەتیف بە پێچەوانەی فەرمانی خوا لەگەڵ عەلمانیەکان نەرم ونیانە، لەگەڵ موسڵمانان (مەبەستی

[12] ٢٠١٦/١١/٥

ئیسلامیەکانە!) توند وتیژە وبۆتە گوندە و ڕێگر! یانی بە پێی فەرمانی خوا دەبێ باوکی وخۆی و باقی ئیسلامییەکان، توووند وتیژبن لەگەڵ عەلمانیەکان کە لەسایەیان دەژین، و نەرم ونیان بن لەگەڵ مەلا لەتیف و ئیسلامییەکان!

جارێ من لە هەموو مێژووی بەشەریەت مرۆڤی ڕوقایمی لەزگەی جۆنسنی وەک مەلا لەتیفم نەدیوە! هێشتا لە گەرمەی فەزیحەکەدا بوو، وازی لە مینبەر و دەرس وتنەوە نەهێنا، هەتا ڕۆژێ کە بە بڕیارێکی گەندەڵەکان گوتیان نابێ وتاربدات، بانگی دا! وردە وردە گەڕایەوە سەر مینبەر و دەرس و کەناڵی تەلەفزیۆنی، لە سایەی پشتگیری و بێ دەنگی ئیسلامییەکان، کە ئێستا لەتیف هەست بە گەڕانەوەی هێزی دەکات، دەیەوێ سەرلەنوێ بیانکوتێتەوە، هەتا لە زەکاتی سەرفیترەش خۆش نابێ، دەبێ هەرایان لەسەر بکات، وداوای دیبەیت دەکات لەگەڵ عەلی باپیر لەسەر کەناڵەکەی !

عەلی باپیریش دیارە تازە فەزیحەکەی بیرکەوتۆتەوە ودەڵێ:

لەگەڵ کەسێک دیبەیت ناکات قەزیەی ئابڕووبەری هەبێت!!!!

زوو نەبوو کاکە؟[13]!

13 ٢٠٢٠/٦/١١

# ئەمیری کۆمەڵ و نوگۆڕینی خورما وپیاز!

مامۆستا عەلی باپیر لە وتاری یادی دامەزراندنی کۆمەڵ لەسەر چەند ئاستێک قسەی کرد. ڕوئیایەکی تا ڕادەیەک نوێی خستە ڕوو، کە گرنگترینیان ئەوە بوو کە هیچیتر ئیسلامییەکان ئیسلام لە خۆیاندا قەتیس نەکەنەوە، و ناویش گرنگ نییە هەتا ئەگەر ناوی ئیسلامی لە کۆمەڵی ئیسلامی کرایەوە!

برادەرێکی کۆمەڵ یان کۆنە کۆمەڵ. نازانم لەگەڵیان ماوە یان نا!. ونزیک لە بازنەکانی کۆمەڵ، دەڵێ ئەو وتارە دەقا ودەق وشە بە وشەی پرۆژەیەکی کاک ئارام قادرە، کە بەر لە پێنج ساڵ وەک پرۆژەیەکی چاکسازی پێشکەشی کۆنگرەی کۆمەڵی کرد، بەڵام نەک هەر قبوڵ نەکرا، بەڵکو کاک ئارام زۆر ڕەخنەی توندی لێگیرا تا ڕادەی تەکفیر کردن!

ڕاستیەکەی شتی وا زۆر ڕوو دەدات لەناو توندڕەوان لە سەرەتا هەموو بیروبۆچوونت ڕەت دەکەنەوە، بەڵام پاش ماوەیەک ئەگەر مێشکی بە کراوەیی هێشتەوە، وکەوتە ژێر شەپۆلی گۆڕان دەبینیت تەبەنای هەمان ڕای تۆ دەکات!
من لە ئەزموونی خۆم دەزانم هەبوو زۆر دژایەتی بیروبۆچوونی کردووم، دوایی کە کەمێ گۆڕانی بەسەردا هاتوە هەڵوێستی زۆر گۆڕاوە و بەرگریشم لێدەکات!

دەکرێ عەلی باپیریش پاش پێنج ساڵ گەیشتبێتە قەناعەتەکانی ئارام قادری مەغزوبون عەلەیهیم، بەڵام لەوەدەچێ عەلی باپیر بیەوێ تەنها بە ناوگۆڕینێک ولادانی پاشگری ئیسلامی وابزانێ بابەتەکە چارەسەر دەبێ!

بۆیەش پێشەکیەکی دوور و درێژ دەهێنێتەوە، پێش ئەوەی باسی لادانی وشەی ئیسلامی بکات ودەڵێت دەست لەناوەرۆک نادەین تەنها شێواز دەگۆڕین !
یانی وەک مەلای مەشوور کاتێ خورمای دەفرۆشت، وهاواری دەکرد های پیاز، وەرە بۆ پیاز!
کە گوتیان بۆ خورما دەفرۆشیت وهاواری پیاز دەکەیت؟! گووتی: تا مێشەکان فریو دەم!

گۆڕانکاری هەقیقی ئەوەیە تۆ هەوڵی سەپاندنی ئایدیۆلۆژیایەک وبەرنامەیەک و شەریعەتێک نەبیت! ڕۆژی ئەوە بەسەرچوو بڵێیت: دیموکراسی ڕێگام پێدەدا دیموکراسی نەبم!
دەبێت پاش لادانی پاشگری ئیسلامی بزانین دەبیتە حزبێکی عەلمانی یان هەر ئیسلامی دەمێنیتەوە؟!

دەبێت هەڵوێستی ڕوونت لە عەلمانیەتیش دەرخەی، چونکە ئەو حزبە ئیسلامیانە و بە مەلا ئیسلامیەکانیشەوە، عەلمانیەتیان لای جەماوەری ساویلکەی وتاری دینی کردۆتە شەیتانی ڕەجیم! مەلا مەزهەر بە گۆچانێک هەڵدەستێتەوە لە ڤیدیۆیەک دوو سێ جار دەیگووت با عەلمانیەت دڵخۆش نەکات وابزانێ پیربووم!

منداڵە ئیسلامیەکانی فەیسبوک وسۆشیال میدیا، وەک جوێنێکی هەرە پیس جوێن بە عەلمانیەت و دیموکراسییەت دەدەن! نازانم چ گۆڕانێک لە هەڵوێست وبیری سیاسی دروست دەبێت کاتێ تۆ باوەڕت بە تەتبیقی شەریعەت بێت، وباوەڕیشت بەوە بێت عەلمانیەت ودیموکراسیەت شیرکە بە خوا؟![14]

---

[14] ٢٠١٩/٦/٣

# لێکردنەوەی پاشگری ئیسلامی لە کۆمەڵ!
# عەلی باپیر و خورما فرۆشتن بە ڕەسمی پیاز!

من تەمەنام دەکرد ڕاست نەبام کاتێ کۆمێنتم دا لەسەر ناوگۆڕینی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ کۆمەڵی دادگەری! بەڵام لە ژێر فشاری جەماوەری ساویلکەی ئیسلامی، هەتا جەماوەری ئیخوان المتلاعبین، کە پێشووتر جەماوەری کۆمەڵ بە شلگرتوو وەسفیان دەکردن، ئێستا ئەوانیش موزایەدە دەکەن بەسەر کۆمەڵ، تۆمەتباریان دەکەن بە شلگیری و عەلمانیەت! ئەو جەماوەرە بارگاویبە بە ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسی، بۆی قووت نادرێ، بۆ دەبێ ناوی ئیسلام لە حزبێکی سیاسی لێکەنەوە، بۆ ناوی کۆمەڵ لێ نەکەنەوە! بۆ ناوی ئیسلامی وا بە بەدبین دەبیندرێ تا ڕادەی ئەوەی پێویست بە گۆڕانی ولێ دەربازبوونی بکرێ؟ !

عەلی باپیر هاتە قسە و قسەکەی منی سەلماند، کە دەیەوێ پیاز بە ڕەسمی خورما بە خەڵك بفرۆشێ! دەڵێ چونکە پێشتر کێشمەکێشی ئایدیۆلۆژی زۆر بوو، خەڵك هەر یەکەی ناوی ئایدیۆلۆژیەکی لە خۆی نا، ئێمەش گووتمان ئیسلامیین!
شتێکی ترسناك وڕاستیش دەڵێ، دەڵێ ئێستا خەڵکەکە زۆربەی ئیسلامییە، هەرچەندە هێشتا خەڵکی سێکیولار و لیبراڵی ومارکسی و چی و چیش هەر هەیە! [هێشتا هەیە الحمد لله! چەم بێ چەقەڵ نابێ!]

لەوەش ترسناکتر وڕاستر دەڵێ: بەڵام ئەو دەسەڵاتە [هەمزە ئاغایەی] کە کوردستان بەڕێوە دەبات کەمتر هەڵگری ئەو ئیدیۆلۆژیانەن! [ئەسڵەن نە بیر ونە ئایدیۆلۆژیا و نە ڕەوشتێکیشیان نییە!] بەو واتایەی زۆر جەخت لەسەر تەبەنیکردنی و پابەندبوون بە ئەو ئایدیۆلۆژیانە بکەن. بەڵکو زیاتر خەریکی دەسەڵات وسامان و [دزی وحیزی و گەندەڵین] .

بەخوا ڕاست دەکات ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە باکیان نییە داعشیش شەقام و خەڵك داگیر بکات، تەنها لێیان گەڕێن بە کەمالی ڕاحەت، دزی وحیزی و گەندەڵی خۆیان بکەن. عەلی باپیر دەزانێ ئەو دەسەڵاتە وسەرانی چەندە هیچ وپوچن، بۆیە بێ ترسیش ئامادەی مونازەرە کردنە لەگەڵیان، وەك دیتمان چۆن لە مەلا بەختیاری مولحیدی ڕۆشنگەری ئەوسا، و ئیمانداری فەوزەوی سیاسی ئێستای بردەوە بە زەربە قازیە!

باپیر دەڵێ ئێمە تەنها ناوەکەمان لابردووە، نێوەڕۆکەکەمان هەمان نێوەڕۆکی جارانە! جا منیش دەمزانی!

سەیر لەوەدایە دیسان باگراوەندە سەلەفیەکەی دەدوێنێ، ستایشی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیبن تەیمیە و کەسانیتر دەکات، گوایە ئەوانە خۆڕاگر بوون وسابیت بوون لەسەر مەبدەئیان!

من باوەڕناکەم ئەوەی نیازی چاکسازی ومەدەنی بوونی هەبێ، ابن حنبل و ابن تیمیە ببنە ڕێ نیشاندەری! ئەو دووانە لە دامەزرێنەرە هەرە تووندەکانی فکر ومەزهەب و فیقهی سەلەفیەتن[15]!

[15] ٢٠٢١/٢/٢٤

# باپیر و ڕاڕایی ڕیفراندۆم!
# کەس لەو مەتەڵەی عەلی باپیر تێدەگات؟!

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئەگەر ڕیفراندۆم بڕیاری شەخسی بوو، وە هەموو ئەو دەرئەنجامانەی هەبوو وە هەڵەش بوو! بۆچی کۆمەڵی ئیسلامی لەڕۆژێك پێش ڕیفراندۆم ڕایگەیاند دەنگمان (بەڵێ)یە، و مامۆستا عەلی باپیریش دەنگی بەبەڵێ دا؟ عەلی باپیر وتی"نەخێرمان بۆ ڕیفراندۆم بوو، وە بەڵێمان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بوو، چونکە ئەوە مافی میللەتەکەمانە ئەوە دوو شتی جیاوازە،هەتا من ئەو قسەیەم بە پارتی و یەکێتی لەکۆبونەوە وت"کە دەنگمان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیە، نەخێرمان بۆ ڕیفراندۆمە و دوو مانگ لەمەوپێش(پێش ڕیفراندۆم) ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بڕیاری دەنگی بەڵێی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دا".

ئەتوو کە لە یەکەم ساتەوە لە بەرزترین ئاستەوە پارتی پێیان گووتی: ڕیفراندۆم دەکەین بە توکل علی الله !!!گووتت: من باشتر لە توکل علی الله دەزانم و وانابێ! چۆن لە تەنها ڕۆژێک پێش ڕیفراندۆم دەنگتان بۆ بەڵێ دا؟!

باشە من نە مەسعود بارزانیم دەدیت وەک تۆ و نە دەمزانی چیان وەعد پێداوە، ئینجا پاش درەنگانێک زۆر بە دڕدۆنگیەوە بڕیاری پشتگیری کردنی ڕیفراندۆمم دا، چونکە باوەڕم نەدەکرد ئەو هەموو ئیسراڕ و عینادیەی سەرۆک لەسەر ئەو بڕیارە بێ بنەما بێت! بەڵام تۆ کە هەموو هەقیقەتەکانت دەزانی و پارتی پێیان گووتی: تەنها بە تەوەکولی ئەو ڕیفراندۆمە دەکەین، بۆ وا لە کاتی بەسەرچوو تێ کەوتی و دەنگت بۆ بەڵێ دا؟!

بۆ وەک سەرکردەیەکی خەمخۆر دەرنەکەوتی بە خەڵک بڵێیت: خەڵکینە ئەو ڕیفراندۆمە زۆر بڕیارێکی هەڵەیە، چونکە بڕیاری تاقە کەسێکە سواری سەری خۆی بووە، و نە هیچ وڵاتێکی زلهێزی لە پشتە، و نەکەس وەعدیان پێداوە، جگە لە لێدوانە فشەکەرەکانی ئیسرائیل نەبێت، کە دوژمنایەتی عەرەب و موسڵمانانی ناوچەکەی زیاتر کرد بۆ کورد، و خێری قونکە جگەرەیەکیشی نەبوو بۆ کوردستان؟!

ئینجا ئەگەر هێندە نارازی بوویت بەو ڕیفراندۆمە، بەڕای تۆ شورەیی نییە سەردانی کەسانێك بکەیت کە بەئاشکرا لە کەرکوك دایانە پاڵ دوژمن؟! ئەگەر قورئان هێندە نرخی لات هەبا، لە

کاتێکی وا هەستیار ،پێشکەشی کەسانێکی وات نەدەکرد! ئێوە بە هەڵوێستەکانتان دەیسەلمێنن کە هیچ ڕێزێکتان بۆ قورئان و بەها ئیسلامیەکانی باسی دەکەن، نییە!

ئێوە دەبوایە خەڵک فێری هەڵوێست بکەن لە دژی خیانەتکاران، هەرنەبا هەڵوێستێکی بێلایەنتان هەڵبژاردبا!

ئەوە نە سیاسەتی ئیسلامییە، نە کوردایەتییە؟! بەڵکو ڤایرۆسی ئاسایی نیشاندانی خیانەتە!

ئەو قسانەم هەر بۆ عەلی باپیر نییە، سۆرانی مافی مرۆڤیشم مەبەستە، کە بە یاوەری عەلی باپیر قورئانیان بە دیاری بردبوو بۆ کوڕەکەی تاڵەبانی!

من ئەو هەواڵەی تۆم بزانیبا کە پارتی بە تەمای خوای و توكلت على الله ڕیفراندۆم دەکات، هەموو دنیام لێی دەنگ دەدا، نەک لە دوارۆژدا بەڵێی بۆ بکەم، ئێستاش بتەوێ بەو مەتەڵە: نەخێرم بۆ ڕیفراندۆم بوو، بەڵێم بۆ سەربەخۆیی بوو!!! خۆت دەرباز کەیت! ئەوە وەکوو ئەوە وایە بڵێی بەژدار بووم لە دابەشکردنی ئەفیون تا گەل بە درۆ بۆ ماوەیەکی کورت دڵی خۆش بێت!!!
لەگەڵ پیرۆزبایی هاوسەرگیرییە نوێیەکەت لەو ساتە پڕ خەمەتدا[16]!

---

[16] ٢٠١٧/١٠/٢٦

# ئەستێرەی ئیسلامی سیاسی
# لە ژینگەی گەندەڵیدا دەدرەوشێتەوە!!

عەلی باپیر کە دەڵێ: ئەستێرەی ئێمە بەرەو درەوشانەوە ودەسەڵاتیش بەرەو کزی دەچێت. ئەگەر بەر لە گوتنی ئەو وتەیە هەموو قسەکانی درۆ بن، لەوەدا ڕاست دەکات، بەڵام چۆن ڕاست کردنێك، لە درۆ تاڵتر وخراپتر.

ئەگەر چاو بگێڕین بە هەموو ئەو کاتانە و شوێنانەی کە ئیسلامی سیاسی تیایدا سەریان بەرزکردۆتەوە و ئەستێرەی بەختیان تیایدا درەوشاوەتەوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی، لە ئەفغانستان و پاکستان و هیندستان و بەنگلادش و ئەندەنوسیا و تورکیا و میسر و سوریا و سعودیە و قەتەڕ و سودان وجەزائیر و تونس و کوردستانیش هتد، دەبینین کە خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو شوێنانە وئەو کاتانە بوونی گەندەڵییەکی گەورە، ونەبوونی شەفافیەت ودەست پاکی و غیابی جێبەجێکردنی یاسا و نەبوونی دیموکراسیەتی هەقیقییە.

ئیسلامی سیاسی وەك چۆن دار خورما لە ژینگەیەکی زۆر گەرم پێدەگات، باشترین بەرهەم دەدات، و لە شوێنی سارد بەری پوچ دەبێت، بە هەمان شێوە ژینگەی ئایدیالی نەشونماکردنی بیری دینی سیاسی و قەیرانئامێز وخورافات نیگا، هەمیشە لەو ژینگە قەیراناویانەی موبتەلا بە کۆمەڵێ چەتەی دز و نادیموکراتی نەخوێندەوار، نا مرۆڤ، داماڵراو لە هەموو بەهایەکی جوان وئینسانی، بە جوانترین شێوە گەشە دەکەن.

هەر کاتێ دەسەڵات گەلدۆست، خەمخۆری خەڵك، دەست پاك و یەکسان ودادگەر، یاساپەروەر و دیموکرات بوو بەمانا هەقیقیەکەی، ئەو جوڵانەوە دینیانە سەرەڕای بەرفراونترین ڕووبەری ئازادی، کەمترین نەشونما دەکەن، دەبنە دیکۆرێکی جاڕسکەر لە پەراوێزی کۆمەڵگادا، تا ڕۆژگار تێدەپەڕێ ئەستێرەی ژاوە ژاو و زیقە زیقیان بەرەو کزبوونەوە وخامۆشیدا دەڕوات!

دەزانن بۆ ئەوە ڕوودەدات؟! چونکە لە ژینگەی گەندەڵی و ناشەفاف ونا دیموکراسی، دزێکی گەورەی دەورەدراو بە زنجیرەیەك لە دزی بچووکتر، یان حزبێک و دوان دەبنە ملۆزم و دیکتاتۆر وداگیرکەری هەموو داهاتێکی نیشتیمان، بە کەیفی خۆیان یاسا پێشێل دەکەن، تاڵانی سامانی وڵات دەکەن، ژیانی خەڵکی هەژار وئاسایی سەختتر وبەدبەختتر دەکەن. هەر ئەو

چەتانەی دەسەڵات تا بۆیان بکرێ خەڵکیش نەزان و نانیشتیمانی و بێ بەها و دەبەنگ دەکەن، تا خەڵك گەندەڵی وپیسی ئەوان بە چاوێکی ئاسایی سەیر بکات.

دەسەڵاتی گەندەڵ خەڵك خەریك دەکات بە وتاری دینی مەرگدۆستی، دنیا چەند قێزەونە لە ڕوانگەی مەرگدۆستی دینییدا، زیاتر قێزەونتری دەکات لایان، بەهای عەلمانیەت و دیموکراسیەتی هەقیقی و بەها مەدەنیەکان لای خەڵك زۆر دزێو دەکەن، بە ئیدیعاکردنی ئەوەی کە دەسەڵاتی گەندەڵی ئەو، دەسەڵاتێکی عەلمانی و دیموکراسیە! هەتا ئیسلامییە ساویلکەکانیش باوەڕیان کردوە کە پارتی ویەکێتی نمونەی فەشەلی سیستمی عەلمانیەت ودیموکراتین!

لەو لاوەش کۆمەڵی میدیای بخورسوتێنەر بۆ دەسەڵات، وکۆمەڵێ قەڵەمفرۆش و خۆفرۆش، وکۆمەڵێ بەناو هونەرمەندی گەواد و لەشفرۆش، کۆمەڵێ چەتەی چەقوکێش و لۆتی، کۆمەڵێ میلیشیای مەعاشخۆر وفریودراو بە دروشمی نەتەوایەتی لە خۆی کۆدەکاتەوە، ڕۆژانە خەڵك بە بەزمێك و قەیرانێك وکێشەیەکی لاوەکی خەریك دەکات.

غاز نەوت، بەنزین، مووچە، شەڕەجوێنی مەلایەك، تەکفیری نووسەرێك، فیلمێکی دوژمنان، ڕۆژی ئاڵا، ڕۆژی کورتان فڕێدان، ڕۆژی جلی کوردی، تا هەموو ئەوانە زیاتر لەبەرچاوی خەڵك بکەون!
خەڵك لەو ژینگەیە ناتەندروستە و پڕ لە قەیرانەدا تەنها ئاسمانی دەمێنێ تا پەنای بۆ ببا. چونکە خۆشی قوربانیەکی بچووکی مەکینەی زەبەلاحی گەندەڵییە، بە شێوەیەکی سیستیماتیکی کار لەسەر دەبەنگکردن و بێ ئاگایی کراوە، پاش هەندێ هەوڵ و خۆپیشاندان وبەرگری، دەبینێ دەسەڵاتی گەندەڵ بۆتە ڕێژەیەکی نەگۆڕ، بە پاڵپشتی دوژمنانی ناوەوە و دەرەوەش، بۆیە باشترین ڕێگا ئەوەیە، ڕوو بکاتە دادگەری دینی، کە تیایدا بە خەیاڵی ساویلکانەی خۆی مەڕ وگورك پێکەوە ئاو دەخۆنەوە!

سەیر لەوەدایە ئەستێرەی کۆمەڵی عەلی باپیر و یەکگرتوو و بزوتنەوەش، سەرەڕای ئەوەی کە لەناو ئایدیالترین ژینگەی گەندەڵی و دزی و ناعەدالەتی ونایاسایی ونادیموکراتیەت کاری خۆیان دەکەن، هێشتا ئەنجامەکانیان لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نییە. چونکە خۆشیان بەشێکن لەو مەنزومەی فەسادە، بە هەر جۆرێ لە جۆرەکان بەژداریان کردوە لە پتەوکردنی ئەو ژینگەیە گەندەڵە. هەر لە خودی عەلی باپیرەوە بڕوانین، لە کوڕە هەژارێکەوە تەنها بە نازناو ئاغا، ئێستا بە سێ چوار ژن و چەندین ماڵ ومولك و ئۆتۆمبێلی گرانبەها، وکارگە و چەندین ئەملاکی تر. ناز ونیعمەتەکانی گەندەڵی شوکر بۆ خوا لەسەر کوڕەکان ومنداڵەکانیشی ڕەنگیان داوەتەوە، هەتا ژنهێنانی کوڕێکی لە بازنەی نزیکی بنەماڵەی حاکمی گەندەڵ بوو. دەی ئەگەر خەڵك

دەبەنگ نەبێت و عەقڵی غایب نەکرابێت، چۆن فوو لە پشکۆی ئەستێرەی تێوەگلاوی ئێوە دەکات؟! بە پێی یاساکانی پێشینانی ئیسلام وەك سەعیدی کوڕی جوبێر دەیگووت هەتا ئەو پاسەوانە بەدبەختەی بەر دەرگای زیندانیش، وەك ستەمکاری پلە یەکی وڵات حیسابی بۆ دەکرێ، ژنەکەی لە ماڵەوە کە چێشتی بۆ دەکات و جلەکانی دەشوات بە یاریدەدەری ستەمکاران حسێبە!

ئێوە تۆ و یەکگرتوو و بزوتنەوەش تا سەرئێسقان لەو دەسەڵاتە گەندەڵە سوودمەند بوون، هەمان حیسابی ئەو دەسەڵاتەتان هەیە، ئێستا باسی ئەستێرە ومەستێرە دەکەیت؟! ئێوە خۆتان بەشێکن لە دیکۆری دیموکراتی موزەیەفی ئەو دەسەڵاتە، پێیەکتان لە سەربازگەی گەندەڵخۆرانە، پێیەکەی ترتان گوایە لە سەربازگەی ئۆپۆزسیۆنە! ناوێرن دڵی تورکیا وئێرانیش بڕەنجێنن بە لێدوانێك، دەی دەبێ فەرقی ئێوە ودەسەڵاتی گەندەڵ چی بێ؟![17]

---

[17] ٢٠٢١/٢/١١

محەمەد هەریری

# ڕاستی لە کوێیە لە شەڕی بەڵگەنامەکانی پارتیوکۆمەڵ دا؟!

لەو چەند رۆژەی دواییدا هەموو لایەك ئاگاداری ئەو شەڕە میدیاییەی نێوان پارتی وکۆمەڵی ئیسلامی بوو، کە بە هێرشێکی چروپری تەلەفزیۆنی زاگرۆس دەستی پێکرد وبە وەڵامدانەوەیەکی توندتری کۆمەڵ کۆتایی یان پێی هێنا.

بێگومان نە بەڵگەنامەکانی زاگرۆس لەسەر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی عەلی باپیر لەمەر پەیوەندیەکانی بە ڕژێمی بەعس نوێ بوون وخەڵکی ڕاچڵەکاند وتوشی چورتم کرد، نە وەڵامەکانی کۆمەڵیش نوێ بوون وهیچ شتێکی نوێی خستە سەر ئەو شتانەی کە خەڵك دەیزانن دەربارەی پارتی.

بێگومان شەڕەکەش هۆی سیاسی هەنووکەیی لە پشتە، کە زۆر بە زەقی دەتوانرێت چڕ بکرێتەوە لە بەشداری کردنی کۆمەڵ لە نارەزایەتیەکانی سەرای سلێمانی، وئەو چاوپێکەوتنەی عەلی باپیر لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس، کە تێیدا زۆر بە ڕاشکاوی هەموو ڕەخنەکانی لەسەر دەسەڵات خستەڕوو، ولە قسەکانی وا دەرەنجام دەکرا کە هیچی تر ئەگەری گەڕانەوە وخامۆش بون نیە لەلای کۆمەڵ، وئیتر بڕیاری یەکجارەکی جیابوونەوەی داوە لە دەسەڵات، سەرەڕای ڕەتکردنەوەی بانگهێشتکردنی پارتی ویەکێتی بۆ کۆمەڵ و یەکگرتوو بۆ ئێران، کەتێیدا دەسەڵات سوکایەتیەکی گەورەی بەو دوو حزبە کرد، وبەزمانی حاڵ پێیان دەڵێت ئێوە دەسەنە ودروستکراوی ئێرانن، ئەوە لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ خودی خۆتان ڕاستەوخۆ قسە بکەین لەگەڵ ئاغاکانتان ووەلی نیعمەتتان قسە دەکەین.!

ئەو هەوڵە نەزۆکەی دوو زلهێزەکەی دەسەڵات بەداخەوە گوزارش لە چەقبەستنی فیکری سیاسی وئیفلاسبوونی توانای بیرکردنەوەی دەسەڵات دەکات، وهێشتا بەچاوی سەردەمی بەرەی جود وبەرەی کوردستانی سەردەمی شاخ قسە دەکات. دەسەڵاتێك کە هەموو توانا و ئیمکانیاتی دراوی وساسی ویاسایی لە ژێر دەستە، وسەدان قونسلگەری ئەورویی وئەمریکی تێدا کراوەتەوە، وپەیوەندی لەگەڵ هەموو جیهاندا باشە، هەتا لەگەل قەزافی یش! کەچی کەسی نەماوە لەناوەوە و دەرەوە لە هاوڵاتیانی کوردستان، بۆ ئەوەی بیکاتە نێوەند لە نێوان خۆیی وچەند حزبێکی ئۆپۆزسیۆن؟!

ئەگەر هەرکەسیش دەست نەکەوت لەناوەوە بۆچی پەنابردنە بەر ئێران؟ بۆچی شەڕەفی ناوبژیوانکردن دەدەیتە ئێران؟! ئەوە پاداشتی ئێران دانەوەیە لە جیاتی تۆپبارانکردنی ناوچە سنوریەکانی کوردستان، یان لە جیاتی لە سێدارەدانی کوردە تێکۆشەرەکانی کوردستانی

بندەستی ئێرانە؟! ئێوە ئەگەر ڕۆژگارێك لەسەردەمی شاخ هەموو دونیاتان لێگیرابوو، تەنها دەرگای ئێران نەبێت، خۆ ئێستا دونیا هەمووی واڵایە بەسەرتان بۆچی ناتوانن لە پاڵتۆی ئێراندا دەربچن!؟

کێشەکە لەوەدایە دەسەڵات بۆ تەرویج وبرەوپێدانی لۆکاڵی، تانە وتەشەرە لە حزبە کوردیە ئیسلامیەکان دەدات، سەبارەت بە پەیوەندیەکانیان یان وابەستەییان بە ئێران، کەچی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لەگەڵ ئێراندا وەك باوکە دڵ ڕەق وپڕ لە دیسپلینەکانی کەسایەتی (سی سەید) ڕەفتار دەکەن، کە هەرچەندە ئەزیەتیان دەدات وتوندوتیژە لەگەڵیان، بەڵام جاروباریش ڕەحمیان پێدەکات، وئاوڕێکی باوکانەی پەتریارکیانەیان لێدەداتەوە!!

هەر ئەو هەستەشە ئێرانی وا بوغراکردوە تاڕادەی ئەوەی ڕاست وچۆپ دەست دەوەشێنی لە کوردستانی عێراق ئەوە باسی کوردستانی ئێران هەر ناکەین، وهەموو دەزگا سیخوڕیەکانی ڕەها کردوە لە کوردستان وبە هەوەستی خۆیان خەڵك دەکوژن وتیرۆر دەکەن وەك میری گوندەکە ڕەفتار دەکات.

بەنسبەت پەیوەندیەکانی هەردوولا بە ڕژێمی بەعسیش، ئەوە زۆربەی هەرە زۆری حزبە کوردیەکان لەو پەیوەندیانە بە دوور وبەدەر نەبوونە، بەڵام نا ڕوونیەك لە مەسەلەکەدا هەیە لە هەندێك لایەندا، بۆ نموونە ئەگەر بێینە سەر پارتی وپەیوەندی لەگەڵ ڕژێمدا بەتایبەتی لە ٣١ ئابی ١٩٩٦، ئەوە پارتی بۆ ماوەیەك زۆر بڕ وبیانووی بۆ دۆزیەوە، تا ڕادەی ئەوەی یادی دەکردەوە وەك سەرکەوتنێکی گەورە، بەڵام کە زانیان ئەو ڕەفتارە زۆر ئیستفزازیە بۆ تاکی کورد لەوە دەچێت دەستیان لێی هەڵگرتبێت، تا ڕادەی ئەوەی نیاز لاجانی بەڕێوەبەری زاگرۆس تیڤی لەدوا قسەی دا بە هەڵەیەکی لەقەڵەمدا، کە ئەوەش پێشکەوتنێکە لە هەڵوێستەکان هەرچەندە ئەو لە هەڵەکە زۆر کەمدەکاتەوە، وەك گەردێکی نێگەتیف دەیخاتە پاڵ چیایەك لە سەروەری.!بەڵام هەر چۆنێکی بێت دانهێنان بە هەڵە، چاکترە لە بەرگری لێکردنی یان بت بۆ تاشینی وئاهەنگ بۆ گێڕانی.

ئەگەر بێینە سەر کۆمەڵی ئیسلامی، ئەوە هیچ یەکێك لەو حزبەش ناتوانێت نکوڵی لە بوونی ئەو پەیوەندییە بکات، پاش ئەوەی چەندین دۆکیۆمنت وبەڵگەی نوسراو بڵاوبۆتەوە لەپاش ڕوخانی ڕژێمی سەدامەوە. هەروەها لەپاش ئەوەی لێپرسراوێکی گەورەی کۆمەڵ مامۆستا (موشیر گەلاڵی)، بەرپرسی پێشوی نوسینگەی دەرەوەی بەریتانیای کۆمەڵی ئیسلامی، دانی بەو پەیوەندییە هێنا، وەك شایەتحاڵ و بکەرێکی ئەو پەیوەندییە! ئەگەر جەماوەرێکی وشیارتر لە کورد، ولە بنکەی حزبی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان هەبوایە، دەبوایە لەپاش ئەو دانپیاهێنانەی مامۆستا موشیر، لە دوا کۆنگرەی کۆمەڵ یەخەی سەرانی ئەو حزبەیان گرتبا،

هەموو کەین وبەینەکانیان پێیان ساغ بکەنەوە، نەك تەنها مامۆستا (موشیر گەڵاڵی) بکەنە قۆچی قوربانی ئەو پەیوەندیە.

گرنگترین شت لەو بوارەدا پێویستە خودی عەلی باپیر، وئەوانەی ناویان هاتوە لە بەڵگەنامەکان بێنە سەر تەلەفزیۆنەکەی خۆیان، وبە شێوەیەکی یاسایی وئاییني یان دانی پێدابهێنن یانیش ڕەتی بکەنەوە، چونکە هەرلەپاش بڵاوکردنەوەی دۆکیومێنتەکان لە زاگرۆس تیڤی، وەڵامە بەراییەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی لەسەر زمانی محمد حکیم کە ناوی هاتوە لەو پەیوەندیە گومانوییەی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، زۆر لاواز ولەرزۆك بوون!

خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوە لە عەلی باپیر وکۆمەڵ دەکات، ڕاستیەکانی پەیوەندی بوون ونەبوونی خۆیانیان لەگەڵ بەعس پێ بڵێن، نەك لەوەڵامدا باسی پەیوەندیەکانی پارتی وبەعس بکەن... من لە بازنەی نزیکی کۆمەڵ ڕاستی وهەقیقەتی بوونی پەیوەندی عەلی باپیر وچەندین کەسایەتی ناوداری کۆمەڵم گوێ لێبوە لەگەڵ ڕژێمی بەعس، کەچی بەداخەوە تا ئێستاش کەسێك لە کۆمەڵ، جورئەتی مامۆستا موشیر گەلاڵی نەبووە لە دانهێنان بە بوونی ئەو پەیوەندیە.

لە هەمووی سەیرتر لەکاتێکدا زۆر لە حزبە کوردیەکان پەردەپۆشی فایلدارەکانیان دەکەن، بە جۆرەها بڕوبیانو کەچی سەرکردایەتی کۆمەڵ وشەخسی ئەمیر، دەستێکی باڵایان هەبوو لەو هەڵایەی کە لە دژی مامۆستا موشیر گەلاڵی کرا، وەك چۆن موخابەراتە بێ مۆراڵە گەورەکان، ئەندامی خۆیان دەکوژن بۆ ڕزگار بوون لەو نهێنیانەی کە دەیزانێت، بەهەمان جۆر و بەهەمان شێوە مامۆستا موشیر گەلاڵی یان تیرۆر کرد لەڕووی مەعنەوییەوە، لەبەر چەند حقد وحەسەد وموونافەسەیەکی حوجرە ئاسا، لەکاتێکدا ئەو پیاوە داینەمۆیەك بوو لە ئەوروپا بۆ کۆمەڵ ورەوەندی کوردی. من زۆر ڕەخنەی ئاشکرام گرتوە لە مامۆستا موشیر گەلاڵی لەسەر پەیوەندیەکانی، بەڵام بۆ یەك ساتیش گومانم لە پاکی وکوردپەروەری وئیسلامدۆستی ئەو پیاوە نەبوە، چونکە دەزانم بەتەنها خاوەنی ئەو هەڵەیە وئەو ئیجتهادە غەڵەتە نەبوە، خۆزگە ئەوانەی وەك ئەو هەڵەیان کردوە، وەك ئەو ئازا بن ودانیپێدا بهێنن، نەك ئەمڕۆ خۆیان لێمان بکەنە بێگوناە وبەری، وەك بەرائەتی گورگ لە خوێنی حەزرەتی یوسف.

جەماوەری کۆمەڵ وکوردستان بە گشتی، زۆر لەوە وشیارترە ئەمڕۆ وەك ئامرازێکی نێگەتیڤ بڕوانێتە شەڕ وموونافەسەی حزبی ومیدیایی پارتی وکۆمەڵ، ئەمڕۆ جەماوەر دەیەوێت بزانێت ڕاستیەکان لە کوێیە وچۆنە، بۆیە گومانم نییە کە ئەو داوایە داوای سەدان وهەزاران ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامیشە، لە ئەمیری کۆمەڵ عەلی باپیر وئەندامە تێوەگلاوەکانی تر.

عەلی باپیر زیندانی ناو خەون و ئیگۆمانیا

ئایا ئێوە پەیوەندیتان هەبوە لەگەڵ بەعس، دەمانەوێت یان وردودرشتی ئەو پەیوەندییە ڕوونبکەنەوە، یانیش بە سیغەیەکی شەرعی سوێند بخۆن کە ئەو پەیوەندیەتان هەبوە یان نا، چاوەڕوانی وەڵامتانین[18].

---

**Sunday, 04.03.2011, 12:00**[18]

# هەندێ نمونە لە پیاوەکانی کۆمەڵ
# دڵشاد کەلاری سەلەفی لە بازنەی خەلەفی عەلی باپیر!

ئەو دلشاد گەرمیانییە ڕەخنەی داروبەرد دەکات، بەڵام کە دەگاتە عەلی باپیر سەد شێر ورێوی دەهێنێتەوە. وادەزانێ دەکرێ شتێکی وا گرنگ بکرێ بەبێ ڕەزامەندی عەلی باپیر! من دڵنیام عەلی باپیریش چاوەڕوانی دەرچوونی دڵشاد و سەلەفییە توندڕەوەکانی ناو کۆمەڵی ئیسلامی کردوە بە لێکردنەوەی ناوی ئیسلامی، بەڵام کاک دڵشاد دیارە زۆر سیاسییە، کاتی خۆشی لەسەر فکری داعشی ڕایکردبوو، لەلای شیعەی شینی ئێرانی خۆی داڵدە دابوو، هەرچەندە شیعەشی پێ کافرە سێ بەسێ!!! وەرە سەرت لێی دەرچێ !ئێران وداعش؟! ئێستا ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە ڕەنگە کۆمەڵ مەشروب خۆر و سفوور وەربگرێ!

جا بۆ وەریان نەگرێ! لە ئەرزی عەجائیبی کوردستان سفوورێکی زۆرمان هەیە وەک مەلا دڵشاد و مەلا مەزهەر و عبدالواحید بیردەکەنەوە !
ئەرەق خۆریشمان هەیە پێیان تەرک ناکرێ، حەزدەکەن دەوڵەتی شەریعەت بێ بە شەق وپێلەقە پێیان تەرک کەن!

ئەگەر کۆمەڵ بە جدی بیری لەو بڕاردەیە کردبێتەوە، دەرگای بۆ هەموو کەسێ کردبێتەوە، پابەند بێت بە دەستورێکی مەدەنی دیموکراتی، دڵنیام بازێکی گەورە دەدات بۆ پێشەوە. ئەگەریش وەک نوکتەکەی مەلای مەشهورە خورما بفرۆشێ بە ناوی پیاز، بۆ فریودانی مێشەکان، ئەوە لە قەلێش دەبی ولە کۆتریش!

هەر ئەو ئەمیر دڵشادە پێشنیاری ڕێکەوتنی ستراتیژی دەسەڵاتی کوردی وداعشی کرد لە گەرمەی شەڕی داعشدا! برایەکی زۆر تیرۆریست و بە سەبرە! ئەخر ئەمن لە حزبێکی ئیسلامی بم وەک دڵشاد کەلاریش بیرکەمەوە، ناوی ئیسلامی لادەن، بەخوای یەک دەقە تیایدا دانانیشم !
ئەوەیەی ڕێگای سەلەفی سالح ئەمیر دڵشاد؟[19]!

---

[19] ٢٠٢١/٢/٢٢

# دڵشاد کەلاری وەک قسە کەرێک بەناوی داعش دەدوێت!

لە ڕونکردنەوەیەک لەسەر پەیامەکەی بەڕێز م عەلی باپیر، پاش بڵاو بونەوەی ئەو پەیامە(کەمەکتەبی سیاسی لەسەر بڵاوبونەوەی یەک دەنگ نەبوون) دلشاد کەلاری هۆکاری دواکەوتنەکەی پەیامەکە ڕوون دەکاتەوە، کە دیارە لەبەر نەگونجانیەتی لەگەڵ بیروڕای خۆیی و باقی هاوەڵانیەتی، لەوانەی ئسوڵ وفروعیان هاوبەشە لەگەڵ داعش و هاوێنەکانی .

وامزانی باسی تەریق بوونەوەیان دەکات لەو تاخیر بونە پڕ شەرمەزاریە، لە کاتێکدا هەموو کوردستان بە دیندار و بێ دین دووچاری گەورەترین هێرشی تیرۆریستیی داعش بوەتەوە، هەمووان وەک رۆڵەی دڵسۆزی کورد خوێنیان دەبەخشنە ئەو خاکە، کەچی دلشاد کەلاری خەمی دلشکانی داعشیەکانی ناو کۆمەڵ و دەرەوەیتی، نەک خەمی پاراستنی کوردستانی بێت!!

دلشاد کەلاری دەڵێت: "دەترسم ئەم پەیامە کۆمەڵی ئیسلامی بکاتە تەرەف لەم شەڕە،منیش بەش بەحاڵی خۆم:ئەم شەڕە لانی کەم بەفیتنەیەک دەزانم ئامادەنیم بەهیچ پاساوێکەوە لەسەر حسابی خەڵکێکی مەزڵومی ئەهلی سونە بچمە بەرەی ئەمریکاو ڕۆژئاواو ئەو وڵاتە ئەقلیمیەی پشتیوانی و پارێزگاری لەو ڕژێمە خوێن ڕێژە تائفیەی عێراق دەکات...؟!
کاک دلشاد لە بەرامبەر هێرشی چەتە وەحشیەکانی داعش نایەوێت کۆمەڵ ببێتە تەرەف، با هەمووکوردیش تەرەف بێت، نایەوێت:

"لەسەر حسابی خەڵکێکی مەزڵومی ئەهلی سونە بچێتە بەرەی ئەمریکاو ڕۆژئاواو!!! "

دیارە داعش شەڕی خەلکی مەزلۆمی ئەهلی سونە دەکات، دیارە داعش نوێنەری عەرەبی سونە دەکات؟! وەڵا وەڵا بێ قیمەتەکانی حارث الضاري و بەعسیە پەنهانیەکانیش پێیان شەرمەبڵێن داعش گوزارش دەکات لە خەڵکی مەزڵومی ئەهلی سونەی عەرەب، کە لەوەتی عێڕاق هەیە زاڵمن، هەر پاش گرتنی موسڵ گەورەترین ئیبادە و ئەنفالیان کرد لە دژی ئەو سەربازانەی کە بەبێ شەر تەسلیم بوون و خەریکی چوونەوەی ماڵی خۆیان بوون!

لە بیرتانە کورد تازە لە ئەنفال و هەڵەبجە رزگاری ببوو، سەدان هەزار سەربازیی عەرەبی کەوتە بەردەستی لە پاش ڕاپەڕین، کە خەڵکی کوردستان بەوپەڕی مرۆڤایەتیەوە خزمەتیان کردن، کەچی داعش و سوونەی عەرەبی مەزڵووم، وەک مەغۆل ئەو سەربازانەیان لەناو بردن وەک لە ڤیدیۆکان دەرکەوتن. ئەگەر داعش هێرشی نەکردبا سەر کوردستان و کورد،

دەستپێشخەری کردبا بە دووری نازانم دڵشاد و داعش میزاجەکانی تر شەڕی پێشمەرگەیان دەکرد. دوایێ ئەوە ئەمریکایە پشتیوانی لە کورد دەکات، لەپاش هێرشی داعش، نەک کورد چوبێتە شەڕی ئەمریکا.، ئەو سەگوسوارانەی داعش تا لە سوریا بوون کەی کورد وپێشمەرگە پەڕینەونەتەوە بۆ ئەوان.؟
لە خاڵی دووەم کاک دلشاد وەک قسەکەری داعش قسە دەکات دەڵێت: "- لەڕوی شەرعیەوە ناتوانم قەناعەت بە خۆم بکەم، و خەڵکی هاندەم بۆ شەڕێک، خۆمان خاوەنی بڕیاری سیاسی و سەربازی نەبین و نەشتوانین بە لایەنی بەرانبەر بڵێین موسڵمان نین، وێڕای هەموو هەڵەو پەڵەو بێ شەرعی و کەم و کوڕیەکانیان..." داعش لە کاتێکدا هەموو خەڵکانی کوردستان بە ئیسلامی و نا ئیسلامیەوە بە مورتەد و کافر دەزانێت، دلشاد سەلەفی دڵی نایەت بە داعش بڵێت موسڵمان نین!!! ناقوربان ئەوانە لەسەر ڕێبازە چاکەکەی سەلەفی ساڵحن، لەسەربڕین وبەردبارانکردن و جزیە ستاندن و بە کۆیلە بردنی کچانی کوردی یەزیدی دا، چۆن دڵت دێت بە هاودینە داعشیەکانت بڵێیت موسڵمان نین!

ئەگەر دەسەڵاتی کوردی لەو ساتە ناسکانە ڕێگابدات بەو لێدوانە بێ سەروبەر و دژ بە کورد و داعشیانە، کەوابوو پێی سەیر نەبێت داعشیەکان هەموو چالاکی خیانەتکارانەیان جێبەجێبکەن بەبەر چاوی هەمووامانەوە!
ئەو جۆرە لێدوانانەی دلشاد سەلەفی و داعشیەکانی تر، پێویستە لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر لەبەر خوشک وبرا یەزیدیەکانیش نەبێت، لەبەر هیچ نا لەبەر خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە، کە تاکە پێڵاوکیان سەری ملیۆنەهای وەک دلشاد کەلاری و داعش و داعشیەکانی جیهان دەهێنێت .

خۆزگە دەمزانی علی باپیر، چۆن ئەو سەماحەتەی خەلەف، کە لەو پەیامە تاخیرەدا ڕەنگی دایەوە، کۆ دەکرێتەوە بەو هەموو داعش میزاجانەی سەلەف[20].

[20] ٢٠١٤/٨/٢٢

# مەلا شوشکەیی تەڕەزانی هەولێر و شیتەی بەغدا! وتلرێکی داعشی مەلایەکی پەرلەمانتار!

بەداخەوە بۆ هەولێر کە دەیان کەسی موهەڕیج و سووك و مەلای زمان درێژ وبە شیرەشیڕی کردە ئەندام پەرلەمان. میللەتێکە هێندە دڵ ساف و ساویلکەن، هەر ئەوەی دوو هاواری کرد و دوو قسەی بە دەسەڵات وحوکمەت گووت، ئەوە دەبێتە فسفس پاڵەوان و پیاوی بێ وێنەیان! ئەو هەموو مەلا و بانگخوازانەی هەولێر و کوردستان بە گشتی، ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان و عێڕاقیان کردن، خۆزگە کە دەگەیشتنە ئەوێش کەمێك چالاك و خاوەن پڕۆژە و داهێنان دەبوون، نموونە زۆرە بەڵام با باسی پاڵەوانی مینبەری پڕ جوێن و شیڕاندنی ئەو جارە بکەین، کە لەسەر حیسابی دەنگەکانی هەولێر چۆتە پەرلەمانی عێڕاق، هێشتا لۆ دەرمانیش نەمان دیوە لەو پەرلەمانەی بەغدا بوێرێ بکۆکیش.

مەلا سەلیم شوشکەیی، و مەلا وبانگخوازەکانیتر، کاتێ خەڵکی داماو دەنگیان پێدەدەن، وادەزانن چۆن لەسەر مینبەر بێ کارەباش بێت، گەڕەکێك بە دەنگ ونەڕە نەڕیان جارِس دەکەن، بەو جۆرەش لە پەرلەمان بەرگری لە مافەکانیان و خەڵك دەکەن! نوکتەکی خۆش، دەڵێن ڕۆژنامە نووسێك چویتە لای ئەو مەلا سەلیم شوشکەیی یە بۆ چاوپێکەوتن لەسەر پەیوەندیەکانی عێڕاق و کوردستان، مەلا فەرموویەتی موقابەلەی سیاسی ناکەم!! باشە ئەگەر تۆ سیاسی نیت و موقابەلەی سیاسی ناکەیت، بۆ کورسیەکی سیاسی کوردت گرتوە لەو پەرلەمانە؟! ئەی ئەو مووچە زەبەلاحەت لە پەرلەمان بۆ خوتبە پڕ جوێنەکانت وەردەگریت؟!

با خەڵکی نەزان و ساویلکە باش بزانن، کەسێکی سیاسەتزانی کوردپەروەر دیندار بێت یان نەبێت، هەزار قات لەو مەلا بەڵایانە باشتر نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن، کە مینبەر بەکار دەهێنن بۆ خۆ ناودارکردن وناوزڕاندنی خەڵك و فێرکردنی خەڵك بە ڕەوشتی خراپی دەمپیسی وجوێندان وتوندوتیژی. خۆ ئەگەر موقابەلەکە لەسەر فاروق ڕەفیق بوایە دەتکرد، تا هەزار جوێنی مینبەری ترشی بۆ بنێریت!

مەلا سەلیم شوشکەیی لە ڤیدیۆیەکدا بڵاویکردیتەوە بە ناونیشانی: وەڵامێك بو فاروق رەفیقی چەواشەکار، وتاری ٢٤/٧/٢٠١٥! هەر لە عینوانەکەوە دەردەکەوێت کە تۆ چەواشەکاریت، چونکە فاروق ڕەفیق گووتی من باسی نیقاب دەکەم کە مەترسیە بۆ سەر ئەمنی قەومیشمان،

کە سەدان داعشی پیاو دەتوانن خۆیان لە ژێری حەشاردەن! کەچی تۆ بەس باسی حیجاب دەکەیت! ئەوە چەواشەکاری نییە؟!

لە ڤیدیۆیەکە کە ماوەی تەنها پێنج دەقیقەیە، بەقەد دوو مانگی گەڕەکێکی شەعبی مەلا سەلیم شوشکەیی جوێن دەدات بە فاروق ڕەفیق و تەلەفزیۆنەکان ومیدیاش. ئەوە کەمێك لە جوێنیکانیەتی کە هێندە زۆرن لە ژمار نایەن:

قۆڵی سەعاتیان هەڵکردوە زمانیان بستێك دەرکردوە ...وەك سەگ تەنها ڕشانەوەی هەبێت...کە زمانی دەکاتەوە وەك ئەنعام لە غەیری قسەی پڕوپوچ...ئەو کەسە ئەگەر سەد شەهادەشی هەبێت ابو جهلە و جاهیلە، ونفامە و نەزانە! ئاژەڵن لە ئاژەڵیش کەمترن! عەمری ئەو تەلەفزیۆنەش نەمینێت، کە ئەو جۆرە کەسە دەهێننە سەر شاشەی تەلەفزیۆن! چۆن دەبێت رازی بین بەو هەموو کوفرەی دەکرێت بەرامبەر خوا و پێغەمبەر! [هاندانی ساویلکان]

پرۆفیسۆری لە حەماقەت... بێ دەماغ....ئەو نەفامە شاگردی شەیتانە...پێشی تۆ زۆر کەس دژایەتی دینیان کرد، بەڵام سوك وریسوا بوون...ئەو جۆرە کەسانە لە حیجاب ناترسێن، لە بیروباوەڕەکەی دەترسێن!

ناتوانێت دەستیان پێ گەرم بکاتەوە، ناتوانێت پێیان ڕابوێرێت، بۆیە قسەیان پێدەڵێ! دەرچوونی ئەو کچە موحەجەبانە باشترین وەڵامە بۆ ئەو زماندرێژانە...ئەو کچانەی موحەجەبەن دەخوێنن خەریکی فەیسبوك و مۆبایل، سترێج و سەرداهێنانی مۆدیلبازی نین، لەگەڵ کتێبەکەی خۆیان خەریکن، باشترین وەڵام بوو بۆ ئەو نەفامانە، کە مزگەوت و قورئان ودین ئەوانە پێدەگەینێت. بەڵام ئەوەی ئێوە ئیدیعای بۆ دەکەن [یانی بێ حیجابەکان] دەبێت هەموویان بە دەوری دوەم وسێیەم وساڵێ دووەم سێیەم دەرچن! ئەوە پێشکەوتنە؟!" ئەوانە بەشێکن لە جوێنەکانی پێنج دەقیقەی خوتبەکەی!!

جارێ ئەو هەموو جوێنە بەدڕەوشتیە نازانم چۆن لەسەر مینبەری مزگەوتێك دەوترێت کە قورئان دەڵێت: وجادلهم باللتي هي احسن [بە چاکترین شێوە موجادەلەیان لەگەل بکە]... وهدوا الى الطيب من القول [هیدایەتدران بۆ قسەی چاك وباش]..ادعوا الى سبيل ربك بالحكمة و الموعظة الحسنة! [بانگەوازی بکە بۆ ڕێگای خوا بە حیکمەت و وەعزی چاك] نەك بە جوێن و قسەی سوك !پێغەمبەریش لە دەیان فەرمودە باسی زمان پاکی دەکات، کەدەڵێت: : ليس المؤمن بالطعان ولا اللعان ولا الفاحش ولا البذيء [موسڵمان تانەلێدەر و نەفرەتکەر و قسەی سوك و زمان پیس نییە] ئەوە و دەیان حەدیسیتر لەو بارەیەوە هاتووە.

هەقیتی مەلا سەلیم شوشکەیی مووچەیەکی گەورە وگرانی موفت وەردەگرێت سافی وعافی، لە بەغدایێ بێ دەنگ وعاقڵ دانیشتوە، ناتوانێت دوو ڕستە بە عەرەبیەکی ڕەوان قسە بکات وپێشنیارێك بکات، تووشی چەپاندن وکەبتی قسە هاتووە، مەجبورە لە سەردانەکانی بۆ بەغدا کەدەگەڕێتەوە، ئەو چەپاندن وکەبتەی لە شێوەی درو مرواری لەسەر مینبەرەکەی هەولێری داماو خاڵی کاتەوە، تا توندوتیژی و زمانپیسی زیاتر بێت!

ئینجا کە تۆ ئەندام پەرلەمانی، دەبێت خۆت بە نوێنەری هەموو خەڵك بزانیت، دوور نیە نیوەی دەنگی خۆت لە خەڵکی بێ حیجابت هێنا بێت، بێ حیجابی وام دیتووە لە هەولێر خۆی قوربانی مەلایەك دەکات!

شورەیی نییە بەوشێوە زەقە تەوهین بە کچانی بێ سەرپۆش بکەیت وبڵێت: " ئەو کچانەی موحەجەبەن دەخوێنن [وەك بێ حیجابەکان] خەریکی فەیسبوك و مۆبایل، سترێج و سەرداهێنانی مۆدیلبازی نین، لەگەڵ کتێبەکەی خۆیان خەریکن، بەڵام ئەوەی ئێوە ئیدیعای بۆ دەکەن [یانی بێ حیجابەکان] دەبێت هەموویان بە دەوری دوەم وسییەم و ساڵێ دووەم سییەم دەرچن! ئەوە پێشکەوتنە؟!" توخوا ئەوە قسەی پیاوێکی عاقڵە زیرەکە، تا قسەی ئەندام پەرلەمانێکی عێراق بێت؟! ئەخر بۆیە عێراق واجوانە! خوا خەڵك و حزبەکەت بگرێت کە بەس لەبەر هێنانی دەنگی ساویلکە دینیە عاتیفیەکان نمونەی هیچ لەباری وەك تۆ دەخەنە پەرلەمان.

لەجیاتی ئەو وتارە پڕ جوێن و هەڕەشە و هاندانی خەڵکەکە بۆ توندوتیژی وزمانپیسی، با لە بەغدا چالاکیەکت هەبێت، هەر نەبێت ئەو هەموو ملیۆنەی کە وەریدەگریت حەڵاڵی کەیت. خۆ پێم خۆشە لە بەغداشی هەرچەندە خێری پوشکەیەکت بۆ کورد نیە لەوێ، بەڵام هەر نەبێت خەڵك ڕزگاریان دەبێت لە هونەری جوێندان وشیڕاندنت کە تەنها هونەرە لێی شارەزایت[21].

هەر لەدوای ئەو وتارە، سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لەناو کۆمەڵ ئەو زانیاریانەی بۆ ناردم:

سلاو بازانیاریەکت لەسەر مەلا سەلیم شوشکەیی بدەمێ. مانگانە نزیکەی ٣٢ملیۆن دیناری پەرلەمانتاری وەردەگریت و یەك دیناریش لەو وەزعە ناخۆشە ناداتەوە کۆمەڵ.

21 ٢٠١٥/٧/٢٧

مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ لەگەڵی دانیشتبوون هەڕەشەی کردبوو ئەگەر داوای پارە بکەن ئیستیقالە دەدات و وەك پەرلەمانتارێکی سەربەخۆ کاردەکات! کۆتایی

یەعنی مانگانە ٢٥٦ وەرەقە یان گەڵا وەردەگرێت بۆ ئەوەی گوێمان لە موداخەلەیەکی یان پێشنیارێکی یان شەڕێکی لەسەر دەگدەرانی بێت؟!
ئەی ئەوهەموو دەنگەت هێناوە بەرپرسیارەتی نییە؟! خودا حیسابی یەك میسقالە زەرەت لەگەڵدا بکا، حیسابی ئەو هەموو دەنگ و ئەو هەموو پارە حەرامەت لەگەڵ ناکات؟!
وەرن پەیجی فەیسبوکی ڕەسمی بڕوانن، هێشتا هەواڵێکی پەرلەمانی بەغدای تێدا نییە. هەمووی باسی قەبر و قیامەت و حەرامکردنی جەژنی سەری ساڵ و موحارەبەی بیدعەیە!!
کاکە کە ئەندام پەرلەمانیت پێ ناکرێت وازبێنە، ئەخر ناکرێت ئەو هەموو پارە خەیاڵیە وەرگریت و ڕۆژێکیش کەس گوێی لە دەنگت نەبێ لەسەریان هەڵتدابێتێ!!!

ئەتوو بڕوانە ئەو جەماوەرە ساویلکەیە کوو دایتیانە هۆرەی گریانێ!! یەکەك ناڵێت باشە ئەتوو بەو هەمووو دەنگەی مە چویە بەغدایێ بۆ هیچ نەگۆڕای؟! هەر مەلایەکەی جارانی و بەس لەسەر مینبەر دەتوانیت لە بابەتە ماوەڕائیەکان قسە بکەیت، یان جوێن بە خەڵکانێکی موخالیفت بدەیت[22]!

[22] ٢٠١٦/١/٢

# مەلا سەلیم شوشکەیی یش دژی ڕیفراندۆمە و لەگەڵ وەحدەی خاکی عێڕاقە!

ئەو مەلا سەلیم شوشکەییە لە سایەی ساویلکەیی خەڵکی کورد، و بە وتارە ئایینیە تووند و عاتیفیەکانی، دەنگێکی زۆری خەڵکی هێنا و گەیشتە پەرلەمانی عێڕاق!
تا لە هەولێر بوو، لە ژر کاریگەری ئەو وتارە توندڕەونەی دەیەها منداڵی کەم عەقڵ و بەدبەختی ڕەوانەی ناو داعش کرد...
لەوەتی چوەتە پەرلەمانی عێڕاق، ئەو مەلایەی بە نەڕە نەڕی یوتیوب و فەیسبوکی دەهەژاند، کەچی لە بەغدا بوویتە کەرکەدەنێکی بێ دەنگ تەنها مووچەکەی وەردەگرێت، کەس نازانێت ئەو پیاوە وجودی چییە لەوێ؟!
بێگومان ئەو پیاوە لەسەر لیستی کۆمەل کاندید کرا، هەرچەندە ئاگادارم بەینی لەگەڵ کۆمەڵیش تەواو نییە، داوای یارمەتی حزبیان لێکردبوو، هەڕەشەی لێکردبوون کە دەستی لە حزب دەکێشێتەوە!

ئەو پیاوە کە بە خوتبەکانی تۆزی دەکرد لە ناو هەولێریە فەقیر و دڵسافەکان، لە بەغدا مێشی لە دەوی دەرناکا! لەو باوەڕەدام هەر عەرەبیەکی فقهی و دینی زیاتریش نەزانێ، دەنا ماقوڵ نییە ڕۆژێك نەمان بیست ئەو زەلامە نوقەیەك بکات بۆ ئەو دەنگدەرە ساویلکانەی دەنگیان پێدا!
جا لەبۆ ئەوەی تەعویزی ئەو بێ دەنگییەی بکاتەوە، چونکە زەحمەتە مەلا بێ دەنگ بێت دەبێت خۆیان لە هەموو شتێك هەڵقورتێنن، دەهاتەوە لە هەولێر بە نایاسایی خوتبەی دەدا، و شیرەهۆر وهێرشی بۆسەر نووسەر و بیرمەندە کوردەکانی کوردستان دەکرد وتا ڕادەی تەکفیرکردن دەرۆیشت!!
خەڵك دەنگی پێدابوو لە بەغدا قسەی بۆ بکات، ئەو لە کوردستان قسەی بۆ دەکردن، چونکە هیچی پێ نەبوو لەوێ بیڵێ! خەڵکی ئێمە وادەزانێ ئەگەر مەلا بە هاتوهاوار بوو ئەوە نیشانەی زیرەکی و دڵسۆزیە!

تۆ ببینە بەوەندەش نەوەستیت مووچەیەکی زەبەلاحی گەورەی ناموستەهەق دەخوات لەسەر حیسابی دەنگی خەڵك، کە من دڵنیام حەڵاڵی نەکردوە، چووە لە ڕۆژنامەی سەباح س حکومی عێڕاقی دژی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لێدوانی داوە نەوەك مووچەی ببڕن، هەموو دەزانین مووچە بڕین بۆ مەلا چ کارەساتێکە!

لە رۆژنامەی "الصباح"ی زمانحاڵی حکوومەتی عێراق، ستایشی هەڵوێستەکانی چەند پەرلەمانتارێکیی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ دەکات، کە دژی ریفراندۆم و جیابوونەوەن لە عێراق.
رۆژنامەکە، لە ژمارە (٤٠٦٩)، لەلاپەڕەکانی ٣ و ٥دا، رێپۆرتاژێکی بڵاوکردووەتەوە و باسی ئەوە دەکات، ئەو پەرلەمانتارانە، ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ئەوان دژی دابەشکردنی عێراقن.
رۆژنامەکە لە زاری مەلا سەلیم شووشکەیی، پەرلەمانتاری کۆمەڵ دەڵێت: "دوای ئەو هەموو نارەزایەتییە هەرێمی و نیودەوڵەتییە، مەسەلەی ریفراندۆم کۆتایی هات."
شووشکەیی ستایشی هەڵوێستی مەرجەعیەتی دینی کرد بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و رەتکردنەوەی هەوڵی دابەشکردنی عێراق.

گوتیشی: "زۆربەی حزبە کوردستانییەکان هاوبۆچوونن لەمەدا."
تۆ ببینە مەلایەکی رِوانگە داعشی خێری یەك قونکە جگەرەت بۆ کوردستان نەبێت، مووچەیەکی زەبەلاحی بێ بەرامبەر وەرگریت، رۆژێك فزەیەکت نەکردبێت لەسەر کورد، کەچی کاتێ کورد ٩٣٪ دەنگی بۆ بەڵێ دەدات، بڵێ: "مەسەلەی ریفراندۆم کۆتایی هات"!! یان بچی ستایشی مەرجەعیەتی شیعی بکەیت بۆ "بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و رەتکردنەوەی هەوڵی دابەشکردنی عێراق!!"

خۆ برادەرە داعشیەکانی بەوە بزانن ستایشی سیستانی کردوە، بە حەوت دینان کافری دەکەن!
ئافەرین مەلا لەبەر خاتری نەبرِینی مووچەکەت خەونی هەموو کورد لە گیرفانی کەواکەت بخنکێنیت! یاخوا ئەو مووچانە وئەو دەنگانەت لێ حەرِام بێت، ئێستا دەنگدەرەکانی نەفرەتت لێ دەکەن[23]!

---

[23] ٢٠١٧/١٠/٥

# ئایە کۆمەڵ نەزۆکە تا شوشکەیی کاندید کاتەوە؟!
# هەولێر ئەو جارەش فریوی سەلیم شوشکەیی خوارد!

من لە عەلی باپیر و سەرکردایەتی سەرلێشێواوی کۆمەڵ تێناگەم، دەیان هاوڕێی بە توانا و خاوەن قەڵەم وفکر دەناسم لەناو کۆمەڵ و لایەنگرانی، کەچی گرگڕ دوای چوار ساڵی بێ فەڕ و ئەبوهۆلی وبێ هەڵوێستی مەلا سەلیم شوشکەیی، هاتوون دیسان کاندیدیان کردۆتەوە! خۆزگە دەمانزانی دەسکەوتی پێشووی مەلا چی بووە؟!

ئەو مەلا سەلیمە دەڵێی سوێندی بە تەڵاق خواردبوو، بۆ ڕۆژێکیش موداخەلەیەکی نەکردوە لە ماوەی ئەو چوار ساڵە تەنها مووچە و ئیمتیازاتی وەرگرتوە! لە مووچەکەشی یارمەتی کۆمەڵی لێ نەداوە و کە فشاریان بۆ هێنا بوو، هەڕەشەی دەستکێشانەوەی لە کۆمەڵ کردبوو، وەك لە وتارەکەی پێشوو ئاماژەم پێدا!

ئەو مەلا سەلیم شوشکەییە لە خولی ڕابردوو لە سایەی دینداری ساویلکەیی خەڵکی هەولێر، و بە وتارە ئایینیە تووند و عاتیفیەکانی، دەنگێکی زۆری خەڵکی هێنا و گەیشتە پەرلەمانی عێراق! تا لە هەولێر بوو، لە ژێر کاریگەری ئەو وتارە توندڕەوانەی بەڵگەی زۆری لەسەرە، کە دەیەها منداڵی کەم عەقڵ و بەدبەختی ڕەوانەی ناو داعش کردووە...

ئەو پیاوە کە بە خوتبەکانی تۆزی دەکرد لە ناو هەولێریە فەقیر و دڵسافەکان، لە بەغدا مێشی لە دەوی دەرنەدەکرد تا ئەمڕۆش! لەو باوەڕەدام هەر عەرەبیەکی مەلایانەی فقهی و دینی زیاتریش نەزانێ، دەنا ماقوڵ نییە ڕۆژێك نەمان بیست ئەو زەلامە نوقەیەك بکات، بۆ ئەو دەنگدەرە ساویلکانەی دەنگیان پێدا!
ئەو پیاوە وەک ئێف ئێمی محەلییە تەنها لە هەولێر دەتوانێ الله اکبر و هاوار ونەڕە نەڕ بکات، لە بەغدا شەپۆلەکانی زمان و مێشکی دەپچڕێن!
خەڵك دەنگی پێدابوو لە بەغدا قسەی بۆ بکات، ئەو لە کوردستان قسەی بۆ دەکردن، چونکە هیچی پێ نەبوو لەوێ بیڵێ !

تەنها جارێ کە ئەو مەلایە لە بەغدا شەکری شکاندبێ، لە سەروبەندی ڕیفراندۆم بوو، لە ڕۆژنامەی سەباح ی حکومی عێراقی شیعی، دژی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لێدوانی داوە، نەوەك مووچەی ببڕن، هەموو دەزانین مووچە بڕین بۆ مەلا چ کارەساتێکە!

لە رۆژنامەی "الصباح"ی زمانحاڵی حکوومەتی عێراق، ستایشی هەڵوێستەکانی چەند پەرلەمانتارێکیی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ دەکات، کە دژی ریفراندۆم و جیابوونەوەن لە عێراق.
رۆژنامەکە، لە ژمارە (٤٠٦٩)، لەلاپەڕەکانی ٣ و ٥دا، رێپۆرتاژێکی بڵاوکردووەتەوە و باسی ئەوە دەکات، ئەو پەرلەمانتارانە، ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ئەوان دژی دابەشکردنی عێراقن.

رۆژنامەکە لە زاری مەلا سەلیم شووشکەیی، پەرلەمانتاری کۆمەڵ دەڵێت: "دوای ئەو هەموو نارەزایەتییە هەرێمی و نیودەوڵەتییە، مەسەلەی ریفراندۆم کۆتایی هات."
شووشکەیی سەرەڕای سەلەفیەت بوونی ستایشی هەڵوێستی مەرجەعیەتی دینی شیعی کرد، بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و رەتکردنەوەی هەوڵی دابەشکردنی عێراق.
تۆ ببینە مەلایەکی ڕوانگە سەلەفی داعشی، خێری یەك قونکە جگەرەت بۆ کوردستان نەبێت، مووچەیەکی زەبەلاحی بێ بەرامبەر وەرگریت، رۆژێك فزەیەکت نەکردبێت لەسەر کورد، کەچی تەنها بۆ دژایەتی سەربەخۆیی و بڕیاردانی مافی چارەی خۆ نووسین قسە بکەیت، وستایشی مەرجەعیەتی شیعی بکەیت "بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و رەتکردنەوەی هەوڵی دابەشکردنی عێراق!!"

خۆ برادەرە سەلەفیەکانی ناو کۆمەڵ وەك دلشاد کەلاری و دلێر گەرمیانیش ئەگەر تەدجین نەکرابن، کاتێ بەوە بزانن ستایشی سیستانی کردوە، دەبێ بە حەوت دینان کافری کەن!

هیوادارم خەڵکی هەولێر واز لەو ساویلکەییە بهێنن، و سزای بڕیاربەدەستانی کۆمەڵ بدات و جارێکیتر نەهێڵن ئەو مەلا بەڵایە گۆڵیان لێبکات، چونکە بوون و نەبوونی لە پەرلەمانی عێڕاق یەک شتە. هیوادارم گەنجانی کۆمەڵیش بەو سەرلێشێواییەی سەرکردایەتی کۆمەڵ هەڵوێست وەرگرن، بۆ کاندید کردنی ئەو مەلا بێ کەڵکانە[24]!
قسەی کامەیان خراپترە هێڤیدار یان عبدالستار؟!

ئەوەی هێڤیدار گووتی دەربارەی عومەر ڕاست نییە، عومەر لەسەر ئەساسی پلەی دینی، وەک موهاجیر و ئەهلی بەدر وئەهلی بەیعەتی ریزوان و ئەو شتانە مووچەی دەدایە خەڵک.
ئەوەی دەربارەی عوسمان گووتی منیش ئەوە ڕامە لە عوسمانی کوڕی عەفان، پێموابێ کەسێکی زۆر لاواز وبێ کەسایەتی بوو بەرامبەر خزمانی لە بنی امیە، تەمەنیشی وای لێکردبوو ئاگاداری هەموو شتێ نەبێ. بە کوردی نوقمی گەندەڵی دراوی و سیاسی ببوو .

[24] ٢٠١٨/٤/٢٣

ئەوەی کە من زۆرم پێ ناخۆشە لەو باسە، یەکەم هێڤیدار دەیەوێ بڵێ هەتا دووجار زاوای پێغەمبەریش واتە عوسمان گەندەڵ بوو، ئێوە بۆ قسە بە سەرانی حزبەکەم و دەسەڵاتە گەندەڵەکە دەڵێن؟!

ئەو جۆرە پیاوە حزبیانە ئامادەن شۆرەتی خوا و پێغەمبەریش بەدناو کەن بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاری حزبەکەیان!

دووەم: هەر قسەیەکی دینی دەوروژرێ، دەبێتە بۆنەیەک بۆ خۆ تێهەڵقورتاندنی حزبە ئیسلامییەکان بە ناحەزترین شێوە.
وەزیری نوێژەبارانەی کۆن، عبدالستاری زاوای ئەمیری کۆمەڵ، هەڵەیەکی گەورەتری کرد لە هێڤیدار، چونکە سەید قوتب و دەیان مێژوو نووسی کۆن ونوێی ئیسلامی، باسی گەندەڵی و خزم خزمێنەی سەردەمی عوسمانیان کردوە، بەڵام ئەو عەبدولسەتارە نەخوێندەوارە دەڵێ: "قسە سەبارەت بە مێژووی ئیسلامی لە ئەو پیاوە [عەلی وەردی] وەرناگیرێت!!!!."

تۆ بڕوانە ئەو نەفەسە مەزهەبیە سینگ تەنگەی؟! بە گەورەترین زانای کۆمەڵناسی، لە مێژووی عێراقدا بڵێیت، قسەکانی لەسەر مێژووی ئیسلام وەرناگیرێت! تەنها لەبەر ئەوەی کوڕی دایک وباوکێکی شیعی بوو؟! عەلی وەردی دە هێندەی سوونەیەک ڕەخنەی لە شیعە وبیروباوەڕی شیعە گرتووە، مرۆڤێکە لە خوێندنەوەی کتێبەکانی هەست بە مەزهەبیەتی ناکەیت بۆ یەک ساتیش! باشە ئەو کەڵە زانایە قسەی وەرنەگیرێت لەسەر مێژووی ئیسلام، ئەی کێ قسەی وەردەگیرێ؟!
دوایێ خۆ عەلی وەردی واشی گوتبێ، هەر لە گیرفانی خۆی دەری نەکردوە، بەڵکو لە سەرچاوە سونیەکانی پێش شیعەکانی وەرگرتووە، دەنا عەلی وەردی لەو سەردەمە نەژیاوە لە سەربازگەی شۆڕشگێڕانی دژی عوسمان جەنگی گێڕا بێت!

قسەکەی هێڤیدار بە گشتی ڕاستە بۆ مەرامێکی خراپ، قسەکەی عەبدولسەتار زۆر هەڵەیە هەر بۆ مەرامێکی خراپ!

٢٠٢٠/٧/٢٨

# بەشی سێیەم

# عەلی باپیر و کۆمەڵ و ئافرەت!

## فرەژنی عەلی باپیر و وەفای بۆژنە نمونەیەکەی خاتوون مەلاژن![٢٥]

کتێبی ئافرەت وخێزان لە سایەی شەریعەتدا، لە چاپی نوسینگەی تەفسیری ساڵی ٢٠١٣ چاپی سێیەم، لە دوو بەرگدایە، بەر لە ماوەیەک خەریکی خوێندنەوەی بووم بە وردی، هەزار لاپەڕە زیاترە، وەک هەمیشە عەلی باپیر زۆر درێژدادڕی کردووە لە بابەتەکان، ئەو بابەتەی بە لاپەڕێک تەواو بێ، باپیر دەلاپەڕی لەسەر نووسیوە، ئینجا ئەو بەرگری وبەڵگانەی ئیسلامییەکان لەوەتی هەن نووسیویانە لە بواری ئافرەت، وەک بەراوردکاری ئافرەت لە ئیسلام و لای یۆنانی وهیندی و ڕۆمانی و فارسییەکان، و قسەکانی هەندێ نووسەری ئەورویی کۆن وەک ئەلێکسیس کاریل و الله یتجلی فی عصر العلم، هەمووی دووبارە کردۆتەوە.

بابەتەکان زۆر کۆن وسواون بە نسبەت کەسێکی وەک من، کە زۆر کتێبی ئیسلامییەکانم لەمەر بابەتی ئافرەت خوێندۆتەوە، تەنها بەشی نۆیەمی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، کە شتێکی نوێ بوو بۆ من تۆزێک لە شێوازی کلاسیکی کتێبە ئیسلامییەکانی ئەو بوارە دەرچوو، بە تەرخانکردنی بۆ ژنی یەکەمی، ڕوخسار ئیبراهیم ماماغا کە باپیر نازناوی خاتوون مەلا ژنی بەسەردا براندووە! لەو بەشەدا عەلی باپیر دەیەوێ بە کردار وجێبەجێکردن، باوەڕی خۆی بە مافەکانی ئافرەت وەک ژن وهاوسەر بسەلمێنێ، دەیەوێ ئەو ژنەی خۆی وەک نموونەیەک لە ژنی موسڵمانی چاک نیشانی ئافرەتان بدات!

ئەو خاتوونە بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩٦ بە ڕووداوی سووتان گیانی سپارد لە تەمەنی ٣٠ ساڵی و ٦ منداڵی دوای خۆی بەجێهێشت.
بێگومان عەلی باپیر زۆر ستایشی سیفات وئاکاری جوانی ئەو هاوسەرەی دەکات، وەک دایکێکی موسڵمانانی حزبەکەی وێنای دەکات، کە چەندە خزمەتی پێشمەرگەکانی کردووە، هەتا جلی بۆ بریندارەکانیان شتووە، هەتا هێندە بەخشندە بووە، زێڕی خۆی فرۆشتووە تا گۆشت و مریشک بۆ پێشمەرگەکان بکرێ و داوەتیان کات! هەر لە سەرەتای بەشەکەدا دەڵێت بە دوو ئامانج ئەو بەشەم تەرخان کردووە بە خاتوون مەلا ژن، یەکەم وەک وەفاداریەک بۆ هەڵوێستەکانی، لەوەشدا پێغەمبەر سەرمەشقیەتی کە چۆن هەمیشە باسی چاکەکانی خەدیجەی کردووە پاش وەفاتیشی، هەتا عائیشە زۆر غیرەی لێکردووە بە مردوویش!

---

[٢٥] مامۆستا عەلی باپیر بەشێکی تەواوی کتێبی ئافرەت و خێزانی بۆ خێزانی کۆچکردووی خاتوون مەلاژن تەرخان کردووە! وەك دایکی ئیماندارانی کۆمەڵ نیشانی داوە، بابزانین بابەتەکە چۆن بووە.

دووەم: بۆ سوود وەرگرتنی ئافرەتانی موسڵمانان لە کاروکردەوەکانی خاتوون مەلا ژن.
عەلی باپیر لە دوو تەوەرەدا ئەو باسە دەکات، تەوەرەی یەکەم: ڕەوشت وئاکارە پەسندەکانی خاتوون مەلا ژن. تەوەرەی دووەم: هەڵوێست وهەڵس وکەوتەکانی. ل ٩٩٥
لە تەوەرەی یەکەمدا باپیر ١٥ سیفەت و ڕەوشتی هاوسەرەکەی دەژمێرێ وەک: دینداری وتاعەت، هەوڵدان بۆ وەرگرتنی زانستی شەرعی، سۆز وبەزەیی، بەخشندەیی و سەخاوەت، قەناعەت ودنیا بە کەمگرتن، وریایی و زیرەکی و واقیعبینی، خۆڕاگری وپشوودرێژی، دەمپاکی وباسنەکردنی ئەم و ئەو، خۆ بە کەمگری یان تەوازع، عیزەتمەندی، دڵسۆزی، ئازایەتی، مشوورخۆری، سیلەی ڕەحم گەیاندن، وەفاداری. ل٩٩٧ . ل ١٠٠٥

لە ژێر هەر بەندێک لەو بەندانە باسی سیفەتەکەی دەکات و هەندێ ڕووداو دەگێڕێتەوە بە نموونە. یانی دەتوانی بڵێیت ئافرەتێکی نموونەیی بووە بۆ مێرد و منداڵەکانی، شەو وڕۆژ لە خزمەتی مێرد ومنداڵ و میوانە زۆرەکان وپێشمەرگەکانی بزوتنەوە دابووە.

لە تەوەرەی دووەمیشدا هەر باسی ١٥ لە هەڵوێست وئاکارە جوانەکانی خاتوون مەلا ژن دەکات وەک: دووریم لە ماڵ و پرتە وبۆڵە نەکردن، میواندۆستی وێڕای نەداری! خزمەتکردنی خەڵک وچاوەڕێکردنی پاداشت تەنها لە خوا، حەواندنەوەی خەڵک، خۆڕاگری و نەشڵەژان لەکاتی بیستنی هەواڵی پەلامارەکانی ڕژێم، تەحەمولکردنی ژیانی سەخت و نەداری، فرۆشتنی زێڕی مارەیی خۆی بۆ دەعوەتکردنی پێشمەرگەکانی هێزی حەمزەی بزوتنەوەی ئیسلامی، ئێشکگرتن و پاسەوانیکردنی لە ئافرەتان لە گەرمەی شەڕدا، شۆردنی جلی پێشمەرگە نەخۆشەکان، زیرەکی و دووربینی نواندن لە کاتی ڕووداوەکاندا، هێنانەدەرەی ماڵێک لە کەلاوە وخانوو بۆ گرتنیان!
ڕێزگرتنی لە سواڵکەران، هێدی و مەند بوونی لەگەڵ عەلی باپیر، وەسیەتی حەج بۆ کردنی و گرتنی ڕۆژووە قەرزەکانی! ل ١٠٠٥ . ل ١٠٢٢

تەنها خاڵێک دەمەوێ لێرەدا لەسەر بوەستم، خاڵی ١٣ یە ل ١٠٢١ ، لەو خاڵەدا سەردێرەکەی ئەوەیە: هەڵوێستی لەکاتی هاوسەرگیریم لەگەڵ هاوسەری دووەمم، شوکریە خاتوون!
باشە ئافرەتێک بەو هەموو ڕەوشتە جوان وبەرز ومیسالیەی دینیەوە، بەو هەموو قوربانیدانەوە، بەو هەموو ماندووبوونەوە، بە خزمەتی مێرد و ٦ مناڵ و دەیان وسەدان مێوان و پێشمەرگەوە، کە هەتا کاتێ وەفاتی کردووە تەنها ٣٠ ساڵی تەمەن بووە، یانی لە بیستەکانی تەمەن بووە کاتێ ژنی دووەمی بەسەر هاتووە! بۆ دەبێ لە پای ئەو هەموو چاکی و باشیەی، پاداشتی ژن بەسەرهێنانی بێ؟!

ئینجا دیاریشە کە ئەو ژنەی چەندە پێی ناخۆش بووە ژنی بەسەر بێ، سەرەڕای ئەو هەموو خزمەت و قوربانیەی پێشکەشی دەکرد، چونکە هەر لە ژێر ئەو خاڵەدا عەلی باپیر دەڵێ: "دیارە مەگەر بە دەگمەن دەنا هیچ ژنێک ڕازی نییە ژنی بەسەربێ، خاتوون مەلا ژنیش هەروا بوو، بەڵام کەزانی هەردەمەوێ ژنێکی دیکە بێنم، مۆڵەتی لێوەرگرتم بچێ بیبینێ"!

یانی بەناچاری ڕازیبووە عەلی باپیر ژنی بەسەر بێنێ، بە تایبەتی بە قسەی خودی عەلی باپیر خاتوون مەلا ژن هەتا لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، لە هەردوو سەری دایک وباوکی کچی ئاغا وناودارانی عەشیرەتەکەی بووە، لە کاتێکدا وەک عەلی باپیر لە ژینامەکەی، چەند مەلۆیەک لە خەرمانی ژینم، باسدەکات کە خێزانی چەندە هەژار بوون، هەتا زۆرجار باپیر بە برسێتی خەوتووە و هەر خەریکی کشتوکاڵ وکاسبی و کرێکاری بووە، کە بێگومان عەیب نییە، بەڵام کە ژنێکی وا خانەدانت دەست دەکەوێ، وا سی ۳۰ سیفات وئاکاری جوانی دەژمێریت وەك سەحابیە و دایکی موسڵمانان، بۆدەبێ لە پاداشتی ئەو هەموو جوامێری و قوربانیدانە و خۆنەویستیەی وا بریندار کەیت وژنی بەسەر بێنیت؟! نە نەزۆک بووە، نە نەخۆش، هەتا مردنەکەشی بە هۆی تەباخی چێشت لێنان بووە بۆ میوانەکانی عەلی باپیر!

عەلی باپیر لە سەرەتای ئەو بەشەی کە تایبەتی کردووە بە خاتوون مەلا ژندا، بەراوردی هەڵوێستی خۆی لەو ژنەی بە هەڵوێستی پێغەمبەر لە خەدیجە دەکات، بەڵام هەرنەبایە وەک ڕەفتاری پێغەمبەر لەگەڵ خەدیجە ڕەفتارت کردبا، کە تا مردیش ژنی بەسەردا نەهێنا، چونکە خەدیجە لە یەکەم ڕۆژی بە پێغەمبەربوون و بانگەوازدا لەگەڵی بوو بە دڵسۆزی، کاتێ پێغەمبەر هەژار و بێ پیشتیوان بوو هیچی نەبوو، یان لەبەر هەر هۆیەکی تر بێت! دەی خۆ هاوسەری عەلی باپیر، واتە خاتوون مەلاژنیش ڕۆڵی بە قەد ڕۆڵی خەدیجە زیاتر بێ کەمتر نەبووە، لە خزمەتکردنی عەلی باپیر و منداڵەکانی و میوان و پێشمەرگەکانی؟! نازانم بۆ زۆربەی ئیسلامییەکان هیچ وەفایەک ناهێڵنەوە بۆ چاکترین ژنیشیان لەبەر ئارەزووێکی سێکسی داپۆشراو بە پۆشاکی فرەژنی ڕێپێدراوی شەریعەت؟!

عەلی باپیر دەڵێ: "دیارە مەگەر بە دەگمەن دەنا هیچ ژنێک ڕازی نییە ژنی بەسەربێ، خاتوون مەلا ژنیش هەروا بوو، بەڵام کەزانی هەردەمەوێ ژنێکی دیکە بێنم، مۆڵەتی لێوەرگرتم بچێ بیبینێ، کە بینیشی و هاتەوە، هیچ قسەیەکی خراپی نەکرد!" یانی قسەی چیبکات؟! خۆت دەڵێیت: بەڵام کەزانی هەردەمەوێ ژنێکی دیکە بێنم! زانی تۆ هەردەیهێنی بەسەریدا، ئەویش تازە بە ٦ منداڵەوە چی پێدەکرێ، بە ناچاری پیرۆزباییشت لێدەکات و دەڵێ ناتوانم ڕێگای شتێکت لێبگرم کە خوا و پێغەمبەری ڕێیان داوە! فەقیرەی تلی تلیش بۆ بووکی نوێ لێدەدا و شیرینی وچوکلێتیشی بەسەردا دەکات وەک نووسیوتە! تۆ دەتوانی ویستی خۆت فەرز کەیت بەسەر لە خۆت بێ هێزتر، بەڵام ناتوانیت لە ناخەوە قەناعەتیان پێ بکەیت!

من لە عەلی باپیر ناگرم، چونکە ڕوانگەی ئیسلامی وموسڵمانی شەریعەتی بۆ ژن هەروایە، لە پێغەمبەرەوە بگرە و خەلیفەکانی ڕاشدی و ئومەوی وعەباسی و تا گەڕترین بانگخواز ئەو فرەژنییە پیشەیانە، حەزدەکەی ژنەکانیان نمونەترین ژنی جیهان بن، لە جوانی و باشیدا، عاجیلەن ئەو ئاجیلەن هەر ژنێک ودوان وسێیانی تری بەسەر دەهێنن، بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ هەست ودەروون و وەفا و خزمەت و قوربانیدان و ماندووبوونی ژنەکەی بکات .

ئەو جۆرە ڕەفتار و مامەڵەی ژنکردنە هەتا پێغەمبەریش خەدیجەی لێ دەرچێ، کە ئەو کاتە لە قۆناغی سەرەتایی وهەژاری و لاوازی بانگەواز بوو، دەنا دوای ئەوە بەو شێوەیە ژن بە دوای ژنی دەهێنا، و سەحابە و ئیمام و پیاوچاکانی ناوداری ئیسلامیش هەروا هێناویانە، بۆ عەلی باپیر ڕیزپەڕ بێ؟! ئەو غەریزەیەی ژنهێنانی زۆر لای هەموو ئیسلامییەک حزوری هەیە، بە تایبەتی ئەگەر پارە ودەسەڵاتی هەبێ، عەلی باپیریش ئێستا لەسای سەری ئەو گەندەڵخانەیەی باشوور، نەک هەر خۆی خزمەکانیشی دەوڵەمەند بوون، چەند لە مناڵەکانی لە دەرەوەن بۆ خوێندن لە زانکۆکانی ئەوروپا، لەو ڕۆژانەش ژنی چوارەمی هێناوە کە لە زۆر لە مناڵەکانی منداڵترە و دەڵێن بە ٣٥ ساڵ لەو ئافرەتە بە تەمەنترە لەوەش قودوەی هەیە لەناو سەلەفی ساڵح!

بەڵام بۆ خوا بڵێم عەلی باپیر لە کۆتایی ئەو بەشە بە خەون و خەیاڵ پاداشتی خاتوون مەلا ژنی داوەتەوە، لە ژێر سەردێری: موژدەی خۆشی پاش مەرگ. ل ١٠٢٤
باسی ٣ خەونی موژدەدەر بۆ خاتوون مەلا ژنێ دەکات، یەکەمیان خەونی خۆیەتی کە لەکاتی حەجکردن بۆی بینویەتی، خاتوون بە ڕوێکی خۆش سوپاسی کردووە بۆ پاداشتی ئەو حەج و ڕۆژییەی عەلی باپیر بۆی کردوە!

خەونی دووەم شوکریەی هاوسەری دووەمی کە پێیگوتووە بۆ بەهەشتیان بردووە.

موژدەی سێیەم: خەونی "برایەکی دڵسۆز جێگای متمانە "، گوایە لە خەودا پێغەمبەری دیوە بە یاوەری دوو سێ ژنەوە هاتوون بۆ مزگەوتێک، کابرا لە پێغەمبەری پرسیوە ئەو ئافرەتەی ناوەڕاست خەدیجەی دایکی موسڵمانانە؟! پێغەمبەر فەرموویەتی بەڵێ، ئاماژەی بۆ ژنەکەیتری تەکی کردووە وفەرموویەتی: ئەوەش هاوسەری یەکەمی مامۆستا عەلی باپیرە! ل١٠٢٨
ڕاویەکە پێمان ناڵێ پێغەمبەر بە زاری شەریفی خۆی گووتی مامۆستا عەلی باپیر، یان ئەو مامۆستایە لەلایەن ڕاویەکەوە زیاد کراوە؟[26]!

[26] ٢٠٢٢/٦/١

# خوشکانی کۆمەڵ و قوتابخانەی (( واللە لنمنعهن))

لێدوانەکانی دڵشاد کەلاری دەربارەی پایەی ئافرەت لە ناو کۆمەڵ، وبەڵکو لە ناو ئیسلام بە پێی لێکدانەوەی خۆی، هەموو کەسێکی میانڕەو وخاوەن زەوق وعەقڵێکی سەلیمی بێزار کرد. ئارەزووم جوڵا بۆ وەڵامدانەوەی، بەڵام لە دڵی خۆم گوتم تاکەی توندڕەوان ئەوەی خراپە وناشایستەیە دەرهەق بە ئافرەتانی بکەن، کەچی ئافرەتەکانیش وەك ڕاهیباتە مێشك شوراوەکانی کڵێساکان، بەو پەڕی لە خۆبوردەییەوە خزمەت بە پرۆژە سەقەتەکان وتێڕوانینە چەوتەکانیان بکەن؟! تاکەی وەك فەردە پەتاتە و پیاز مامەڵەی ئافرەت بکەن، کەچی خودی ئافرەتەکان نوقەیان لێ نێت؟! تاکەی بە دەنگەکانی خۆیان جەلادەکانی خۆیان بەرزکەنەوە، بۆ ئەوەی زیاتر پەڕاوێزیان بکەن، و زیاتر شەرعیەت بدەن بە چەوساندنەوە وزینده بە چاڵ و وزینده بە ماڵ کردنیان؟!

ئاکاری بەرتەسک کردنەوەی ئازادیە شەرعیەکانی ئافرەتی موسڵمان، زۆر کۆنە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلام بەدیارکەوتن، لە ژێر کاریگەری داب ونەرێتی کۆن و بێگانە بە ئیسلام ونەزعە دەرونیە تایبەتیەکانی تاکە کەسی. هەر لەسەردەمی پێغەمبەر، کاتێ پێغەمبەر خەڵکی بانگ کرد بۆ کۆبوونەوە ووتی: [ایها الناس] "ئەی خەلکینە"، ئوم سەلەمە لە مافی بەژداری کردنی ئافرەتی موسلمان لەژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسیدا تێدەگەیشت، بۆیە ئوم سەلەمە بەرەو پیری بانگەوازەکە چوو، تانزیک بیتەوە وگوی لە پێغەمبەر بگریت، کەسانیکی کە هیشتا بەعەقلیەتی عەرەبی سەرەتایی دەژیان پێیان گوت:" بانگی پیاوان دەکات" واتە مەبەستی پێغەمبەر لە ئەی خەڵکینە بانگی پیاوانە، بەلام ئوم سەلەمە وتەیە زێڕینە مەنهەجییەکەی گوت" منیش لە خەلکم" (إنی من الناس). ئەم هەلویستە نیشانی دەدات کە تا چ رادەیەک ئافرەت درکی بە لیپرساوەتی دەکرد لەو کۆمەلگایەدا.

بەداخیکی زۆرەوە، ئەو سەردەمە زیرینە زۆری نەخایاند، وبیناغەیەکی پتەوی دانەمەزراند بۆ دوارۆژی ئافرەتی موسلمان، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک بوو، گرنگترینیان: قووڵداکوتانی رەگ وریشەی ئەو داب ونەریتانەی، کە بەسوک مامەلە لەگەڵ ئافرەت دەکەن لە کۆمەلگای

عەرەبی دا بەتایبەتی، ولەوکۆمەڵگایانەی ناوچەکە بەگشتی، کە هاتنە ناو ئیسلامەوە ورۆڵیکی سەرەکیان هەبوو لەدامەزراندنی زانستە ئیسلامیەکان دا، بەتایبەتی تەفسیر وفیقە.

ئەمڕۆ پاش زیاتر لە ١٤ سەدە کەسانێکی تر پەیدا بوون، بە ئافرەتان دەڵێن نابێت بەژداری سیاسیان هەبێت، نا بێت بێنە سەر تەلەفزیۆن، چۆن لە میوانداریەکانیان ژنان ومنداڵان لە حەرەمخانەکە دادەنیشن، وخەریکی خزمەتی منداڵەکان وسەریەشەکانیان دەبن، بە هەمان شێوەش خەریکی خزمەتکردنی پیاوەکان ومیوانەکانیان دەبن، پیاوەکانیش لە چاکترین شوێنی ماڵەکە دادەنیشن وخزمەت دەکرێن، کاك دڵشاد دەڵێ دەبێت حزبیش وا بێت، ئافرەت نەیەتە سەدری مەجلسی شورا ومەکتەبی سیاسی، چونکە چۆن پیاوان نابنە ئەندام لە ڕێکخراوی خوشکان، با ژنانیش نەچنە ناو ئۆرگانەکانی پیاوانەوە؟! ئەوە چۆن پێوان وچۆن پێوەرێکە؟!

ئیمامی موسلیم شتێک لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە لە عبد الله کوری عومەر کە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر بوو گووتی: "ئافرەتانتان لە مزگەوت قەدەغە مەکەن ئەگەر ئیزنیان لێوەرگرتن" بیلالی کوڕی پێیگووت" قەسەم بەخوا قەدەغەیان دەکەین" چونکە ئەو ئیزنە دەکەنە بیانوێك یان فێڵێك بۆ دەرچوون لەماڵەوە و گومان" "والله لنمنعهن، إنهن يتخذنه دخلا" عبد اللهی کوڕی عومەر ڕووی لە کوڕی کرد، جوینێکی وای پێدا کە هەرگیز جوێنی وام لەو نەبیستبوو!

ئینجا گووتی"دەڵێم پێغەمبەر وای گووتوە، دەڵێیت بەخوا قەدەغەیان دەکەین!! بەوخوایە لەوەو بەدواوە قەت قسەت لەگەڵ ناکەم... بەو جۆرە مایەوە هەتا کۆچی دوایی کرد.

شێخ محەمەدی غەزالی، کە ڕەخنەگرێکی گەورەیە لە سەلەفیزم، پێیوایە کە دەستەواژەی (( والله لنمنعهن)) گوزارش دەکات لە تێڕوانینێك وئاڕاستەیەك، هەر لە سەردەمی بەرایی ئیسلامەوە بەدیار کەوت، ئەو تێڕوانینەی کەسل ناکاتەوە لە ڕەتکردنەوەی فەرمایشتی خودی پێغەمبەریش، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هەروەک بەدی دەکەین لەو فەرمودەیەی سەرەوە، یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگای تەئویلات ولێکدانەوەی چەوت، یان لەڕێگای پەسەندکردنی فەرمودە ودەق گەلێکی لاواز بەسەر فەرموودە و دەقی ڕاستتر و پەسەندتردا، بە بیانووی فەسادی زەمان وقسەی گشتی بێ بنەمای وەك ئەوەی سەرەوە.

غەزالی ئەو هەڵگەڕانەوە وپاشگەزبوونەوەیە لە دژی ئافرەتان، بە تاوان وخیانەتێك دەزانێت کە دەرهەق بە پرەنسیپەکانی ئیسلام کرواە، بۆیە سزایەکی قورسی خوای بەدوادهات

لەوبارەیەوە دەڵێت: "ویستی خوای گەورە وابوو، کە موسڵمانان تێکڕا باجی ئەو خیانەت وناپاکییە بدەن، کە دەرهەق بەئیسلامیان کرد. هەربۆیە خاک وهۆش وبیریان داگیر کرا، بەو جۆرە پاش ئەوەی پێشەنگی هیدایەت وجیهانی یەکەم بوون، بوون بە کلکێکی پاشکۆ بەدوای کەسانیتر، یان بوون بە جیهانی سێیەمی شوێنکەوتە" الحق المر، دار الشروق.

کەوا بوو موسڵمانان پشتیان لە ڕیوایەتی باوکە سەحابیە زاناکە کرد، وشوێنی ڕای کورە لاسارو نەزانەکەی کەوتن! وەك غەزالی دەفەرموێت!

سەیر لەوەدایە کەسانێکی وەك دڵشاد کەلاری وهاوشێوەکانی بەوپەڕی زبری و بەرتەسکی مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکەن، دەنگیان عەورەیە یانی لەبەردەم پیاوان نقەیان نێت، نابێت گفتوگۆ بکەن نە وەك دەنگیان غەرایزە برسیەکان بجولێنێ!! نابێت بچنە ئۆرگانە باڵاکانی حزب، نابێت بچنە سەر تەلەفزیۆن، نابێیت کۆڕ ببەستن نەوەك بە تیری نەزەر هەراسان بکرێن وگوناهبار بن، نابێت ونابێت ونابێت..تا دوا لیستی قەدەغەکراوەکان لە ئافرەت.

کەچی لەولاوە کەسێکی سەر بە قوتابخانەی (( واللە لنمنعهن)) پێی سەیرە " ڕێکخراوی خوشکان خۆی سورکردۆتەوە بۆ قسەکانی حاجی دڵشاد" یان "حزبێک ئەوەنە خۆی بچوک بکاتەوە بۆ لێدوانێکی شەخسی حاجی دڵشاد، چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێنە سەرخەت و بڵێن ئەوە سیاسەتی ئێمە نیە !!! " ئەو برادەرە وادەزانێ قسە وسوکایەتی بە سەنەمێك کراوە نەك بە نیوەی مرۆڤایەتی، ئەو کەسە هێندە کەمە لای ئەو چۆن حزبێکی وا مەزن خۆی بۆ ئەو ئافرەتە زەعیفانە بچوک دەکاتەوە؟!!

ئەو پێێ "کارەساتە ڕێکخراوێکی ژنانەی بن دەستی ئەو حزبە دژ بە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بە ینانامە دەربکات، و بڵێت واقیعی بەو، داوای لێبوردن بکە و سەردەمی ئەو بۆچوونانە نەماوە!!! " بڕوانە گوزارشی **[ڕێکخراوێکی ژنانەی بن دەستی ئەو حزبە]** چۆن سوکایەتیەکە بەو ئافرەتانە، ومافی ئەوەشیان پێنادا ڕەخنە لە دوڕ وگەوهەرەکانی دڵشاد کەلاری بگرن و داوای لێبکەن داوای لێبوردن بکات؟!!! وەك چۆن خەڵکی نەزان پێی کوفرە داوای لێبوردن لە منداڵێك بکات، ئافرەت ومنداڵ دوو تای تەرازووی ئەو عەقڵێەتە سەقەتانەن، لە زۆر بۆنەش بە یەکەوە ناویان دەهێنن!! دیارە دڵشاد کەلاری هێندە موقەدەسە، بۆ ئافرەتی زەعیفە نییە داوای لێبوردنی و پەشیمان بونەوەی لێ بکات.!

لە کاتێکدا توندڕەوانی قوتابخانەی (( واللە لنمنعهن))، بە هەموو جۆرێك کەسایەتی ئافرەتان دەشکێنن ودەیپوکێننەوە، وبە ترساندن وتۆقاندنی ئاگری جەهەنەم ژیانیان لێ تاڵ دەکەن، وەك بەندە وکەنیزەك پەروەردەیان دەکەن، ودەیانەوێت وەك مرۆڤێکی ئازاد و ئاسایی وزیرەك وچالاکیش دەربچێت، لە کاتێکدا خەڵکان ژنانی خۆیان دەنێرنە بۆشایی ئاسمانەوە وکەچی ئەوان ڕێگای مزگەوتیشیان لێ دەبڕن! کاتێکیش ئەو ئافرەتانە لە ئەنجامی ئەو پەروەردە سەقەتە کەسانێکی ناچالاک ونێگەتیف وبێ زمانیان و بەستەزمانیان لێ دەردەچێت، کاکی بەدیهێنەری ئەو هەموو کارەساتانە دیسان ئافرەتان بە کەم عەقڵی تاوانبار دەکات:

"کە کەسێکیان نیە کەمێک خوێنەوار بێت و قسەکانی ڕوی دواندن و سەر شاشەی هەبێت ، ئەوەی لە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کۆمەڵدا کارنەکات، نازانێت چەندە میحنەتی بەدەست نەبوونی ژنێکی خوێنەواری ناو ڕێکخراوی خوشکانەوە هەیە، کە بێت و لەسەر پرسێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی قسەیەکی خوێنەوارانە بکات!! " لە خۆی ناپرسێت بۆ لە حزب ولایەنەکانی تر ئافرەتی زۆر بلیمەت ووشیار هەیە، و ڕەخنە لەوان دەگرێت سەبارەت بەکردەی دەستی خودی حزب و سەرکردە و کادیرەکان لە پیاوانی خۆیان!

لەسەری دەڕوات: "ئەوە خۆتانن کە ئافرەتتان پێ کەمە و متمانەتان بە خۆتان نیە، دڵنیاتان دەکەمەوە، ئەگەر لە کۆنگرەشدا بە تەعینات نەبێت، تەنها یەک ئافرەت ناچێتە سەرکردایەتی. خۆ ئەوە گرفتی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی نیە، بەڵکو کێشەکە نەبوون و نەخوێنەواری و بێ ڕۆڵی خۆتانە خوشکانی بەڕێز .... "

یان دەڵێت: "ئەگەر ئەوان پێیانوایە کە زۆر بە توانا و لێهاتوون، و شان بەشانی برایانیان کار و چالاکیان هەیە، ئەی بۆ لە هەڵبژاردنەکاندا کەسێکیان نەیانتوانی چەند هەزار دەنگێک بە دەست بێنن، و لەناو خۆشیاندا متمانەیان بە یەکتر نیە و دەنگیان داوە بە کاندیدێکی پیاوان بۆ ئەو پۆستە!؟"

کاتێ ئێوە بە دەق و توراسی دینی، پیاوانیان لێ دەکەن بە سوپەرمان، ولەبەرامبەردا ژن دەشکێنن بە دەیەها دەقی ئاینی زۆر وبۆر وزەعیف وسەقیم، سنووردار و کەلەپچەیان دەکەن و دەیانبەستنەوە، کەچی هێشتا چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکەن چالاك بن ومتمانەیان بە خۆیان بێت، خوێندەوار وزیرەکیش بن!! کاتێ ڕۆڵی دەکوژێننەوە لە ژیاندا، تەنها کاری بەرهەمهێنانی منداڵ وپێشکەش کردنی خواردن وموتعەی جینسی بێت بۆ پیاو، وهیچ کارێك ناکەیت بۆ

سوك كردنی باری وخۆ پێگەیاندنی لە ڕووی دەروونی وعەقڵیەوە، هەر تۆش دێیت تاوانباریان دەكەیت، وەك بڵێی كێشەكە ڕۆڵی ئێوە نەبێت لە پەراوێز خستنیان و دەبەنگاندنیان، بەڵكو پێتوایە: "كێشەكە نەبوون و نەخوێنەواری و بێ ڕۆڵیێ خۆتانە خوشكانی بەڕێز .... "!! ڕاست دەكەیت ژنێك بە مواسەفاتی ئێوە "بوونی لە پۆستێكی سەركردایەتی بۆ ژن، لەناو كۆمەڵی ئیسلامییدا چی مانایەكی هەیە كە شیاوی نەبێت... ؟؟؟" واللە هیچ!! ژنێك چیە لە لای ئێوە تا پیاوانی گەورە وبەرزی وەك ئێوە دەنگیان پێبدەن، بۆیە دەنگ ناهێنن، ئێوە دەستە خوشكەكانیشتان ڕاڕا كردوە لەسەر گرنگی پایەی خودی خۆی، خستوتانە مێشكیانەوە كە كاریان تەنها منداڵ بەخێو كردن وچێشت لێنان وسەرجێیە، كەوابوو ئەو ئافرەتە چۆن دەنگ بە هاوڕەگەزەكەی خۆی دەدات؟!

ئەو قسانەی دلشاد كەلاری وكەسانێكی عەریزە نووسی بەناو نووسەری وا، شایەنی ئەوەیە دادگای بۆ بگێریت نەک دڵە ئەستورەكانیان هێندە ناسك بێت، بەرگەی ڕەخنەیەكی دۆستانەی خوشكانی خۆیان نەگرێت، ئەو ڕەخنەیەی كە زیاتر لە لۆمەكردنەوە نزیكە نەك لە ڕەخنەیەكی جیدی ومەنهەجی، چونكە ئەو هەڵوێستەی دڵشاد وهاو هەڵوێستەكانی، پێویستی بە هەڵوەستەی زۆرتر هەیە، لەوەی لە بڵاوكراوەكەی خوشكاندا هاتووە.

هەر بەو بۆنەیەوەش دەستخۆشی لە خوشكانی كۆمەڵ دەكەم، بۆ ڕچە شكاندنیان وكۆتایی هێنان بە سەردەمی بێ دەنگی، بەرامبەر بەو سوكایەتیەی كە دەرهەقیان دەكرێت، هەروەها دەستخۆشی لە د. ڕێواس دەكەم بۆ وەڵامە جوان وناوەرۆكدارەی. پێویستە دەستخۆشی لە سەركردایەتی كۆمەڵیش بكەین بۆ ڕەتكردنەوەی لێدوانەكانی كەلاری، هەرچەندە كۆمەڵ پێویستی بە كاری جیدی و سیستیماتیك هەیە لە بواری تێڕوانین و مامەڵەیان لەگەڵ دۆزی ئافرەتان. وەڵامەكانی ئافرەتانی كۆمەڵ، سەلماندیان هیچی تر توندڕەوان ناتوانن بە كەیف وهەوەستی خۆیان هەر چیەك بڵێن بیڵێن دەربارەی ئافرەتان، نیوەی بەڕێز وشكۆمەندی مرۆڤایەتی.[٢٧]

---

[٢٧] لەندەن ٢٠١٢/١٠/٣٠

# عەلی باپیر و توراسی عەقلیەتی نیوبینی ئافرەتان!

زۆر دەمێکە بیر لەو بە نیوبینینەی فەقیهەکان دەکەمەوە بۆ ژن، بۆچی وای لێهاتوە خودی ژن و خوێنی و کەرامەتی و شایەدی و نرخی بە نیوە دەبینن؟! ئەوەی ئەو بابەتەی خستەوە یادم نامە کراوەکەی بێگەرد تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی سەوز بوو، کە ئاراستەی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کردووە، دەڵێ: "دەمەوێت دوور لەسیایەت، بەڵکو وەك ژنێك بۆ داکۆکی کردن لە هاوکارانم، کە لەسەر لیستەکەی بەرێزتان ئەندامی پەرلەمانن، داوای روونکرنەوەت لێبکەم .... بەپێی زانیاریەکانم باجێکتان داناوە لەسەر مووچەی پەرلەمانتارەکانتان، کە تا ئێرە دەسەڵاتی خۆتانە بەڵام، ئەوەی سەرسوڕمانی دروستکرد لای من ئەوەیە کە باجی ژنە پەرلەمانتارەکانتان، دوو ئەوەندەی باجی پەرلەمانتارە پیاوەکانتانە !."
یانی ئەگەر دەستکەوت دابەش بکرێت وەک میرات: للذکر مثل حظ الانثیین جێبەجێ دەکرێت، کە پیاوەکە دوو بەش بەرامبەر یەك بەش بۆ ژنەکە وەربگرێت! باشە ئەوە ئایەتە آمنا باللە.

بەڵام کە باج خرایە سەر مووچەی ئەندامانی پەرلەمان، ئایەتەکە ئاوەژوو دەکەنەوە و دەبێتە للانثی مثل حظ الذکرین!! بەڕای من ئەو عەقلیەتە نیوبینیەی ژن هەمووی لەسەر قیاسی شەهادەت دان و میرات بەشکردندا هاتووە! یانی مادام قورئان لە میراتدا دەڵێت: {يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ} و مادامەکێ لە شایەدی دان دەڵێت: {وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ} کەوابوو ئەو بە نیوەکردنەی میرات و شایەدیەی ئافرەتان لە ئاست پیاواندا، هانی فەقیهەکانی ئیسلامی داوە، لە هەموو بوارەکان یان لە چەندین بابەتی تر ژن بە نیوە بکەن! بەڕای من تێڕوانینی کۆمەڵگای عەرەبی پێش ئیسلامیش ڕۆڵێکی بەهێزی هەیە لە فۆرمەڵەکردنی ئەو تێڕوانینە نیوبینیەدا! عەرەبەکانی جاهیلیەتی پێش ئیسلام دەیانگووت: "تەنها ئەو کەسە میراتمان دەگرێت کە شمشێر هەڵبگرێت، و بتوانێت پارێزگاریمان لێبکات" "لا يَرِثُنا إلا من يحمل السيفَ ويَحْمِي البيضةَ!!"

هەموو مەزهەبەکان لەسەر ئەو نیوبینینەی ئافرەتان یەك دەنگ و کۆکن! لە ژێر کاریگەری ئەو دوو پاڵنەرە، فەقیهەکان هاتن خوێنبایی [دیة] ی ئافرەتانیان بە نیوەکرد، بە چەندین حەدیسی زەعیف وبێ بنەما. لە بیانوویان بۆ پاکانە هێنانەوە بۆ ئەو پرەنسیپە نادروستەی بەنیوبینینی خوێن وژیانی ئافرەتان، دەڵێن: ئیجماعی سەحابە هەیە لەسەر دیة، خوێنبایی

ئافرەتان نیوەی خوێنبایی پیاوە، ئەوەش بۆ کەمڕێزی وبچوك کردنەوە نیە، چونکە زیانی مادی بە کوشتنی ئافرەت کەمترە لە کوشتنی پیاو!!

فەقیهە هاوچەرخەکان، لە ژێر کاریگەری چەمکە مرۆییەکانی سەردەمدا زۆر بڕ وبیانوو دەهێننەوە، بۆ پاکانە کردن بۆ ئەو نیوبینییەی ژنان، بەڵام فەقیهە کۆنەکان هەردەم ڕاستگۆترن و ڕاستەوخۆ هۆکار وعیلەتی ئەحکامەکانیان ڕاستەوخۆ دەڵێن .!ئیبن حەزم لە إعلام الموقعین بە ئاشکرا دەڵێت: بە نسبەت دیة، خوێنبایی یەوە، لەبەرئەوەی ئافرەت ناقیسترە [کەمترە] لە پیاو، و پیاو سودی زیاترە لەو [ئافرەت]، چونکە پیاوان بۆشایگەلێك پڕدەکەنەوە، ئافرەتان پێیان پڕ نابێتەوە، لە بواری پایە دینیەکان و هەڵسوڕاندنی ویلایەتەکان، و پاراستنی سنورەکان، و جیهاد و ئاوەدان کردنەوەی زەوی، و ئەنجامدانی پیشەسازی، کە بەرژەوەندی گشتی بێ ئەو پیشەسازیانە نایەتە دی، و بەرگری کردنیان لە دنیا و دین، بۆیە نرخی ئافرەتان یەکسان نییە لە دیة و خوێنبایی. خوێنبایی ژنان وەک خوێنبایی کۆیلە و ماڵ وسامانیتر حسێب دەکرێت، حیکمەتی خوای خاوەن شەرع وا پێویستی کرد کە نرخی ئافرەتان بکاتە نیوەی نرخی پیاوان، لەبەر ئەو جیاوازیەی لە نێوانیاندا هەیە[28] "..

لە عقیقة [گوێزەبانە] دا، واتە کاتێ منداڵ لە دایك دەبێت بۆ کوڕەکە دوو ئاژەڵ سەردەبڕێت و بۆ کچ یەک ئاژەڵ، بێگومان دەیان فەرمودە وقەول وئیجتیهادیان دروست کردوە، بۆ سەلماندنی ڕاست و دروستی و مەشروعیەتی ئەو بەنیوەکردنە! باوەڕتان بێت مرۆڤ وەك باوک، ئەگەر شعوری هەبێت شەرم دەکاتەوە ئەگەر کوڕی بوو دوو ئاژەڵ سەربڕێت، و کە کچیشی بوو یەك ئاژەڵ! یانی ئەگەر کچ و کوڕێکی بوو لە یەك زگدا دەبێت لەبەر خاتری ئەو ڕێکەوتە یا قەدەرە بایۆلۆژیەی Y و X کە هێلکەی دایکەکە دەپیتێنێت، دەبێت دوو ئاژەڵ بۆ Y و X بکەیتە گۆزەبانە، ئەگەریش X و X بوو کە دەبێتە کچ، یەك سەر ئاژەڵی بۆ سەربڕی!!

لە مەسەلەیکی تری هەستیاردا، کە ئازادکردنی بەندەیە، ئەبو هوریرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر [د.خ] فەرمویەتی: «أيما امرئ مسلم أعتق امرءا مسلما استنقذ الله بكل عضو منه عضوا من النار» متفق عليه، [هەر کەسێکی موسڵمان، موسڵمانێکی ئازاد کرد لە بەندایەتی ، خودا بە هەر ئەندامێکی لەشی بەندەکە، ئەندامێکی لەشی ڕزگار دەکات لە دۆزەخ] لەو حەدیسە ڕەگەز دیارینەکراوە زۆر ماقوڵە، بەڵام ئەو عەقلیەتە نیوبینیەی ژنان، هەدا نادات تا ڕیوایەتێکی تر

[28] قال ابن القيم رحمه الله في إعلام الموقعين: وأما الدية فلما كانت المرأة أنقص من الرجل، والرجل أنفع منها، ويسد ما لا تسده المرأة من المناصب الدينية والولايات وحفظ الثغور والجهاد وعمارة الأرض وعمل الصنائع التي لا تتم مصالح العالم إلا بها، والذب عن الدنيا والدين لم تكن قيمتهما مع ذلك متساوية وهي الدية، فإن دية الحر جارية مجرى قيمة العبد وغيره من الأموال، فاقتضت حكمة الشارع أن يجعل قيمتها على النصف من قيمته لتفاوت ما بينهما. ا.هـ والله أعلم.

دروست دەکات، وەك لە ترمذي دا هاتوە کە پێغەمبەر فەرمویەتی: «وأيما امرئ مسلم اعتق امرأتين مسلمتين كانتا فكاكه من النار» [هەر موسڵمانێك دوو ژنی موسڵمان ئازاد بکات، دەبنە ڕزگارکەری لە ئاگر] واتە هەر دوو سەری ژنەکان سەرێکی پیاوەکە ڕزگار دەکەن، و چوارپێی ئەوان دوو پێی پیاوەکە و هاکەزا!!!...

نازانم چ عەقڵیەتێکە بەدوای شتی وا نا ئینسانی و بێ مانا دەگەڕێت بۆ جەختکردنەوو لەسەر ئەو عەقلیەتە نیوبینیەی ژنان، کاتی ئەوە نەهاتووە ئەو نیوبینیەی ژنان لە فیقە و تێڕوانینی دینی و مرۆییمان بسڕینەوە.؟! لە دەستوری قەتەردا شیخ یوسف القرضاوي بڕیاری یەکسانیدا لە خوێنبایی نێوان ژن وپیاودا وگووتی: " بەنیوەکردنی خوێنبایی ژنان هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و ڕاشکاو مانای نییە نە لە کیتاب و نە لە سوونە! هەرچەندە ئیمامی شافیعیش دەڵێت: لم أعلم مخالفاً من أهل العلم قديماً ولا حديثاً في أن دية المرأة نصف دية الرجل. "هیچ ناکۆکێکم لە ئەهلی عیلم نەدیوە ، نە لە کۆن و نە لە نوێ، کەوا خوێنبایی ژنان نیوەی پیاوە!!"

لە کۆنەوەش کەسانێکی زانای وەك أبو بكر الأصم، و ابن عليه، و لە نوێکانیش شێخ محمود شلتوت لە کتێبی الإسلام عقيدة وشريعة، و محمد أبو زهرة لە کتێبی العقوبة و شێخ قەرەزاوی بروایان وایە کە خوێنبایی ژنان یەکسانە بە خوێنبایی پیاوان. بەڕای من هەتا ئەو دوو ئایەتەی میرات و شەهادەت دانیش، ئەگەر لە هۆکارەکانی وردبینەوە، دەردەکەوێت هیچ موبەریرێکی واقیعی نەماوە، لە سایەی ئەو گۆرانکاریە گەورەیەی بەسەر ڕەگەزی ئافرەتاندا هاتووە، لە ڕووی پێگەیشتنی زانستی و کامڵبوونی مرۆیی و توانا عەقڵیەکانی، کە ناکرێت بە هیچ جۆرێک بەراورد بکرێن، لەگەڵ ژنانی سەردەمی پەیام. جاروبار پیویستمان بە ئیجتیهادە لە نص یش، نەك وەک دەڵێن: ئیجتیهاد نییە لەگەڵ بوونی دەقدا، لا اجتهاد مع النص!

سەیر لە عەقڵیەتی عەلی باپیر لەو بابەتە ئەوەیە، نەك لە کاتی پاداشت وبەخشین بەشی ئافرەت بە نیوەی پیاوان دەکات، وەك لە ئایەت و حەدیسەکان هاتووە، بەڵکو لە کاتی باجدان و تەغریمکردندا، لە جیاتی وەك جیهانبینی شەریعەت و عورفی جیهانی کەمتر لە زەعیفەکان وەرگرێت، هاتووە دوو قاتی پیاوانیان لەسەر دەسەپێنێ!

سەلاحەدینی ئەیوبی کە دیلەکانی قودسی بەخشی ١٠ دیناری بۆ پیاوان و ٥ دیناری بۆ ژنان و ٢ دیناری بۆ منداڵ وپیروپەککەوتەکان دیاری کردبوو، بۆ خۆ ئازادکردنیان! کەچی باپیر وادەزانێ کاری دین هەر بە نیوەکردنی ئافرەتان نییە، بەڵکو بە دوو قاتکردنی باجیشە! یانی شەریعەت نیوەی پیاوی پێبدات، ئەمیریش دووقات سەرانەی لێ بستێنێ! ئەوە قورئان پێیدەڵێت: دابەشکردنێکی ستەمکارانەیە! تلك اذا قسمة ضيزى[29]

[29] ٢٠١٤/١٢/١٩، لە کتێبی: ئافرەت لە نێوان توندڕەوی دینی و سەرەڕۆیی فێمنیزمیدا

# عەلی باپیر و هەندێ سەرنج دەربارەی ئافرەت لە تەفسیرەکەیدا یەکەم لێدانی ژن واتە فەرمانی واضربوهن

عەلی باپیر بە هەمان شێوەی، مەلا و نووسەر و بانگخواز و موفەسیرە نوێیەکان، لە بیانوو هێنەرانی پێش خۆی، دەربارەی پاکانەکردن بۆ فەرمانی لێیاندەن " واضربوهن"
کۆمەڵێ قسەی سواو و زۆر لە خۆکەر دەکات، کە هیچ ناخاتە سەر خەرمانی گەورەوگرانی ئەو هەموو لێکدانەوە و تەفسیرانەی کە تا ئێستا دەربارەی بابەتەکانی ژن و بە تایبەت خاڵە ڕەش و خراپەکانی دەرهەق بە ژن بڕیاری لەسەر دراوە، وەك لێدانی ژن بۆ نموونە. کێشەکەش لەوەدایە کاتێ دەق سنووریان بۆ دەکێشێ، ئیتر دەبێ هەر لە دەورەی دەقدا بخولێینەوە، خەریکی سافکردن و پینەکردن و ئارایشکردنی دەقەکە بن، تا تۆزێ دزێویەکەی بشارنەوە، بەڵام هەر کە ویستیان بچنە ناو سنووری دەق، هەر لەسەر سنوور خامۆش دەبنەوە، چونکە بۆ ئەو دەقگەرایانە جورئەتێکی خورافی دەوێ لە سنووری دەق بپەڕنەوە. نەک هەر عەلی باپیر، بەڵکو فەیلەسوفەکەی ئیخوان و یەکگرتوو ئەبوبەکر کاروانی لە بیرمە لە گفتوگۆیەک گووتی دەق وادەڵێ، ئەگەر هەموو زانا و دانای دین و دنیا گووتیان وانییە، من هەر دەڵێم دەقەکە ڕاستە!

عەلی باپیر دەربارەی فەرمانی خوای **کاربەجێ بە** " وَاضْرِبُوهُنَّ" واتە فەرمان  بە لێدانی ئافرەت دەڵێ:

"هەڵبەتە عەلمانیەکان زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە دەکەن، بەڵام بێگومان هەر ئەوەی **خوای کاربەجێ** دایناوە ڕێک و ڕاستە، ئینجا کەدەوترێ شەریعەت ڕێگەی داوە مەرج نییە بۆ هەموو کەس بێ، بۆ نموونە پێغەمبەر هەرگیز لەهیچ خێزانێکی خۆی نەداوە، وە شەریعەتیش وەنەبێ بەشتێکی پەسەندی بزانێ، بەڵام نەهەموو ئافرەتێک ئافەرەتە ڕەسەنەکان و هاوسەرانی پێغەمبەرن، نەهەموو پیاوێکیش سەبر و تەحەمولی پێغەمبەری هەیە، دیارە شەریعەتیش بۆ هەموو کەس هاتووە، بۆ هەموو جۆرە پیاوێک و هەموو جۆرە ئافرەتێک هاتووە، ئەگەرنا وەنەبی شتێکی پەسەند و خوازراو بێ لەشەریعەتدا کەپیاو لەخێزانی خۆی بدات، بەڵام کاتێک کەناچار بوو شەریعەت ڕێگەی داوە...

---

سورة النجم ٢٢.

بەرلەوەی ئەو دەق و ئارگیومێنتەی عەلی باپیر تەواو بکەین، دەبێ هەڵوەستەیەك بکەین. عەلی باپیر وەك دیارە، بە وێنەی هەموو ئیسلامییەکان شەو ورۆژ چاویان لە دەمی عەلمانییەکانە بزانن ڕەخنە لە چ دەگرن تا وەڵامیان دەنەوە، دەنا کێشەیان لەگەڵ هیچ ئایەت وحەدیسێك نییە!

یانی قەت ڕۆژێ خۆیان نەهاتوون باسێك بوروژێنن بڵێن چۆن دەبێ لە سەدەی ٢١ و سەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا، ئێمە بچینە ژێر فەرمانێکی دینی بە لێدانی ئافرەت و هاوسەرمان! ڕۆژێ ناڵێن هیچیتر کۆیلایەتی شەرعیەتی بوونی نەماوە، شورەییە باسی بکەینەوە لە ئیسلامدا، پاش ئەوەی مرۆڤایەتی بە فەرمی ڕزگاری بوو لە کۆیلایەتی! دەبێ ئێمەی ئیسلامیش چارەسەرێکی بۆ ببینینەوە، نەك بڵێین فلان شارستانییە و دەوڵەتە کۆیلایەتی تێدا بووە، ئێستاش کۆیلایەتی هەیە، بۆ لە ئیسلامدا نەبێ؟!

عەلی باپیر و ئیسلامییەکان دەبێ مەمنوونی عەلمانییەکان بن، کە هەمیشە وایان لێدەکەن بەخۆیان دابچنەوە و بیانوو بهێننەوە بۆ ئەحکامەکانی دین!

ئینجا کە دەڵێت: "ئینجا کەدەوترێ شەریعەت ڕێگەی داوە – بە لێدانی ئافرەت - مەرج نییە بۆ هەموو کەس بێ، بۆ نموونە پێغەمبەر هەرگیز لەهیچ خێزانێکی خۆی نەداوە، وە شەریعەتیش وەنەبێ بەشتێکی پەسەندی بزانێ، بەڵام نەهەموو ئافرەتێک ئافەرەتە ڕەسەنەکان و هاوسەرانی پێغەمبەرن، نەهەموو پیاوێکیش سەبر و تەحەمولی پێغەمبەری هەیە، دیارە شەریعەتیش بۆ هەموو کەس هاتووە، بۆ هەموو جۆرە پیاوێک و هەموو جۆرە ئافرەتێک هاتووە..." خۆی دەڵێ لێدانی ئافرەت مەرج نییە بۆ هەموو کەس بێ، کەچی لە کۆتاییدا دەڵێ: دیارە شەریعەتیش بۆ هەموو کەس هاتووە، بۆ هەموو جۆرە پیاوێک و هەموو جۆرە ئافرەتێک هاتووە! واتە لێدانیش بۆ هەموو پیاوێکی حەکیم و گەمژە، بە ئارام و هەڵەشە هاتووە، لێدانیش بۆ هەموو ژنێکە خوێندەوار ونەخوێندەوار، عاقڵ و گەمژە و فەیلەسوف و ژنی ئاسایی!

خۆی دەبوا وەك هەندێ ئەحکام تایبەت با بە پێغەمبەر، نەك لە یەکەم بەیانی دابەزینی ئایەتی: وَاضْرِبُوهُنَّ دەیەها سەحابەی پێغەمبەر هەر بۆ خۆشی دابەزینی ئایەتەکە لە ژنانیان بدەن، هەمووی بچنە ماڵی پێغەمبەر بە جەستەی سەوز ورەش هەڵگەڕاو، وەك عائیشەی هاوسەری دەگێڕێتەوە لە فەرموودەیەك، بۆ سکاڵاکردن! لەفەرموودەیەکی تر هاتووەو پێغەمبەر دەڵێ: دوێنێ شەو حەفتا ئافرەت هاتن بۆ ماڵی ئێمە، هەموویان سکاڵای ئەوەیان هەبوو کەمێردەکانیان لێیان داون و ئەزیەتیان داون، ئەوانە پیاوە باشەکانتان نین! جا سەحابە کە عەرەب بوون و قورئان و حەدیس بە زارزمانی ئەوان دادەبەزی و پێغەمبەر لەناویان بوو،

لە چەندین ئایات وەك چاكترینی ئومەت ستایش كراوان، سەرەڕای ئەو هەمووەش وا بێ زەوقانە ئەو ئایەتەی لێدان جێبەجێ بکەن، فەما بالوکە بە موسڵمانانی ئەعجەمی، هەتا عەرەبی سەردەمیش، کە نەزان و نەشارەزان بە زمانی قورئان وحەدیس لەو ڕۆژگارەدا؟!

باپیر دەڵێ لێدانەکە بە مەرجە "ئەویش بەو مەرجانە:

وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ ۖ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا} [النساء : ٣٤[
لێرەدا خوای گەورە ڕێوشوێنمان بۆ دیاری دەکات کەکاتێک ئافرەت سەرپێچی دەکات لەمێردەکەی و خەتاباریشە، نەک خەتای پیاوەکە بێت و ئافەرەتەکە فەقیر بیت و لەتاو ئازاری خۆی قسەیەک بکات، یاخود لەکاردانەوەدا یاخیبوونێک بکات، لەبەرئەوەی مێردەکەی نارەحەتی کردووە، ئەوە نا. شەریعەت دان بەو مافە دانانێ، بەڵکو لەو حاڵەتەدا ئافرەتەکە بۆی هەیە سکاڵا بکات و داوای جیابونەوە بکات، وەک لەئایەتەکانی سورەتی(البقرة) دا **خوای زانا و توانا** بەڕوون و ڕاشکاوی فەرموویەتی
{فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ...} [البقرة : ٢٢٩]

بەڵام کاتێک کەخەتا هی ئافرەتەکەیە خوای گەورە دەفەرمووێ {وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ ۖ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا} [النساء : ٣٤]

واتا وە ئەو ژنانەی کەمەترسیتان لێیان هەیە یاخی بن، بەڵام هەندێک لەزانایان ئاوا تەفسیریان کردووە، ئەو ئافرەتانەی کەدەزانن لێتان یاخیبوون، واتا لێرەدا کەدەفەرمووێ(تخافون)واتا دەزانن(تعلمون).

ئینجا خوای **کاربەجێ** بۆ چارەسەرکردنی یاخیبوونی ژن لەلایەن مێردەوە، واتا کاتێک ژنەکەی لێی یاخیبووە، یانی مافەکانی پیاوەکەی جێبەجێ ناکات و سەرپێچیش دەکات لەشتی شەرعیدا، وە ناحەقیەتی و باریشی بالادا لارە، لەوکاتەدا شەریعەت بۆی داناوە سێ قۆناغی لەگەڵ بەکاربهێنێ، بۆ چارەسەر:

١.فَعِظُوهُنَّ:ئامۆژگاری کردن، بۆچی ئامۆژگاری بکات؟چونکە لەپێشدا دەبێ عەقڵی بدوێنی.

٢.وَاهْجُرُوهُنَّ:ئەگەر قۆناغی یەکەم سوودی نەبوو، ئینجا با پیاو عاتیفەی ژن بدوێنێ، ئافرەت زۆرجار بەمێینایەتی خۆی شانازی دەکات، وا دەزانێ بەبێ وی ئەو پیاوە ناژی، لەبەر

ئەوە ئیستیغلالی پیاوەکەی دەکات و دەڵێ پێویستی بەمن هەیە! بۆیە ئەگەر ئامۆژگاری سوودی نەبوو، با ئەوجار جێگای لێی جیابکاتەوە، تا بۆی دەربخات ئەوەندە لێی تورە بووە، ئەو لایەنی ژن و مێردایەتیەش کاریگەریی لەسەر نییە و بۆی ناچارییە.

٣.وَاضْرِبُوهُنَّ:ئینجا ئەگەر ئەو دوو قۆناغەش هەر سوودی نەبوو، واتا دوای ئەوەی بەعەقڵ دەیدوێنێ تێناگات، دوای ئەوەی بەزمانی عاتیفە دەیدوێنێ تێناگات، ئینجا ماوەتەوە چی؟ ماوەتەوە ئەوەی بەزمانی جەستە بیدوێنێ، بۆی هەیە کەلێی بدات، هەڵبەتە لەمەسەلەی لێدان لەئافرەتدا لەلاین پیاوەوە پێویستە ئەو چەند حەقیقەتە بزانین:

١.پێویستە ئەو ڕیزبەندیەی کەشەریعەت دایناوە رەچاوبکرێت،واتا هەتا ئامۆژگاری نەکا بۆی نییە شوێنی خەوتنی لێ جیابکاتەوە،وە هەتا جێگای لێ جیانەکاتەوە دوای ئەوەی ئامۆژگاری سوودی نەبوو بۆی نییە لێی بدات، واتا دەبێ بەڕێز هەرسێکیان جێ بەجێ بکات.

٢.ئەم شێوازی چارەسەرە شەریعەت بۆکەسێک ڕێی داوە،کەخەتای ژنەکە بێت، لەبیرتان نەچێ، باشە ئەگەر خەتای پیاوەکە بوو؟ لەوکاتەدا پیاوەکە ئەوانەی بۆ نییە و ئەگەر وابکات ئەوا زولم لەئافرەتەکە دەکات، وەلەو حاڵەتەشدا ئافرەت بۆی هەیە سکاڵا بکات و داوای جیابونەوە بکات.

٣.لێدانی ژن دوا چارەسەرە،واتا وەنەبێ شتێکی باش و پەسەند بێت، یانی شەریعەت لێدانەکەشی پێ باش نییە، بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر(علیه‌السلام): ئایا یەکێکتان لەخێزانەکەی دەدات وەک چۆن لەکۆیلەکەی دەدات، دوایش ئێوارە دەچێتەوە لای..!
یان لەفەرموودەیەکی تر هاتووەو پێغەمبەر فەرموویەتی:دوێنێ شەو حەفتا ئافرەت هاتن بۆ ماڵی ئێمە،هەموویان سکاڵای ئەوەیان هەبوو کەمێردەکانیان لێیان داون و ئەزیەتیان داون،ئەوانە پیاوە باشەکان نین، واتا پیاوی باش لەهاوسەری خۆی نادات، واتا وەنەبێ ئەو لێدانە شتێکی پەسەندبێ، بەڵام بۆکاتی ناچارییە،وەک چۆن دەڵێن دەربارەی تەڵاق گوتراوە بوغزینراوترین حەڵال لەلای خوا تەڵاقە، بەس کەناچار بوو،بەدیلەکەی خراپتربوو، ئەوکات شەریعەت خەڵک عاسێ ناکات.

٤.لێدانەکەش نابێ ئازارگەیەنەربێ و زۆر توندبێ، نابێ پێستی بریندار بکات و بیرووشێنێ، ئینجا نابێ لەدەموچاوی بدرێ، چونکە حیکمەتی لێدانەکە ئەوەیە کەزیاتر بزانێ کەتۆ لێی تورەیی و لێی پەستی، لەسەر ئەو یاخیبوون و کەمتەرخەمیەی[30]...

## ٢

ئەو مەرج و مەرجکاریەی عەلی باپیر و مەلا وزانای ئیسلامی باسی دەکەن، هەتا خۆشیان جێبەجێی ناکەن، تۆ بروانە باشترین کۆمەڵگای ئیسلامی، کە کۆمەڵگای سەحابە بوون، کەچی بە درندانەترین شێوە لە ژنانیان داوە، چۆن کۆمەڵگاکانی تر ڕەچاوی ئەو ڕێزبەندییەی عەلی باپیری دەکەن؟!

ئەو ئایەتەی باسی لێدانی ئافرەت دەکات لەسەر یاخیبوون و نشوزکردن، بە ئاشکرا باسی لێدانی ئافرەت دەکات، دەڵێ ئەگەر ترسان لەوەی ئافرەتەکانتان یاخی بن و لەخۆیان بگۆڕێن و سەرپێچی بکەن "تخافون نشوزهن" چەند ڕێکارێك دەرهەقیان بکەن، کە بە ئامۆژگاری دەست پێدەکات و بە لێدان و کوتان کۆتایی دێت! زۆربەی لێکدانەوەکان ئاماژە بەیاخیبوونی سێکسی دەکەن، کاتێ ئافرەت ناهێڵێ مێردەکەی لێی نزیک بێتەوە، لە شەرمان هەندێ سەرپێچیتریشیان تێکردووە، تا نەڵێن تەنها لەبەر هۆکاری سێکسی ئەو هەموو ڕێکارە دەکرێ دژی ئافرەتە!

واللاتی تخافون نشوزهن یانی بەرلەوەی یاخی بێت! لە دوای چەند هەنگاوێک، وەعزدان، جێگا لەگەڵ جیاکردنەوە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ سێکس نەکردن وپشتلێکردنی، ودوایی جێگا گۆڕین !ئەگەر فایدەی نەبوو دەڵێ لێیاندەن واضربوهن، ئەگەر بەگوێیان کردن هەقتان بەسەریانەوە نەبێ!

ئەو ئایەتە کە دەڵێ لێیاندەن واضربوهن بەشێوەیەکی ڕەها دەڵێ لێیاندەن، ئەو ئایەتە بۆ قورئانییەکان کێشەیەکی گەورەیە، چونکە ناڵێ لێدانێکی سووک ونەرم! ئەوە توراسییەکانن تووندوتیژی ڕەهایی و شیدەتی ئەو ئایەتە خاو دەکەنەوە، کە چەندین حەدیسی پێغەمبەر دەهێننەوە لەو بارەیەوە، کە دەڵێ: نابێ بەتووندی لێیان بدرێت،دەیان سەحابە وتابیعیش دەڵێن لێدانێکی خەفیف یان ضرب غیر مبرح، دەڵێن لێدانەکە ڕەمزی بێت با بە سیواک بێت! بەڵکو تابیعی هەیە دەڵێ نابێ هەر لێیان بدرێ!

---

[30] تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز، سورەتی النساء، چاپی یەکەم ٢٠١٣، عەلی باپیر.

خۆ مەعلومیشە سیواک ئامرازی لێدان نییە، بۆیە ئەوانەی باوەڕیان بە حەدیس وتوراسە مانایەکی چاکتر وجوانتر بەبەر ئەو ئایەتەوە دەکەن، هەرچەندە بەڕای من هەر لێدانەکە خۆی لە خۆیدا بە سیواک بێ یان بە قامچی یان بە گوڵ بێ هەر کێشەیە! بەڵام قورئانییەکان ناتوانن بڵێن قورئان مەبەستی لێدانێکی سووکە بە سیواک، چونکە ئایەتە ڕاشکاوە لە فەرمانی لێدان و باوەڕیان بە عن فلان وعن فلان نییە. تەنها ڕێگای شەحروریيان بۆ دەمێنێتەوە کە نکوڵی لەوە بکەن کە قورئان دەڵێ لێیان بدەن!

وەك زانراوە عومەری کوڕی خەتاب بوو مەسەلەی حیجابی هێنایە ناو باسەوە، وازی لە پێغەمبەر نەهێنا تا چەندین ئایەتی حیجاب دانەبەزی! لێرەش کە پێغەمبەر دەڵێ لە ئافرەتان مەدەن، دەچێتە لای پێغەمبەر دەڵێ: بەو فەرمانەی تۆ ژنان یاخی بوون لە مێردەکانیان!. پێغەمبەریش لە ژێر ئەو فشارەوە ڕێگای پێدان لێیان بدەن، ئەوانیش واتە سەحابەکانی کۆمەڵگای پێغەمبەر، باوەڕیان نەکرد بە هەلیان زانی، بۆیە ئەو شەوە هەر لۆ خۆشی لە ژنەکانیان دا، بەڵکو خێری جێبەجێکردنی ئایەتەکە و فەرمانی واضربوهن یان بۆ بنووسرێ !

بۆ بەیانی ژنێکی زۆر بۆ سکاڵا هاتنەماڵەکانی خانەوادەی پێغەمبەر. پێغەمبەر زانی کارێکی خراپیان کردووە، بەڵام تازە لە دەستی دەرچوو بوو، ئایەتەکەی بۆ خوێندبوونەوە، بۆیە ویستی کەمێک سووکی کاتەوە، بە تووڕەییەوە گووتی :ئەمڕۆ حەفتا ژن .حەفتا یانی ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبی .لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێ ژنێکی زۆر بۆ سکاڵا لە مێردەکانیان هاتنە ماڵەکانی خانەوادەی پێغەمبەر، ئەو پیاوانە لە چاکترینەکانتان نین! یانی ئەگەر بە سیواک لێیان دابان دەچوونە ماڵی پێغەمبەر بۆ سکاڵا کردن؟! بێگومان نەخێر تێلاترێن کرابوون .

عن اياسي بن عبد الله بن أبي ذباب أن النبي -صلى الله عليه وسلم- قال: "لا تضربوا إماء الله "

فجاء عمر فقال: قد زئر النساء على أزواجهن -أي نشزن أو عصين- فأذن لهم فضربوهن، فأطاف بآل رسول الله -صلى الله عليه وسلم- نساء كثير.

فقال النبي صلى الله عليه وسلم : " لقد طاف بآل رسول الله -صلى الله عليه وسلم- سبعون امرأة كلهن يشكين أزواجهن، ولا تجدون أولئك خياركم". وفي رواية "لن يضرب خياركم."

لەوە ناچێ ئەو سەرکۆنەیەی پێغەمبەر بۆ ژنلێدەرەکان و ئەو سزایە مەعنەوییە کە ئەوانەی لە ژنەکانیان دەدەن چاکترینتان نین، کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبووبێ، چونکە چاکترینیش نەبن یانی هەر چاکن بەڵام چاکترینتان نین! ئینجا گەورەترین ژنلێدەری کۆمەڵگای پێغەمبەر، واتە زوبێری کوڕی عەوام هەر بە چاکترینیان مایەوە! هەر لە حەواری پێغەمبەر بوو و هەر لە دە مژدەپێدەراوەکان بە بەهەشت بوو. ئەگەر لێدانی ژن کارێکی خراپ وتاوان با لە مەنزوری دین

وپێغەمبەرەوە، دەبوایە زویێر سەرکۆنە کرابا بە توندی، تۆبەی کردبا لای پێغەمبەر کە هیچیتر وەك ئاژەڵ لە ژنەکانی نادات!

جا ئەگەر حەواریەکی خۆی کە زوبێرە یەک سەرکۆنەی ڕاستەوخۆشی نە لە خەزوری کە ابوبکری سدیق بوو، ونە لە خودی پێغەمبەر ئاڕاستە نەکرا بێت، سەبارەت بە ڕەفتاری توندوتیژی دژی ژنان، وتا مردیش بە شاهێدی عومەر پێغەمبەر لێی ڕازیبوو، بە عەشرەی موبەشەرە و بە حەواری و شاگردی خۆی دەزانی، ئەی چۆن سەحابەکانی تر لە وێنەی ابو جهم، کە ناسراو بوو بە ژنلێدەر! و سەحابە نەناسراوەکان کە لە ژنەکانیان دەدان، دەستیان لە لێدانی ژن هەڵگرتووە، چۆن تێلایان لەسەر شانیان هێناوەتە خوارەوە؟!

خۆ ئەگەر پێغەمبەر بە لەتە ئایەتێک بیگووتبا لێیان مەدەن، ولا تضربوهن، دڵنیام زۆرینەی زۆربەی سەحابەکان نەدەوێران موخالەفەی فەرمانەکەی قورئان بکەن. بەڵام سەحابەکان هەر کەسەی لەتە ئایەتی واضربوهن دەدیت دەیزانی ئەو مۆڵەتێکی کراوەیە بۆ لێدانی ژنەکانیان، با خودی پێغەمبەریش لە ژنەکانی نەدات، چونکە سەحابە دەیانگۆ پێغەمبەر لە زۆر شت تایبەتمەندی جیاوازی هەیە بەسەر ئێمەوە، وەک نەخواردنی هەندێ شت بێ ئەوەی حەرام بێت، یان هێنانی زیاتر لە چوار ژن، يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْكَ ... یان خۆ پێشکەشکردنی هەر ژنێک بە پێغەمبەر بێ مارەیی وبێ گرێبەستی زەواج: وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ .... و شتی تریش کە تەنها بۆ پێغەمبەر بە تایبەتی بوو، خالصة لك من دون المؤمنين!

# ئایا ژن کۆیلەی پیاوە لای فەقیهەکانی ئیسلام؟!

ئینجا مەسەلەکە کێشەی لێدانی توووند و هێواش ونەرم نییە. کێشە ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە ڕەهادانەیە، کە بە پیاو دراوە تا لە ژن بدات وەک منداڵ و وەک کۆیلە! بۆ کاتێ پیاوەکە نشوز دەکات، هەموو ماناکانی نشوزی لێ بەرجەستە دەبێت، ژنەکە هەقی لێدانی پیاوەکەی پێ ڕەوا نەبینراوە؟! چونکە قورئان ژنیش وەک مومتەلەکاتی، یان لە چاکترین حالەتدا وەك نیعمەتێك لە نیعمەتەکانی تری پیاو حسێب دەکات. هەتا پێغەمبەر کاتێ دەڵێ لە ژنان مەدەن، ڕاستەوخۆ ناڵێ لا تضربوا النساء، بەڵکو وشەی اماء الله بەکاردەهێنێت واتە بەندە یان کەنیشکی خوا بۆ سۆز جوڵاندن وزگ پێسووتان بە کائینێکی کۆیلەی لاواز، هەتا لە حەدیسێکیتر هاوشێوە ژنان بە دیلی جەنگ دەچوێنێ ودەڵێ :

(استوصوا بالنساء خيرًا ، فإنّهن عوان عندكم ، أخذتموهن بأمانة الله ، واستحللتم فروجهن بكلمة الله ). لەگەڵ ژنەکانتان باش بن، ئەوان دیلی بەردەستی ئێوەن!!!

بۆیە فەقیهەکانی ئیسلام گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ژن کۆیلەی پیاوە! ابن الجوزي لە أحكام النساء دەڵێ : دەبێ ژنان بزانن کەوا وەک کۆیلەن بۆ مێردەکانیان! "وينبغي للمرأة أن تعرف أنّها كالمملوك للزوج»، ئینجا دەڵێ: پێویستە ژن ئارامی هەبێت لەسەر ئەزیەتدانی مێردی وەک چۆن کۆیلە ئارام دەگرێ لە ئەزیەتەکانی خاوەنی! «وينبغي للمرأة أن تصبر على أذى الزوج كما يصبر المملوك"

ابن القيم یش کە زانایەکی ناوداری سەلەفیەتە دەڵێ: سەرداری خاوەن کۆیلە زاڵە بەسەر کۆیلەکەی، فەرمانڕەوایە بەسەری، خاوەنی کۆیلەکەیەتی. مێردیش زاڵە بەسەر ژنەکەی، فەرمانڕەوایە بەسەری، ژنەکە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دایە، ژنەکە لە حوکمی نیمچە دیلێک دایە! : " إنّ السيد قاهر لمملوكه ،حاكم عليه، مالك له. والزوج قاهر لزوجته، حاكم عليها، وهى تحت سلطانه وحكمه شبه الأسير".[٣١]

هەر لەبەر ئەو هۆکارانەش فەقیهەکان پێناسەی گرێبەستی هاوسەرگیریان کرد وەک [ گرێبەستی موڵکایەتی ]

[٣١] إعلام الموقعين: ج٢ , ص١٠٦. طبعة بيروت سنة ١٩٧٣ م.

بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە ئیمامی الزهری لە سەدەی یەکەمی هیجرییەوە کە زۆر نزیکە لە ژیانی پێغەمبەر و هاوەڵانی، پاش ئەوەی سەرەتا دەیگووت پیاو تەنها بە کوشتنی ژنەکەی سزادەدرێتەوە، هەنگاوێکی تر زیاتر دەڕوات و دەڵێت:
مێرد ئەگەر ژنەکەی کوشت ناکوژرێتەوە، چونکە ژنەکە موڵکی خۆیەتی بە گرێبەستی نیکاح، وەک کۆیلەیە! لا يقتل الزوج بامرأته، لأنه ملكها بعقد النكاح ، فأشبه الأمة !.

لێدانی ژن بە گوڵیش ئازاربەخشە وکەرامەتی ئینسانی ئەو مرۆڤە پێشێل دەکات. بەڵام هێشتا ئەو تەفسیرە کە دان بەو لێدانە دەنێت و هەوڵی چارەسەر وسوککردنەوەی دەدات، چاکترە لەوانەی وەک شەحرور دەڵێن ئەسڵەن قورئان باسی لێدانی هەر نەکردوە!!! بەڕاستی عەقڵێکی خەفیفی دەوێ باوەڕ بەو قسەیەی شەحرور بکات.

کە دەڵێن ضرب مانای لێدان نییە، ئەوە قسەی قورئانییە شەحروریەکانە، دەچن هەموو وشەکانی ضرب دەهێننەوە، لە قورئان ولە قامووسی عەرەبی وقەرەباڵغیەک دروست دەکەن، بۆ سەرنج لادانت لەسەر ئەو ڕستەیە ڕاشکاوە کە لە ئایەتەکە هاتووە:

وَاللاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْأَطَعْنَكُمْ فَلا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً

خۆ دیارە دەڵێ ئەو ژنانەی سەرپێچیان کرد ئامۆژگاریان بکەن دوایی جێگایان لەگەڵ جیابکەنەوە، دوایی لێیان دەن!

ئینجا لە سەرەتای ئایەتەکە باسی باڵادەستی پیاو دەکات:{الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ ...}

پیاو سەرداره بەسەر ژن، هەر بۆیەش کۆی ئایەتی ٣٤ النساء پێگەی پیاو دادەمەزرێنێت وەک سەرۆک وقەوام و خاوەن کار و ڕزقهێنی ماڵەوە، بۆیە هەقی لێدانیشی پێ دەدات. ئەگەر وشەی ضرب بە لێدان نەهاتبێ بۆ لە کۆتایی ئایەتەکە دەڵێ:

{فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا}

ئەگەر ژنان گوێڕایەڵیان کردن، کارتان بەسەریانەوە نییە واتا لێدان و شتی وایان دەرهەق مەکەن. ئەو برادەرانەی دەڵێن مەبەستی لێدان نییە، فەقیرانە لە ژێر فشاری چەمکە نوێکانی

ژیان و کۆمەڵ، شەرم لەو ئایەتە دەکەنەوە، دەیانەوێ پینەی کەن بە هەر نرخێک و شێوەیەک.

بەو دوایە شێخی ئەزهەری کراوە علی جمعە دوای هەزار وچوارسەد ساڵ زیاتر، لە جیاتی بە شێوەیەکیتر بیر لەو ئایەتە بکاتەوە، بڵێ ئێستا سەردەمی لێدان نەماوە، ئەو ئایەتە بۆ هەل ومەرجی تاریخی خۆی دروست بوو، ئێستا نابێ لێیان بدرێ بۆ شورەتی دینەکە باش نییە! لەجیاتی ئەوە گەیشتۆتە چارەسەرێکی عەبقەری بلیمەت کە چونکە ئێستا موسڵمان زۆربەی سیواک بەکار ناهێنن وفڵچەی دانی پلاستیک بەکار دەهێنن، بۆیە جائیز ورێ پێدراوە بە فڵچەی ددان لێیان دەن!

بەڕاستی چارەسەرێکی بلیمەتانەیە، ئەو مەلایانەی ئەو سەردەمە بەقەد تابیعیەکی پێش هەزار وسێ سەد ساڵیش بوێرییان تێدانییە بۆ گوتنی هەر شتێکی نوێ ونەگوتراو، ئەوەتە تابیعی عەتای کوڕی ڕەباح دەڵێ: پیاو نابێ لە ژن بدا، هەتا فەرمانی پێکرد وبەگوێیشی نەکرد، تەنها لێی تورە دەبێت !
"لا يضربها وإن أمرها ونهاها فلم تطعه، ولكن يغضب عليها..." ئەوە قسەی القاضي ابن العربي المالكي لە "أحكام القرآن" باسی کردوە .

زۆرجار دەڵێم سەحابە وتابیعی وزانایانی سەردەمی زوو زۆر بوێرتر و لێهاتوتر بوون لە دۆزینەوەی چارەسەری نوێ و پڕ لۆژیک بۆ کێشە نوێ وهەنووکەییەکانی خۆیان، ئەو بەرخوردەی عومەری کوڕی خەتاب لەگەڵ ئایەتەکانی دەستبڕین و پشکی مؤلفة قلوبهم و دابەشکردنی غەنیمەتدا کردویەتی لەوەتی هەزار وچوار سەد ساڵە کەس لە فەرمانڕەوا موسڵمانەکان نەوێراوە کارێکی وەک عومەر بکات، یان بیر لە موخالەفەی ئایەتێکی تر بکاتەوە!

لەجیاتی بە تێڕوانینێکی ڕیفۆرمی نوێ بەخۆیان داچنەوە وبڵێن ئەو ئایەتە زەرفی و کاتی بووە بۆ ئەو سەردەمە، هیچیتر ناگونجێ لەو سەردەمە وەک کۆیلە لە ئافرەت بدەین، ڕەنگە بۆ ژنانی ئەوسای جەزیرەی عەرەبی ئاسایی بوو بێت بەڵام بۆ کۆمەڵگای بەشەری ئێستا ناگونجێت.
لە جیاتی هەندێکی وەك عەلی باپیر دانی پێدا دەهێنێت، هەوڵی جوانکاری دەدات، هەندێکیشیان وەك قورئانییەکان، هەر دانیشی پێدا ناهێنن، کە ئایەتەکان باسی لێدان دەکەن!

# لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی لێدانی ژن و مێینە لە کۆمەڵگای پێغەمبەر و وەحی!

## ژن لێدەرەکانی کۆمەڵگای پێغەمبەر زوبێری کوڕی عەوام وەک نمونە!

## ١

کاتێ باسی هەر سەحابەیەک دەکەین، بەتایبەتی یەکێکی وەک زوبێری کوڕی عەوام، کە بەدانهێنانی خودی پێغەمبەر حەواری وقوتابی ئەو بووە! ئەو قسە مەشهورەی شێخی ناودار عبدالحمید الکشکم بیردەکەوێتەوە، کە پاش باسکردنی ژیانی هەر سەحابەیەک دەیگووت، ئەوانە لە قوتابخانەی محمد پەروەردەبوون، هنا مدرسة محمد! ئێرە قوتابخانەی محەمەدە ! بێگومان کاتێ زیاترم خوێندەوە بۆم دەرکەوت کە شێخ کشکیش وەک هەر چەواشەکارێکیتری ئیسلامی تەنها لایەنی ئیجابی وباشی هەر کەسێکیان بۆ باس دەکردین، بەسەرێپێش باسی لایەنی نێگەتیڤیانی نەدەکرد، وەک بڵێی فریشتە بووبن لەسەر زەوی!

زوبێر کوڕی برای خەدیجەی ژنی پێغەمبەر و دایکی پوری پێغەمبەرە، یەکێکە لە موژدەپێدراوەکان بە بەهەشت. پێغەمبەر لە حەدیسێکی ڕاستدا بە حەواری یان قوتابی خۆی دەچوێنێت، دەڵێ هەموو پێغەمبەرێک حەواری هەیە، حەواری من زوبێرە ! "إِنَّ لِكُلِّ نَبِيٍّ حَوَارِيًا، وَحَوَارِيَّ الزُّبَيْرُ"...

پایەی لەناو سەحابەش زۆر گەورە بوو، عومەری کوڕی خەتاب وەک بەربژێرێک و دادوەرێک بۆ خەلافەت دەستنیشانی کرد، لەو لیژنە شەش کەسیە هەڵبژارد بۆ دیاریکردنی خەلیفەی دوای خۆی، بە بەڵگەی ئەوەی زوبێر لەو کەسانەیە کاتێ پێغەمبەر وەفاتی کرد لێی ڕازی بوو! لە هەموو شەڕەکان بەژداری کردووە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو تیایاندا.
زوبێر وەک زۆربەی سەحابەکان لە ژیانیدا ٨ ژنی هێناوە! یەک لە عەیبە هەرە گەورەکانی زوبێر زۆر دڵڕەقانە مامەڵەی ژنی دەکرد و لێدەری ژنان بوو وەک لە ڕیوایەتەکان پێیدەڵێن ضراب النساء!

ئەو ژن لێدەرانە گەلەک زۆر بوون لەناو سەحابەکانی کۆمەڵگای پێغەمبەر، سەرەڕای ئەوەی کە پێغەمبەر خۆی نەزانراوە لە ژنێکی خۆی دابێت، چەندین حەدیسی هەیە سەرکۆنەی

لێدانی ژن دەکات، وەک دەڵێ: لە کەنیزەکانی خودا مەدەن. "لَا تَضْرِبُوا إِمَاءَ اللّٰه". هەتا لە حەدیسێک ئافرەتێکی سەحابی دێتە لای دەڵێ: ئەبو جەهم و معاویە خوازبێنیان کردووم، شوو بە کامیان بکەم؟ پێغەمبەر دەڵێ: معاویە سوعلوکە یانی قەڵۆش وبێ پارەیە، مانای خراپتریشی هەیە ئەو وشەیە، وەک هیچ وپوچ وهەرچی وپەرچی!
ئەبو جەهمیش تێلاکەی هەر لەسەر شانیەتی، وەک لە ڕیوایەتی موسلیم هاتوە واتە زۆر لە ژن دەدات!

"فعن فاطمة بنت قيس رضي الله عنها قالت: أتيت النبي صلى الله عليه وسلم، فقلت: إن أبا الجهم ومعاوية خطباني؟ فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: أما معاوية، فصعلوك لا مال له، وأما أبو الجهم فلا يضع العصا عن عاتقه متفق عليه" وفي رواية لمسلم: "وأما أبو الجهم فضراب للنساء."

ئەو زوبێرە بە هۆ وبێ هۆ لە ژنەکەی ئەسمائی کچی ئەبوبەکری سدیقی دەدا، بەردەوام داری لەسەر پشتی دەشکاند، سەرەڕای ئەوەی زۆریش هەژار ونەدار بوو، وەک معاویە سعلوک بوو، هەتا ئەسما دەڵێ وا هەستم دەکرد کۆیلەیەکم نەک هاوسەرێک لەبەر زۆری کار وهەژاریان، چەند جار چووە لای ئەبوبەکری باوکی سکاڵای خۆی بردە لای کە زوبێر خراپ لێی دەدات، ئەبوبەکر لە جیاتی ڕزگاری بکات لە دەستی پێیدەگووت: ئارامت بێ کچم، ئەگەر ژن پیاوێکی ساڵحی هەبوو، کە مێردەکەی مرد شووی بەسەر ئەودا نەکردەوە، لە بەهەشت دەگەنەوە یەک! "يا بنيّة اصبري فإن المرأة إذا كان لها زوج صالح ثمّ مات عنها فلم تزوّج بعده جمع بينهما في الجنّة."!!!

یانی ئەسمای بەدبەخت لە دونیا زۆر دڵی بەو ژنلێدەرە خۆش بووە، تا باوکی مژدەی ئەو ملۆزمەی پێبداتەوە لە دوای مردنیش!
وەک تەبەری دەگێڕێتەوە لە"تهذيب الآثار" ئەسما دەڵێ کاتێ زوبێر تووڕە دەبوو لە هەر ژنێکی کە چواری هەبوو، حەیزارانێکی لەسەر پشتی دەشکاند!
فيروي الطبري عن أسماء رضي الله عنها في "تهذيب الآثار" قولها: "كنت رابع أربع نسوة تحت الزبير ، فكان إذا عَتِبَ على إحدانا ، فكَّ عودا من عيدان المِشْجَب، فضربها به حتى يكسره عليها."

ئەو ڕەوشتە توندوتیژەی بەردەوام بوو بۆ دوای دەوڵەمەند بوونیش، کە لەناکاودا بووە خاوەنی موڵک وماڵ و زەوی و کۆیلەیەکی زۆر!

زویێر لەپاش چوون بە تەمەنیشدا ڕەحمی بە ئەسما وژنەکانی نەدەکرد، هەموو ڕۆژ هەر خەریکی لێدانیان بوو، ئەسما دەگێڕێتەوە ودەڵێ زۆرجار قژی دوو ژنی پێکەوە گرێدەدا وتا ماندوو دەبوو تێیهەڵدەدان!

ڕۆژێکیان دیسان خەریکی لێدانی ئەسما بوو، لەبەرچاوی عبدالله ی کوڕی، کە پیاوێکی گەورە و ناودار بوو، بۆ ٩ ساڵ لە ٦٤ تا ٧٣ ی هیجری، خەلیفەی هەموو خاکی ئیسلام بوو، جگە لە دیمەشق! ئەسمای دایکی هاواری بۆ عبدالله ی کوڕی هێنا، عبدالله بە پیریەوە چوو، تووڕە بوو گووتی: لە دایکی کەسێکی وەک من نادرێ! زویێری زەڕابی ژنان گووتی: بێیتە ژوورەکە دایکت تەڵاقی بکەوێ، عبدالله ش تووڕەتر بوو گووتی دایکم دەکەیتە یاری سوێندی خۆت، بە قەست چووە ژوورەوە دایکی ڕزگار کرد لە دەستی زویێری باوکی کە لە دە مژدەپێدراوەکان بوو![32]!

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە، چۆن لەلایەک ئەو زویێرە حەواری و قوتابی پێغەمبەرە، لە دە مژدەپێدراوەکانی بەهەشتە، لەلایەکیتر بەو هەموو قەسوەت و لێدانی ژنەوە، چۆن دەبێتە یەکێک لە دە موژدەپێدراوەکانی بەهەشت و قوتابیەکی پێغەمبەر؟!

[32] "مثلي لا توطأ أمه! فطلقها." وقيل: "إن الزبير ضربها فصاحت بابنها عبد الله، فأقبل إليها، فلما رآه أبوه قال: أمك طالق إن دخلتَ. فقال عبد الله: أتجعل أمي عرضة ليمينك؟! فدخل فخلصها منه"

## ٢

وەک دەردەکەوێ لە خوێندنەوەی ئایات و حەدیسەکان، هەردووکیان ڕێگەیان داوە بە لێدانی ژن. بەڵام هەڵوێستی خودی پێغەمبەر لە لێدانی ژن لە ڕووی کرداریەوە، لە هەموو دەقەککان باشترە. بەڵام لێرەدا کێشەیەک سەر هەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە چۆن پێغەمبەر لە هیچ ژنێکی نەداوە، کەچی لە قورئان و حەدیسیش ڕێگادراوە لێی بدرێ؟! ئەو هەڵوێستە کرداریە ناکەوێتە ژێر پرسیار، کاتێ هەڵوێستە تیۆریەکە دەبینیت فەرمان دەکات بە لێدانی ژن؟!

**قورئانییەکان زۆر سەرکۆنەی حەدیس و توراس دەکەن، گوایە هەمیشە هەڵوێستی قورئان باشترە لە حەدیس، بەڵام مەرج نییە لە هەموو حالەتێ وابێ. لەو مەسەلەی لێدانی ژنە هەڵوێستی سیرە و ژیننامەی پێغەمبەر و حەدیسەکانی زۆر باشترن لە قورئان.** چونکە لە ژیاننامەی پێغەمبەر دا لێدانی ژن بەرچاو ناکەوێ، و لە حەدیسێکی زۆریشدا داوا دەکات لە ژن نەدەن، هەرچەندە هەندێ حەدیسیش ڕێگا بە لێدانیان دەدا، بەڵام بە مەرجی لێدانی خەفیف و سووک، یانی هێشتا لە فەرمانی لێدانە ڕەهاکەی قورئان باشترە کە دەڵێ: **وَاللاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ واضربوهن.**

چونکە قورئانی باوەڕیان بە تەواوی حەدیس و تەفسیر نییە، کەوابوو ئایەتەکە دەڵێ لێیان دەن بەبێ سنوور، وەک الزهری لە تەفسیری الطبري باسیکردووە دەڵێ: ئەگەر پیاوێک سەروگوێلاکی ژنەکەی شکاند یان زامداری کرد، هیچ سزای لەسەر نییە، قەرەبووی لەسەرە، تەنها ئەگەر ژنەکەی کوشت دەکوژرێتەوە!

"حدثنا الحسن بن يحيى , قال : أخبرنا عبد الرزاق , قال : أخبرنا معمر , سمعت الزهري , يقول : لو أن رجلا شج امرأته , أو جرحها , لم يكن عليه في ذلك قود وكان عليه العقل , إلا أن يعدو عليها فيقتلها , فيقتل بها.

کەوابوو تا نیوەڕوحکردن وسێچارەگی کوشتنی ژنەکەشی هیچی لەسەر نییە! بەڵام حەدیسەکان لەو بوارەدا باشترن دەڵێن: لێدانێکی سووک ضرب غير مبرح بەکار بێنە! ابن عباس و کەسانیتر هێندە لێدانەکە سووک و کیوت دەکەنەوە دەڵێن بە سیواک لێی بدات!

ڕاستیەکەی پێغەمبەر هەر بە سروشت، زۆر حەزی بە ژن بوو وەک مەخلوقاتێکی جوان،

وەک خۆی دەڵێ: لە دنیادا ژنم بۆ شیرین کراوە! بۆیە لە ژێر کاریگەری ئەو ئیرۆسیەتە لەگەڵ لێدانی ژن نەبوو، وەک لە ژیانی عەمەلی و کرداری خۆشی دەردەکەوێ، بەڵام لە ژێر فشاری کۆمەڵگای عەرەبی ونەرێتە کۆنەکانیان و سووربوونی عومەری کوڕی خەتابیش ڕێگای پێدان.

وەک الإمام أحمد وأبو داود والنسائي، و ابن حبان، والحاكم ڕیوایەت دەکەن لە حەدیسێک دەڵێ: لە کەنیزەکانی خوا مەدەن! بەڵام عومەر وەک هەمیشە زۆر توند بوو بەسەر ئافرەت، وکاتی خۆشی ڕێی لە ژنەکانی پێغەمبەر دەگرت کە دەچوونە سەراو وقەزای حاجەتیان، دەیگووت نابێ بێ حیجاب دەرکەون، هەتا جارێکیان سەر ڕێگای پێگرتبوون، ام سەلەمە زۆر لێی تووڕە بوو گووتی قورئان لەماڵەکانی ئێمە دادەبەزی تۆ چیتە وازمان لێ ناهێنیت؟!

# ڕۆڵی عومەر لە سەپاندنی حیجابدا!

## ٣

عومەری کوڕی خەتاب، یەکەم کەس بوو کە مەسەلەی حیجابی هێنایە ناو باسەوە، وازی لە پێغەمبەر نەهێنا تا چەندین ئایەتی حیجابی پێ دانەبەزاند، لێرەش کە پێغەمبەر دەڵێ لە ئافرەتان مەدەن، دەچێتە لای پێغەمبەر دەڵێ: بەو فەرمانەی تۆ ژنان یاخی بوون لەسەر مێردەکانیان!. پێغەمبەریش لە ژێر ئەو فشارەوە ڕێگای پێدان لێیان بدەن، ئەوانیش واتە سەحابەکانی کۆمەڵگای پێغەمبەر، باوەڕیان نەکرد بە هەلیان زانی، بۆیە ئەو شەوە هەر لۆ خۆشی لە ژنەکانیان دا بەڵکو خێری جێبەجێکردنی ئایەتەکە و فەرمانی واضربوهن یان بۆ بنووسرێ!

بۆ بەیانی ژنێکی زۆر بۆ سکاڵا هاتنە ماڵەکانی خانەوادەی پێغەمبەر. پێغەمبەر زانی کارێکی خراپیان کردووە، بەڵام تازە لە دەستی دەرچوو بوو، ئایەتەکەی بۆ خوێندبوونەوە، بۆیە ویستی کەمێک سووکی کاتەوە بە تووڕەییەوە گووتی: ئەمڕۆ حەفتا ژن . حەفتا یانی زۆر لە عەرەبی . لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێ ژنێکی زۆر بۆ سکاڵا لە مێردەکانیان هاتنە ماڵەکانی خانەوادەی پێغەمبەر، ئەو پیاوانە لە چاکترینەکانتان نین! یانی ئەگەر بە سیواک لێیان دابان دەچوونە ماڵی پێغەمبەر بۆ سکاڵا کردن؟! بێگومان نەخێر تێلاتڕێن کرابوون.

"عن اياسي بن عبد الله بن أبي ذباب أن النبي -صلى الله عليه وسلم- قال: "لا تضربوا إماء الله" "فجاء عمر فقال: قد زئر النساء على أزواجهن -أي نشزن أو عصين- فأذن لهم فضربوهن، فأطاف بآل رسول الله -صلى الله عليه وسلم- نساء كثير. فقال النبي صلى الله عليه وسلم : " لقد طاف بآل رسول الله -صلى الله عليه وسلم- سبعون امرأة كلهن يشكين أزواجهن، ولا تجدون أولئك خياركم". وفي رواية "لن يضرب خياركم."

لەوە ناچێ ئەو سەرکۆنەیەی پێغەمبەر بۆ ژنلێدەرەکان و ئەو سزایە مەعنەوییە کە ئەوانەی لە ژنەکانیان دەدەن چاکترینتان نین، کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبووبێ، چونکە چاکترینیش نەبن یانی هەر چاکن بەڵام چاکترینتان نین! ئینجا گەورەترین لێدەری ژنەکان واتە زوبێری کوڕی

عەوام هەر بە چاکترینیان مایەوە! هەر لە حەواری پێغەمبەر بوو و هەر لە دە مژدەپێدەراوەکان بە بەهەشت بوو.

جا ئەگەر حەواریەکی خۆی کە زوبێرە یەک سەرکۆنەی ڕاستەوخۆشی نە لە خەزوری کە ابوبکری سدیق بوو، ونە لە خودی پێغەمبەر ئاڕاستە نەکرا بێت سەبارەت بە ڕەفتاری توندوتیژی دژی ژنان، وتا مردیش بە شاهێدی عومەر پێغەمبەر لێی ڕازیبوو، بە عەشرەی موبەشەرە و بە حەواری و شاگردی خۆی دەزانی، ئەی چۆن سەحابەکانی تر لە وێنەی ابو جهم و سەحابە نەناسراوەکان کە لە ژنەکانیان دەدان، دەستیان لە لێدانی ژن هەڵگرتووە، چۆن تێڵایان لەسەر شانیان هێناوەتە خوارەوە؟!

خۆ ئەگەر پێغەمبەر بە لەتە ئایەتێک بیگووتبا لێیان مەدەن، ولا تضربوهن، دڵنیام زۆرینەی زۆربەی سەحابەکان نەدەوێران موخالەفەی فەرمانەکەی قورئان بکەن. بەڵام سەحابەکان هەر کەسەی لەتە ئایەتی واضربوهن دەدیت، دەیزانی ئەو مۆڵەتێکی کراوەیە بۆ لێدانی ژنەکانیان، با خودی پێغەمبەریش لە ژنەکانی نەدات، چونکە سەحابە دەیانگۆ پێغەمبەر لە زۆر شت تایبەتمەندی جیاوازی هەیە بەسەر ئێمەوە، وەک نەخواردنی هەندێ شت بێ ئەوەی حەڕام بێت، یان هێنانی زیاتر لە چوار ژن، {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْكَ ...} یان خۆ پێشکەشکردنی هەر ژنێک بە پێغەمبەر بێ مارەیی وبێ گرێبەستی زەواج: { وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ ....} و شتی تریش کە تەنها و بە تایبەت بۆ پێغەمبەر بوو، خالصة لك من دون المؤمنين!

کەوابوو ئەوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵگای سەحابەی دەکرد، دەقی قورئان بوو بە پلە یەک، ئەگینا ئەگەر کەسایەتی پێغەمبەر کاریگەری بە قەد دەقەکانی قورئان هەبا، دەبوایە وەک ئەو قەت لە ژن نەدەن. بۆیە تەنها چارەیەک بۆ کێشە هەستیارەکان و گرنگەکان دەقی قورئان بوو. ئەگەر قورئان بیگووتبا لێیان مەدەن، لێدانی ژن وەک گوناهێکی گەورە یان کەبائیرێکی لێدەهات، ئەگەر قورئان بیگووتبا کۆیلایەتی مرۆڤ حەرامە هەر لە ژیانی پێغەمبەر خۆیدا کۆیلایەتی نەدەما. ئەوەش هەڵوێستی هەقیقی پێغەمبەر دەردەخات، کە سەرەڕای ئەوەی خۆی لە ژنی نەداوە، بەڵام باوەڕی بە لێدانیان هەبووە، جا لە هەڵوێستێکی خودی شاراوەی خۆی بێت یان لە ژێر فشاری داب ونەریتی عەرەب بێت.

# لێدان وەک بەرهەمی جیهانبینی قورئان و سوونە بۆ ئافرەت!

## ٤

قورئان تەنها کتێبێکی پیرۆزی دینێکی ئیبراهیمیە کە سورەتێکی تێدایە بە ناوی سورەتی ژنان النساء، بەڵام تەنها کتێبێکیشە لە سورەتی ژنان النساء فەرمان بە لێدانی ژنان أضربوهن دەکات.

لە تەورات وئینجیل سەرەڕای ئەوەی ئایاتی خراپ سەبارەت بە ئافرەتان هاتووە، بەڵام قەت فەرمانکردن بە لێدانی ژن نەهاتووە، نەک هێندە بەڵکو حاخامەکان لە تەلموددا بە بەردەوامی دژی لێدانی ژن بوون و سەرکۆنەیان کردووە، هەر بۆ نموونە حاخام پێرێز بن ئیلیا دەڵێ: بەردەوام گوێم لە هاواری کچە جووەکان دەبێت لە دەست لێدانی مێردەکانیان، کێ ڕێگای بەوانە داوە لە ژنەکانیان بدەن؟! حاخام مائێر ڕۆتنبێرگ دەڵێ: لێدانی ژنەکان لە ڕەفتاری وەسەنی وبت پەرستەکانە، خودا قەدەغەمانی کردووە لەو کارە، ئەوەی لە ژن بدات سزا دەدرێ بە دەرکردن لە کۆمەڵگای جوواتی و بە لێدانیشی...!

بەڵام لە ئیسلامدا وەزعەکە هەر وەک خۆیەتی، زۆرینەی زۆر باوەڕیان بە جێبەجێکردنی ئەو ئایەتەی لێدان هەیە، کەمینەیەک ناوێرن بڵێن نابێ ئەو ئایەتە جێبەجێ بکرێ، بەڵکو لە بنەڕەتدا نکوڵی لە ئایەتێک دەکەن باسی لێدان بکات! هاتوون دەیەها لێکدانەوەی زمانەوانی بێ بنەما بۆ وشەی ضرب لێدان دەکەن و یاری بە ماناکەی دەکەن، وەک بڵێی ١٤٠٠ ساڵە نە سەحابە ونە تابیعی و نە زانایانی ئیسلام و نە موسڵمانان لەو وشەیە تێنەگەیشتوون تەنها ئەوان نەبێت!

هەڵوێستی هەقیقی وئازایانە ئەوەیە بڵێیت لێدان هەیە بەڵام هیچیتر بە دەردی ئەو سەردەمە ناخوات، ناکرێ کەرامەتی مرۆڤێکی گەورە و پێگەیشتوو برژێنین لەبەر دەقێکی دینی مێژوویی ڕەنگبێ گونجاو بووبێ بۆ کاتی خۆی، بەدووریشی دەزانم ئەو کاتەش گونجاودبووبێ، بەڵام هیچ گونجاو نییە بۆ ئێستا.

لێدانی ژن لە ئەنجامی کۆی جیهانبینی ئیسلامە بەرامبەر ئافرەت. لە قورئاندا پلەی دووی پێدراوە للرجال علیهن درجة، دوو ژن شایەدیان بە شاهێدی یەک پیاوە، دوو ژن پێکەوە

بەشی پیاوێک لە میرات وەردەگرن، یان کاتێ قورئان تورە دەبێت لەو بێباوەڕانەی دەڵێن فریشتە کچانی خوان، دەڵێ ئێوە خۆتان ڕازی نین بە کچ کەچی دەیدەنە پاڵ خوا؟! ناشڵێ نێر ومێ لای خوا فەرقیان نییە، بەڵکو لە وتارەکە دەردەکەوێ کە ئەویش مێ بە کەمتر لە نێر دەزانێ، بۆیە پاش ئەوە باسی لاوازی ئەو ڕەگەزە مێیە دەکات ودەڵێت: {أَوَمَن يُنَشَّأُ فِي الْحِلْيَةِ وَهُوَ فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينِ....} الزخرف ١٨.

ئەوەی لەناو ئارایش وخۆڕازاندنەوە پێگەیشتبێت، بەستەزمان و فەقیرحاڵ لەکاتی گفتوگۆ یان کێشەدا چۆن دەیدەنە پاڵ خوا؟!
لە سورەتی النجم ٢١. ٢٢ دەڵێ: {أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الْأُنثَىٰ تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَىٰ!} ئێوە نێر بۆخۆتان هەڵدەبژێرن، بۆ خواش مێ؟! ئەوە دابەشێکی نابەجێ ونا عەدلە!

هەتا پێغەمبەر کاتێ دەڵێ لە ژنان مەدەن، ڕاستەوخۆ ناڵێ لا تضربوا النساء، بەڵکو وشەی اماء الله بەکاردەهێنێت واتە بەندەی خوا بۆ سۆز جوڵاندن وزگ پێسووتان بە کائینێکی کۆیلەی لاواز، هەتا لە حەدیسێکیتر هاوشێوە ژنان بە دیلی جەنگ دەچوێنێ ودەڵێ:

"استوصوا بالنساء خيرًا ، فإنّهن عوان عندكم ، أخذتموهن بأمانة الله ، واستحللتم فروجهن بكلمة الله ". لەگەڵ ژنەکانتان باش بن، ئەوان دیلی بەردەستی ئێوەن!!!

بۆیە فەقیهەکانی ئیسلام گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ژن کۆیلەی پیاوە! ابن الجوزي لە أحكام النساء دەڵێ : دەبێ ژنان بزانن کەوا وەک کۆیلەن بۆ مێردەکانیان! "وينبغي للمرأة أن تعرف أنّها كالمملوك للزوج"، ئینجا دەڵێ: پێویستە ژن ئارامی هەبێت لەسەر ئەزیەتدانی مێردی وەک چۆن کۆیلە ئارام دەگرێ لە ئەزیەتەکانی خاوەنی! "وينبغي للمرأة أن تصبر على أذى الزوج كما يصبر المملوك"

ابن القيم یش کە زانایەکی ناوداری سەلەفیەتە دەڵێ: سەرداری خاوەن کۆیلە زاڵە بەسەر کۆیلەکەی، فەرمانڕەوایە بەسەری، خاوەنی کۆیلەکەیەتی. مێردیش زاڵە بەسەر ژنەکەی، فەرمانڕەوایە بەسەری، ژنەکە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دایە، ژنەکە لە حوکمی نیمچە دیلێک دایە! " إنّ السيد قاهر لمملوكه ،حاكم عليه، مالك له. والزوج قاهر لزوجته، حاكم عليها، وهي تحت سلطانه وحكمه شبه الأسير".[٣٣]
هەر لەبەر ئەو هۆکارانەش فەقیهەکان پێناسەی گرێبەستی هاوسەرگیریان کرد وەک:
( گرێبەستی موڵکایەتی )

[٣٣] إعلام الموقعين: ج٢ , ص١٠٦. طبعة بيروت سنة ١٩٧٣ م.

بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە، کە ئیمامی الزهری لە سەدەی یەکەمی هیجرییەوە ،کە زۆر نزیکە لە ژیانی پێغەمبەر و هاوەڵانی، پاش ئەوەی سەرەتا دەیگووت پیاو تەنها بە کوشتنی ژنەکەی سزادەدرێتەوە، هەنگاوێکی تر زیاتر دەڕوات و دەڵێت:

مێرد ئەگەر ژنەکەی کوشت ناکوژرێتەوە، چونکە ژنەکە موڵکی خۆیەتی بە گرێبەستی نیکاح، وەک کۆیلەیە! "لا يقتل الزوج بامرأته ; لأنه ملكها بعقد النكاح ، فأشبه الأمة ".

گفتوگۆیەکی زۆر ساردوسڕ و بێتام و نامرۆڤانە لە نێوان فەقیهەکان هەیە، دەربارەی ئەوەی ئایا مێرد دەکوژرێتەوە بە کوشتنی ژنەکەی یان نا! وەک دیمان هەندێکیان وەک زوهری و کەسانیتریش دەڵێن نەخێر ناکوژرێتەوە، هەیە دەڵێ ئەگەر منداڵیان لە نێواندا نەبوو دەکوژرێتەوە! ئەگەر منداڵێکیان هەبوو ناکوژرێتەوە چونکە منداڵەکە میراتگری خوێنی دایکی دەبێت، منداڵیش سزا و قیساسی لەسەر باوک نییە، کەوابوو مێردەکە ناکوژرێتەوە!

ابن قدامة خراپتری دەکات و دەڵێ: مناڵ خۆی ئەگەر بکوژرێ بە دەستی باوکی، هیچ سزایەک لەسەر باوکی نییە! چونکە موڵکی باوکیەتی! ئەی چۆن دەبێتە میراتگری خوێنی کەسێکیتر دەرهەق بە باوکی؟! یانی باوک دەتوانێ منداڵەکان و ژنەکەشی بکوژێ و وەک بەرزەکی بانان لێشی دەرچێ!!!

یانی ئەو ژنە کوژراوە تەنها منداڵێکی بەرپرسیار دەبێ لە خوێنی دایکی؟! ئەی کوا باوک ودایک وبرا و خوشک و خزمانی ژنە کوژراوەکە، هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت؟!

ڕاستیەکەی ئەگەر زانایانی ئیسلام کەمێک مرۆڤدۆست بان، زۆر بە سەختی نەکەوتبانە ژێر کاریگەری بونیادی توندوتیژی دەقەکانی دین و ژینگەی شەڕانگێژی سەحراوی، دەکرا زۆر باشتر بان لە چاککردنی وباشترکردنی پایەی ئافرەتان لە دیندا، چونکە ئاماژەی باشیش هەیە لە دەقەکان ئەگەر کاری زیاتریان لەسەر کرابا، بەڵام هەمیشە دەنگی توندڕەوی زاڵە بەسەر کۆی گشتی نێوەندی دینی ئیسلامی، لەبەر ئەو بونیادە کۆنکریتیەی توندوتیژییەی کە ئامادەیی هەمیشەیی هەیە لە ناو دەقەکاندا.

# سزای زینا لە زوێڵەی چەرمی کۆن

# بۆ سیم و سۆندە و کێبڵی عەلی باپیر!

لە تەفسیری دوو ئایەتی سورەتی النور:
(الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ. الزَّانِي لا يَنْكِحُ إِلا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لا يَنْكِحُهَا إِلا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ) "النور: ٢-٣.
{ئافرەتی زیناکار و پیاوی زیناکار، هەر یەکی ١٠٠ جەڵدەیان لێدەن، زگتان پێیان نەسووتێ لە جێبەجێکردنی فەرمانی دینی خوا، ئەگەر باوەڕتان بە خوا و ڕۆژی قیامەت هەیە. با سزاکەش لەلایەن کۆمەڵێ ئیماندار ببینرێ. پیاوی زیناکار تەنها ژنی زیناکار و موشریکە دەهێنێ [یان هین دەکات بە تەفسیری باپیر!]، ژنی زیناکاریش تەنها پیاوی زیناکار و موشریک دەیهێنێ، [یان هینی دەکات، هەر بە تەفسیری باپیر!] ئەوەش لە ئیمانداران یاساغ کراوە.}

سورەتی النور ژمارەی ئایەتەکانی ٦٤ ئایەتە، عەلی باپیر زیاتر لە ٤٥٠ لاپەڕی بۆ ئەو سورەتە تەرخان کردووە! مرۆڤ تووشی مەلەل وبێزاری دەبێت لە درێژدادڕییەکانی، کە سیفەتێکی جێگیرە بەسەر هەموو نووسینەکانی! هەر واتایەك و بیرۆکەیەك چەندین جار دەیڵێت و دەیڵێتەوە، نازانم ئەو هەموو درێژ دادڕیەی بۆچییە لەو سەردەمەی قەیرانی خوێنەراندا؟!

لە تەفسیری ئەو دوو ئایەتەی سورەتی النور:

ئەوسەرنجانەم لاکۆبۆتەوە. وەك هەمیشە باپیر بە هیچ شێوەیەك ناوێرێ لە دەرەوەی بازنەی دەق بخوێنێ، هەر هەمان بیرورا هەزارجار دووبارەبووی موفەسیرەکان دەڵێتەوە! تەنها لە یەك شت ئیجتیهاد دەکات، ئەویش ئەوەیە لە جیاتی بە جەڵدەی چەرمی ئاژەڵ لە زیناکار بدرێ، دەڵێ دەتوانن بە سیم و سۆندە وکێبڵیش لێی بدرێ! ئەوەیە ئیجتیهاد، لە جیاتی ئاسانتری کات، قورستری کرد، لە لێدان بە چەرم بیبەیت بۆ لێدان بە کێبڵ!

ئەوەی سەیرم پێهات، باپیر لەباسکردنی سزای زیناکاران کە ١٠٠ جەڵدەیە وەسفی جەڵدە دەکات کە بریتیە لە لێدان بە زوێڵەی چەرم دەڵێ زانایان دەڵێن دەبێ تەنها بە جەڵدە سزا بدرێن، کەچی باپیر دەڵێ نەخێر مەرج نییە چونکە لە سەردەمی پێغەمبەر بە شولکە داری

تەڕیش لە زیناکاران دراوە، ئینجا هێروەتریش دەڕوا دەڵێت: " دەگونجێ بە شتی دیکەش لێی دەن، چەرم نەبێ، سیم بێ، لاستیك بێ، هەرشتێك بێ، گرنگ ئەوەیە ١٠٠ دانەی لێ بدرێ." ل٥٣ النور

وەك بڵێی ئیجتیهادێکی زۆر مەزنی کردووە، داوا دەکات بە سیم و لاستیك و هەرشتێکیتر لە زیناکار بدرێ؟! هەر شتێکیتر یانی کێبڵ و سۆندە وتێلای ئاسنیش دەگرێتەوە! لای باپیر گرنگ نییە بە جی لێی بدرێ " هەرشتێك بێ، گرنگ ئەوەیە ١٠٠ دانەی لێ بدرێ."!!

ئینجا باپیر وەك ئایەتەکە دەڵێت: "وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ"

باپیر دەڵێ نابێ بە هیچ جۆرێ پەرۆشی سزاداران بیت، زگت پێیان بسووتێ، لەسەر حیسابی دینی خوا! ئینجا دەڵێ دەبێ لە پشت وقاچەکانی بدرێ، لە دەموچاوی نەدرێ! نابێ زۆر توووند لێێ بدرێ! هەروەها وەك الزمخشري دەڵێت نابێت: ئازارەکە لە پێستیەوە بگوازرێتەوە بۆ گۆشتی! باشە زەمەخشەری نەیزانیبوو کە هەموو دەمارە هەستیارەکانی ئازار لە پێست دایە، خۆ باپیر دەبێ بزانێ! کەچی ئەویش هەمان قسەکەی ئەو موفەسیرە کۆنە دووبارە دەکاتەوە، کە دەڵێت پێستەکەی بۆ سزادەر و گۆشتەکەی بۆ سزادراو! ل ٦٥

ئینجا ئێمە ئەوەی لە ئەفغانستان و سۆماڵ وداعش وسودان وسعودیەی پێشوو دەبینین، هەمووی لێدانی توووندە، هەتا لەو مالیزیایە پێشکەوتووە، کە ویلایەتێکیان ڤایرۆسی جێبەجێکردنی شەریعەت لێی داون، هێندە توووند لە قوربانییەکان دەدەن نەبێتەوە، ئەوەش بەڵگەیە لە نێوان قسەی کتێب و واقیع.

# باپیر و ئایەتی جەڵدەلێدان و تەکفیرکردنێکی سەیدقوتبیانە!

لە تەوەرەی حەوتەم بە ناونیشانی: ئایا ئەو سزایە لە هەموو شوێنێك جێبەجێ دەکرێ؟ فیکرەیەکی زۆر سەید قوبیانی دەردەبڕێت، کاتێ دەڵێ زانایان لەو بارەیەوە ڕای جیایان هەیە، زۆربەیان وەك مالك و الشافعي و احمد و ابو ثور و ابن المنذر دەڵێن سزاکە لە هەردوو واری ئیسلام و واری کوفر [دار الاسلام و دار الحرب] جێبەجێ دەکرێ !

تا ئێستا کێشە نییە، بەڵام عەلی باپیر دەربارەی سەرزەمینی ئیسلام و سەرزەمینی جەنگ یان کوفر کۆپی سەید قوتب دەکات و دەڵێ: " بەڵام ئێستا ئەو دابەشکردنەی جیهان بەو شێوەیە نەماوە، ئەوە بۆ کاتی خۆی بووە، ئێستا نابێ شوێنێك کە موسڵمان نشینە، کۆمەڵێك لە حوکم ڕانانی خۆسەپێن بەسەر موسڵماناندا سەپاندووە پێی بگوترێ [دار الاسلام] چونکە ئیسلامی لی جێبەجێ ناکرێ!"[٣٤] ل ٦٥ – ٦٦

بەڵام ئەوەی سەیرە دەڵێ ئێستا دار الحرب ی ناموسڵمانان هێندە موسڵمانی هەڵاتووی لە خۆدا گرتووە و پەنای داون، بۆیە هیچیتر ئەو وڵاتانە واری کوفر وجەنگ نین، بەڵکو واری ئەمن وئەمانن [دار الامن و دار الامان]! بەڵکو موسڵمانان وڵاتەکانی خۆیان کە لێیان ڕایان کردووە واری جەنگ و واری ترسن [دار الحرب و الخوف] !
باپیر وەك سەید قوتب دەڵێت ئێستا وڵاتانی کەنداو و موسڵمانان هەموویان گوێیان بەدەست زلهێزانەوەیە، بۆیە نابنە واری ئیسلام! ل٦٥

ئەوە تێڕوانینی ئیسلامی سیاسی سەید قوتبیانیەیە بۆ نیشتیمانەکانی جیهانی ئیسلام، کە تەنها لە حوکم وسیاسەت کورت دەکرێنەوە، مێژووی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ و ئەو هەموو داب ونەرێت و عیبادەت و مزگەوت و خواپەرستی و پابەندبوونی خەڵکە بە فەرمانەکانی دین، لە سفری دەدەن، تەنها لەبەرئەوەی فەرمانڕەواکان سەد دەر سەد حوکمی شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ ناکەن! کەچی وڵاتی ئەو زلهێزانەی کە خۆی دەڵێت هۆکارن لە دژایەتی ئیسلام و ئیسلامییەکان، و گوێی هەموو وڵاتانی خەلیج و ئیسلامیان بە دەستە، بە خانەی ئەمن و ئەمان لە قەڵەم دەدات!

---

[٣٤] بەرگی ١٨ تەفسیری قورئانی بەرز وبەپێز، سورەتەکانی النور و الفرقان.

خۆی ئەگەر ڕەخنە لەو چەمکە سیاسی وفیقهییە کۆنەی دابەشکردنی جیهان بۆ دار الاسلام و دار الکفر گرتبا ڕەنگە هاوڕای بام بەڵام، دار الحربی ناموسڵمانان بکەیتە دار الامن و الامان، دار الاسلامی وڵاتە ئیسلامییەکانیش بکەیتە دار الحرب و الخوف، واتە دەبێت جەنگ لە دژیان بەرپا بکرێ ئەوە شتێکی سەیر ونامۆیە، لەو خاڵە سەید قوتبیشی تێپەڕداوە، کە هەمیشە دوژمنی سەرسەختی وڵاتانی خۆرئاوا بوو!

## جەڵدە تەنها بۆ سەڵتەکانە یان بۆ هاوسەردارەکانیشە؟!

ئینجا باپیر بابەتێکی هەستیار دەوروژێنێ، کە ئایا ئەو سزایەی سەد قامچی وجەڵدەیە هەر بۆ کچ وکوڕی عازەب و زگورتییە، یان بۆ ژن ومێردێشە کە هاوسەرگیریان کردبێ!

باپیر دەڵێ من لەگەڵ ئەو ڕایەم کە ئەو سزایەی ١٠٠ جەڵدەیە گشتیە بۆ ئەو نێرو مێیەی کە هاوسەرگیریان نەکردووە، ئەوانەشی کردوویانە یەکسانە، دەڵێ هەرچەندە ئەوە ڕای خەواریجەکانیشە! ل٦٧ -٦٨

بەڵام ئەو جورئەتە هەر زوو دادەمرکێ لە ترسی هاوڕێ و شوێنکەوتە سەلەفییەکانی ودەڵێ: " با وا نەزانرێ من نکوڵی لەوە دەکەم، کە سزای بەردبارانکردن لە ڕێبازی پێغەمبەر جێبەجێ نەکراوە"! ل ٦٨ دەڵێ من لەو باوەڕیم کە لە سوونەتدا ژن وپیاوی زیناکار ڕەجمکراون، ئینجا چەندین حەدیسی ڕەجمکردن بە بەڵگە دەهێنێتەوە، وەك حەدیسی ماعز بن مالك لە مسلم و ژنێکی غامدی لە ئەزد، حەدیسێکی علي کوڕی ئەبو تاڵیب لە بوخاری و احمد دەگێڕێتەوە، کە ژنێکی زیناکەر پێنج شەممە جەڵدەی لێدەدات و جوعمەش بەردبارانی دەکات! عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب لەوبارەیەوە دەڵێ قامچییەکانم لێیدا بە پێی کیتابی خوا، بەردبارانیشم کرد بەپێی سوونەتی پێغەمبەری الله! یانی بەدبەختە هەر دەکوژرێ ودەکوژرێ، کەچی هەر لەو سەد قامچیەش لێی خۆش نابن! ئەوەیە ڕەحم و بەزەیی! ل ٦٩ -٧٠

چەندین حەدیسیتریش دەهێنێتەوە کە گوایە باوەڕی پێیانە بەڵام هەردەڵێ ڕەجمکردن نییە و تەنها ١٠٠ قامچییە بۆ هاوسەردار وبێ هاوسەر! خۆ ڕایەکی باشە بەڵام دەبێ باوەڕت بەو حەدیسانە نەبێ، نەك بڵێیت من بۆیە ئەو حوکمە پەسند ناکەم چونکە ئەو حەدیسانە آحادن، واتە تاکین [تاک بۆ تاکی گێڕاوەتەوە] و متواتر نین، [کۆمەڵێ بۆ کۆمەڵێ گێڕاییبێتەوە]! یان دەڵێ پێغەمبەر بۆ ئەو ڕەجمکردنە ئیجتیهادی کردووە بە پشت بەستن بە شەریعەتی جووەکان

حوکمی ڕەجمی داهێناوە! کەوابوو ئەوە حوکمی تەورات وجوولەکەکانە نەك حوکمی خوا، پێغەمبەر تەنها لاسایی جووەکانی کردۆتەوە؟! ل ٧١.

ئینجا بەڵگەیەکی بەهێزی تر لە قورئاندا دەهێنێتەوە، کە زۆر کۆنە دەگەڕێتەوە سەردەمی خەواریجەکان، بەر لەویش لە هاوچەرخەکان مصطفى الزلمي، لە کتێبی: (لا رجم في القرآن) باسیکردووە، و بەر لە زەڵمیش دەیەها زانای تری موسڵمان باسیان کردووە، وەك الشيخ محمد الخضري، لە کتێبی: (تاريخ التشريع الإسلامي)، دكتور إسماعيل سالم عبد العال، لە کتێبی: (نفاة الرجم وفقه آية التنصيف) شێخی ئەزهەری پێشوو شێخ **محمود شلتوت، بەر لەویش شێخ عبدالوهاب خلاف، شێخ ابو زهرة وهەروەها لە نوێکان شێخ طه جابر العلواني و الدكتور مصطفى الزرقا، مصطفى محمود و عدنان ابراهيم و محمد المختار الشنقيطي** و دەیەهای تر.

ئەویش ئایەتی ٢٥ سورەتی النسائه کە دەڵێ:

"وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلا أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَانْكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنْكُمْ وَأَنْ تَصْبِرُوا خَيْرٌ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ" (النساء: ٢٥).

"ئەو پیاوانەی ناتوانن هاوسەرگیری بکەن لەگەڵ ئافرەتانی ئازاد، لەبەر تێچوونی زۆر، دەتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتە کۆیلەکان بکەن لە ئیمانداران...دەبێ دامێن پاك بن وزینا کەر نەبن، بۆی فرێندیان نەبن، ئەگەر پاش هاوسەرگیری و مێرداری داوێن پیسیان کرد، سزایان نیوەی ئەشکەنجەی سزای ئافرەتە ئازادەکانە، بۆ ئەوانەی لە ئێوە خۆیان بۆ ناگیرێ وئەگەر ئارام بگرن - ئەو کەنیزانە نەهێنن- بۆتان چاکترە!" وە دیارە سزای ئافرەتی کۆیلەی مێرداری بە نیوەی سزای ئافرەتی ئازاد داناوە، ئەگەر سزای ئافرەتی ئازاد بەردبارانکردن واتە مەرگ با، چۆن مەرگ نیوە دەکرێ؟ کەوابوو سزاکە ٥٠ جەڵدەیە کە دەکاتە نیوەی ١٠٠ جەڵدە، کە سزای ئافرەتی ئازادە لە حالەتی زیناکردندا.

عەلی باپیر لەو باسە ڕۆ دەچێ زۆر بەڵگەی لۆژیکی و عەقڵی دەهێنێتەوە، هەتا ئەو ڕادەیەی کە خۆی لەبیر دەکات، وەك سەرکردەی حزبێکی ئیسلامی نیمچە سەلەفی، کە چۆن دەکرێ دین بە عەقڵ هەڵسەنگێندرێ؟!

دەڵێ خودا باسی دەستبڕینی دزی کردووە، باسی سزای ٨٠ جەڵدەی بوختانکەری کردووە، چۆن باسی سزایەکی قورسی پڕ ئازاری وەك بەردباران ناکات؟!دەڵێ "ئەگەر خوا ویستبای ئەو ڕەجمکردنە وەك یاسایەکی چەسپاوی شەریعەت بمێنێت وکاری پێ بکرێت، لە قورئاندا باسی دەکرد، چونکە شتی لەوە کەمتر و بچووکتری باس کردووە. عەقڵ ومەنتقیش وادەخوازێ ئەگەر شتی بچووك و گچکە باسبکرێ، دەبێ شتی گەورەتر باشتر باس بکرێ" ل٧٦

منیش لەگەڵی هاوڕام و ئەو جۆرە بیرکردنەوە عەقڵانیەیم پێ جوان و ڕاستە.

ئینجا دوایی باپیر چەندین لاپەڕەی درێژ ڕەش دەکاتەوە تەنها بۆ ئەوەی بڵێت کە پێغەمبەر ڕەجمکردنی وەك ڕایەکی شەخسی وئیجتیهادی خۆی داهێناوە، کە پشتی بە سێ خاڵ دەبەستی: عورف وداب ونەریتی باوی کۆمەڵگا، شەریعەتی ئومەتەکانی پێشوو، بە تایبەتی تەوڕات، بەرژەوەندی ئەو کات و شوێنە! و دەنا هیچ ئایەتێکی قورئان باسی ڕەجم ناکات! باشە من ئەوەت لێ وەردەگرم بە خۆشحاڵییەوە، بەڵام چی لەو هەموو دەقانەی بوخاری وموسلیم کە باسی بەردباران دەکەن، دەکەیت؟! بڵێی پێغەمبەر هەر بە ئیجتیهاد و کۆشش وڕای شەخسی مرۆڤگەلێکی بەردباران کردبێت تامەرگ؟! ئەوە سووکایەتی کردن و ئیستیهتار نییە بە گیانی ئادەمیزاد، بە ئیجتیهاد خەڵك بەردباران بکەیت تا مەرگ، کە قورئان دەڵێ ڕێزم لێناوە؟!

سەیرم لەوە دێت عەلی باپیر کە لە تەفسیرەکەی زۆر پشت دەبەستێ بە تەفسیری اضواء البیان ی الشیخ محمد امین الشنقیطي کەچی هەر ئەو شەنقیتییە لە تەفسیری ئەو ئایەتانەی سورەتی النور دەڵیت کە بەردبارانکردن سزای ژندار ومێردارانە!

"أَجْمَعَ أَهْلُ الْعِلْمِ عَلَى أَنَّ مَنْ زَنَى، وَهُوَ مُحْصَنٌ يُرْجَمُ، وَلَمْ نَعْلَمْ بِأَحَدٍ مِنْ أَهْلِ الْقِبْلَةِ خَالَفَ فِي رَجْمِ الزَّانِي الْمُحْصَنِ، ذَكَرًا كَانَ أَوْ أُنْثَى إِلَّا مَا حَكَاهُ الْقَاضِي عِيَاضٌ وَغَيْرُهُ عَنِ الْخَوَارِجِ، وَبَعْضِ الْمُعْتَزِلَةِ كَالنَّظَّامِ وَأَصْحَابِهِ، فَإِنَّهُمْ لَمْ يَقُولُوا بِالرَّجْمِ، وَبُطْلَانُ مَذْهَبِ مَنْ ذُكِرَ مِنَ الْخَوَارِجِ، وَبَعْضِ الْمُعْتَزِلَةِ وَاضِحٌ مِنَ النُّصُوصِ الصَّحِيحَةِ الصَّرِيحَةِ الثَّابِتَةِ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - وَأَصْحَابِهِ بَعْدَهُ كَمَا قَدَّمْنَا مِنْ حَدِيثِ عُمَرَ الْمُتَّفَقِ عَلَيْهِ، وَكَمَا سَيَأْتِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ."

واتە: " ئەهلی زانستی دین یەك ڕان لەسەر ئەوەی زینای کرد، موحسەن بوو واتا ژندار یان مێردار بوون، ڕەجم دەکرێ، نەمزانیوە کەسێ لە ئەهلی قیبلە پێچەوانەی ئەو ڕایە بێت لە ڕەجمکردنی زیناکاری موحسەن، جا نێربێ یان مێ، تەنها ئەوەی قازی عیاض و هیتر باس لە ناکۆکی خەواریج و هەندێ موعتەزیلەی وەک نەزام و هاوڕێیانی دەکەن، کە دەڵێن ڕەجم نییە، بەتاڵی مەزهەب و ڕێڕەوی خەواریج و هەندێ موعتەزیلە ڕوونە لەو دەق ڕاشکاو و سەحیح و سابیتانەی کە لە پێغەمبەرەوە و هاوەڵانی لە دوای ئەو پێمان گەیشتوون، وەك ئەو حەدیسەی المتفق علیه ی عومەر کە باسمان کرد، هەروەها ئەو شتانەی تر کە باسیان دەکەین ئینشاڵلا."[٣٥]

## سزای نێربازی و لێزبیانەتی لە قورئاندا!

هەروەها دەربارەی ئایەتی ١٥ و ١٦ سورەتی النساء:

وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلا. وَاللَّذَانِ يَأْتِيَانِهَا مِنْكُمْ فَآذُوهُمَا فَإِنْ تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُوا عَنْهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ تَوَّابا رَحِيما" (النساء: ١٥-١٦).

ئەوەی سەرنجم ڕادەکێشێ، هەرچەندە بیرۆکەکەش نوێ نییە، باسکراوە، بەڵام باپیر ڕەنگە یەکەم موفەسیری کورد بێ، بڵێ ئەو ئایەتانە دەربارەی زینای ئافرەت و پیاو نییە، بەڵکو دەربارەی زینای یان کردەی سێکسی نێربازی و لێزبیانیزمە!

ئەوەی کە باپیر ڕوونی ناکاتەوە ئەوەیە بۆچی کە دوو ژن فاحیشەیان کرد لەگەڵ یەکتری، ئەوەی باپیر ناوی دەنێ خۆ لە یەك خشاندن [السحاق] پاش چوار شاهێد شاهێدیان لەسەردان، سزایان بەندکردنە لە ماڵەکانیان تا دەمرن یان تا خودا دەروویەکیان لێ دەکاتەوە، چۆن دەروویان لێدەکاتەوە بە مەرگ یان بە بەخشین؟ دیار نییە! "وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلا."

---

[٣٥] https://shamela.ws/book/22918/2397#p1

کەچی سزای دوو پیاوی نێربازی تەنها ئەزیەتدانێکە و ئەگەر تۆبەیان کرد، وازیان لێبێنن، خوداش غەفور ورەحیمە و تۆبە وەرگرە؟! "اللَّذَانِ يَأْتِيَانِهَا مِنْكُمْ فَآذُوهُمَا فَإِنْ تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُوا عَنْهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ تَوَّابا رَحِيما"

بڵێی خۆلێکخشاندنی مێینەکان، گەورەتر و زیانمەنتر بێت لە تێخەولێخەی نێرینەکان؟!

لە تەفسیری ئایەتی ٣ سورەتی النور عەلی باپیر هاوکێشەیەکی سەیر باس دەکات، نازانم تەومۆزاویەکە لە خودی ئایەتەکەیە یان لە لێکدانەوەی باپیرییە: ﴿ الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ ﴾ [پیاوی زیناکار هەر نیکاحی ژنی زیناکار و هاوبەش بڕیاردەر بۆ خوا دەکات، ژنی زیناکاریش هەر نیکاحی پیاوی زیناکار و هاوبەش بڕیاردەر بۆ خوا دەکات، ئەوەش حەڕامە لە ئیمانداران.]

دەڵێ وشەی نکاح لەو ئایەتە بە مانای هاوسەرگیری نایەت، بەڵکو بە مانای جوتبوون وسێکس وزیناکردن دێت! لەو بارەیەوە رای الطبري دەهێنێتەوە کە دەڵێ دوورا هەیە دەربارەی ئەو ئایەتەی کە بۆتە جێگای مشتومڕ لە نێوان موفەسیرەکان و موسڵمانان بە گشتی کە نازانن مەبەستی لە نکاح لەو ئایەتە زەواج و هاوسەرگیرییە، یان مەبەستی الوطأ جوتبوون و سێکس و زینایە! هەندێکیان دەڵێن مەبەستی هاوسەرگیرییە، ئەوکاتەی دابەزی کە سەحابەکان داوای مۆڵەتیان کردن بۆ هاوسەرگیری کردن لەگەڵ هەندێ ژنی کۆنە سۆزانی و هێشتا موسڵمان نەبوو! خوداش ڕازی نەبوو بەو زەواجە، گووتی ئەوە پیاوی زیناکارە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنی زیناکار و موشریکە دەکات، یان ئەوە ژنی زیناکارە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوی زیناکەر وموشریك دەکات! ئەوە حەڕامە بۆ بڕواداران!

یانی ژن وپیاوی زیناکاری پێش ئیسلام بوونیش ئەو پەڵەیە هەر بە نێوچەوانیاندا ماوەتەوە، لەلایەن خواوە نەك تەنها موسڵمانان! ئەوەش ئەو قسەیەی پێغەمبەریش هەڵدەوەشێنێتەوە کە دەڵێ: ئیسلام گوناهەکانی پێشەخۆی ڕەش دەکاتەوە!

تەبەری دەڵێ من لەگەڵ ڕای دووەمم کە مەبەستی لە نیکاح تەنها جوتبوون و زیناکردنە نەك هاوسەرگیری! دەڵێ مەبەستی لەو ژنانەیە کە خۆیان بەکرێ دەدا بۆ پارە! دەڵێ چونکە ئافرەتی

موسڵمان زیناکاریش بێت بۆی نییە هاوسەرگیری بکات لەگەڵ پیاوێکی موشریک، پیاوی موسڵمان زیناکاریش بێت بۆی نییە هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ئافرەتێکی موشریك![٣٦]

بەڵام ئەگەر مەبەست لەو ینكح و لا ینكحها تەنها جوتبوون بێت، وەك زانایەكی ناوداری موسڵمان وەك الزجاج دەڵێ: زۆربەی بەكارهێنانی وشەی النكاح لە شەرعدا، بە مانای هاوسەرگیری هاتووە، بەلكو لە كتێبی خوا هەر بە مانای عەقدی زەواج هاتووە، ئەگەر بڵێین بە مانای جوتبوون هاتووە، لەو حاڵەتەدا ئەو قسانەی ناو ئایەتەكە بێ سوود دەبێت، مانای دەبێتە: پیاوی زیناكەر تەنها زینا لەگەڵ ژنی زیناكار دەكات، ژنی زیناكاریش تەنها زینا لەگەڵ پیاوی زیناكار دەكات![٣٧]

جا ئەو ئایەتە بە مانای زەواج هاتبێت، هەر كێشەدارە، چونكە بۆ پیاوی موسڵمان بۆی نییە هاوسەرگیری بكات لەگەڵ ئافرەتێك كە كاتی خۆی زیناكار بووە؟ یان ئافرەتێكی موسڵمان بۆ بۆی نییە شوو بكات بە پیاوێك كاتی خۆی زیناكار بووە؟! ئەگەر ئەوەش حەل بوو، بەڵام چۆن ئافرەتی موسڵمان هەتا زیناكاریش بێت، دەتوانێت هاوسەرگیری بكات بە پیاوێكی موشریك؟!

---

٣٦ وأولى الأقوال في ذلك عندي بالصواب، قول من قال: عنى بالنكاح في هذا الموضع الوطء، وأن الآية نزلت في البغايا المشركات ذوات الرايات; وذلك لقيام الحجة على أن الزانية من المسلمات حرام على كل مشرك، وأن الزاني من المسلمين حرام عليه كل مشركة من عبدة الأوثان، فمعلوم إذ كان ذلك كذلك، أنه لم يُعْن بالآية أن الزاني من المؤمنين لا يعقد عقد نكاح على عفيفة من المسلمات، ولا ينكح إلا بزانية أو مشركة، وإذ كان ذلك كذلك، فبين أن معنى الآية: الزاني لا يزني إلا بزانية لا تستحلّ الزنا أو بمشركة تستحله.

٣٧ ورُدَّ بأن أكثر استعمال لفظ النكاح في لسان الشرع بمعنى العقد، حتى قال الزجاج وغيره: إنه لم يرد في كتاب الله إلا بمعنى العقد، ولو سلمنا أن النكاح في الآية بمعنى الوطء، لأدى ذلك إلى خلو الكلام من الفائدة؛ إذ يكون معناه: الزاني لا يزني إلا بزانية، والزانية لا تزني إلا بزانٍ.

رابط الموضوع:

: https://www.alukah.net/sharia/0/146848/%D8%AA%D9%81%D8%B3%D9%8A%D8%B1-%D8%A2%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B2%D8%A7%D9%86%D9%8A-%D9%84%D8%A7-%D9%8A%D9%86%D9%83%D8%AD-%D8%A5%D9%84%D8%A7-%D8%B2%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9-%D8%A3%D9%88-%D9%85%D8%B4%D8%B1%D9%83%D8%A9-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%B2%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9-%D9%84%D8%A7-%D9%8A%D9%86%D9%83%D8%AD%D9%87%D8%A7-%D8%A5%D9%84%D8%A7-%D8%B2%D8%A7%D9%86-%D8%A3%D9%88-%D9%85%D8%B4%D8%B1%D9%83../#ixzz8Eh0M4rNU

یان پیاوێکی موسڵمان با زیناکاریش بێت، چۆن دەتوانی هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ژنێکی موشریک؟!

یانی بە پێی ئەو لۆژیکە بێت، ئافرەتێکی پۆرنۆستاری موسڵمان بۆی نییە هاوسەرگیری بکات بە پیاوێکی موشریکی پاك وخاوێنیش، تەنها لەبەرئەوەی ژنەکە خۆی بە موسڵمان دەزانێ؟! یان پیاوێکی شەلاتی داوێنپیسی موسڵمان نابێ خۆی دابەزێنێت هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ژنێکی موشریکی هیندۆس یان بودایی بۆ نموونە، باژنەکە زۆر پاك و ڕێزداریش بێت؟!

ئەگەر وشەی ینکح بە مانای جوتبوون بێت، ئەوە وەك عەلی باپیر و الطبری وا تێگەیشتوون، وەك الزجاج[٣٨] دیتمان گووتی قسەیەکی بێ سوود وبێ مانایە: پیاوی زیناکەر تەنها زینا لەگەڵ ژنی زیناکار دەکات، ژنی زیناکاریش تەنها زینا لەگەڵ پیاوی زیناکار دەکات! هەروایە چونکە ئەگەر ژن وپیاوێك لە ژینیشیاندا زینایان نەکردبێ، هەرکە کردیان بۆ یەکەم جاریش دەبنە هەڵگری وەسفی زیناکار! دەی ئەو ئایەتە چ زانیاریەکی زیاد کردە سەر ئەو شتەی بەدیهیاتە وهەموو کەس دەیزانێ؟!

هەر عەلی باپیر ڕای موفەسیرێکی نوێی وەك محمد امین الشنقیطي وەرگرتووە کە بە ئاشکرا وەسفی ئەو ئایەتە دەکات بە ئاڵۆز و قورس بۆ تێگەیشتن، هەرچەندە مەبەستی نالۆژیکی و هەڤدژییە لەناو ئایەتەکە، وەك لە تەفسیری اضواء البیان دا هاتووە.

---

[٣٨] **لزَجَّاج** أو **أبو إسحاق الزجّاج** أو **أبو إسحاق إبراهيم بن محمد بن السرى بن سهل الزجاج البغدادي** (241 هـ-٣١١ هـ 923/م (نحوي من العصر العباسي، "من أهل العلم بالأدب والدين المتين" كما وصفه ابن خلكان .صنف العديد من الكتب، أشهرها كتاب معاني القرآن في التفسير، وكتاب ما ينصرف وما لا ينصرف وكتاب تفسير أسماء الله الحسنى'

# درامای زەید و زەینەب لە سورەتی الاحزابی تەژی لە تەم ومژ و غیرە و پڕ گومان و نیگەرانی لە تەفسیرەکەی عەلی باپیر!

باپیر لە هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە ژن، هەمان بیروباوەڕە تەقلیدیەکانی ئیسلامییەکان دووبارە دەکاتەوە. بەڵام کە دەیەوێ شتێکی نوێش بڵێ، لەو کاتانە دەیڵێت کە پێویستی بە پەردەپۆشکردنی خاڵێکی نەگونجاو بێت لەگەڵ جیهانبینییە دینییە میسالیە ئایدیۆلۆژیەکەی، کە هەمیشە زۆر لە خۆکردن و تەعەسوفی پێوە دیارە، و ناگونجێش لەگەڵ سیاقی مێژوویی و زمانەوانی دەقەکان. لە سورەتی الاحزاب کە دێتە سەرباسی کێشەی زەید و زەینەب، هەمان بەرگرییەکان دەکات کە هەندێ لە نووسەرانی کۆنی ئیسلامی و زۆربەی نوێ و هاوچەرخەکان دەیکەن. ئەو سورەتە، واتە سورەتی الاحزاب، پڕاوپڕە لە بەدگومانی و نیگەرانی پێغەمبەر، لە سەحابەکانی و ژنەکانی، و ترسی گومان پێبردنی لەلایەن ژنەکان و سەحابەکانی، ترسی لاسایکردنەوەی بە فرەژنی وبابەتەکانی پەیوەست بە پەیوەندی پیاو و ژن.

هەر لە یەکەم دێریەوە تا کۆتا ئایەتی سورەتی الاحزاب، تەوەرەی باسەکان لەسەر ئەو سەرە دێرانە دەسورێنەوە. لە سەرتاسەری سورەتەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕەتکردنەوەی یاسای التبني، و لە خەمی سەلماندنی ئەوەیەتی، کە ئەگەر تۆ منداڵێکت هەڵگرتەوە، بەخێوت کرد وتەبەنات کرد، ئەوە قەت نابیتە کوڕی خۆت! ئەو هەوڵانەش هەمووی بۆ زەمینەخۆشکردنە بۆ ڕووداوێکی گەورەی ناچاوەڕوانکراو لە کۆمەڵگای عەرەبی، کە هاوسەرگیری کردنە لەگەڵ ژنی بە منداڵگرتووی خۆت، یانی کوڕی خۆت بەپێی عورفی کۆمەڵایەتی و ئینسانی لەو کاتەوە تا ئەم ساتە! دەنا هەڵوەشاندنەوەی عورفێکی مرۆدۆستی وا مەزن، کەی کێشەی قورەیش و عەرەب و مرۆڤایەتی بوو؟! ئەو یاسایە ئەگەر سودێکی کاتیشی بۆ پێغەمبەر بوو بێت، بەڵام لە مەودای دوور گەورەترین گورز بوو لەو نەرێتە مرۆییە مەزنە درا.

سەرتاسەری سورەتەکە گوزارشە لە ترسی ئەو کاردانەوانەی چاوەڕوان دەکرێت، ئەگەر هاتوو پێغەمبەر هاوسەرگیری کرد لەگەڵ زەینەبی ژنی زەید، کە پێیدەوترا زەیدی کوڕی محمد!

ئەو چیرۆکەی زیدی کوڕی حاریسە و زەینەبی کچی جەحش هەر گوزارشی لێناکرێ لە ئایەتی ٣٧ ی الاحزاب وەك زۆربەی موفەسیرەکان پێیانوایە! بەڵکو تەواوی سورەتەکە خەریکی ڕەواندنەوەی گومانەکان و نیگەرانییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی و هەتا نائیسلامیشە، خەریکی دارشتنی ئەو یاسایەیە، یاسای مارەکردنەوەی پێغەمبەر بۆ ژنی بەکوڕگرتووی خۆی زەید، بۆ سووک کردنەوەی کاردانەوەکان لە دژیدا!

هەر لە ئایەتی ٤ و ٥ وە ڕێخۆشکەری دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی بەمنداڵگرتن [التبني]، ئەو سیستمە بە سوودە مرۆیانەیەی، کە لە تەواوی جیهاندا، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ تا ئێستاش یاری دەکات، لە قەرەبووکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانەی لەبەر هەر هۆیەك لە هۆیەکان، دایک وباوکیان لە دەست دەدەن، ئەو مرۆڤە مەزنانەی تەبەنایان دەکەن، دەبنە فریشتەی فریای ئەو منداڵە بێ نازانە، سەریان بەرزدەکەنەوە لەناو کۆمەڵگا، کە ئەوانیش خاوەنی دایک وباوکێکی میهرەبانن. بە هەڵوەشاندنەوەشی لە پێناو هۆکارێکی شەخسی و نالۆژیک و بچووك، دنیایەك کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئینسانیشی لەناو جیهانی ئیسلامدا دروست کردووە. ماڵ هەیە لە منداڵییەوە منالێك بەخێودەکەن، بەڵام کاتێ کاتی میرات بەشکردن دێ، پێیدەڵێن تۆ کوڕی ئێمە نیت، بۆیە بەشەمیراتت ناکەوێ! مرۆڤ کە لە مرۆڤایەتی بەرزدەبێتەوە، پەیوەندی خوێن زۆر کاڵدەبێتەوە لای، کەچی ئەو دژایەتیە سەرسەختەی تەبەنی، مرۆڤ بەرەو خوێنگەرایی و سنگ تەسکی دەباتەوە.

ئەو بابەتە لەو دوو ئایەتە دەست پێدەکات کە دەڵێ: مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٖ مِّن قَلۡبَيۡنِ فِي جَوۡفِهِۦۚ وَمَا جَعَلَ أَزۡوَٰجَكُمُ ٱلَّٰٓـِٔي تُظَٰهِرُونَ مِنۡهُنَّ أُمَّهَٰتِكُمۡۚ وَمَا جَعَلَ أَدۡعِيَآءَكُمۡ أَبۡنَآءَكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ قَوۡلُكُم بِأَفۡوَٰهِكُمۡۖ وَٱللَّهُ يَقُولُ ٱلۡحَقَّ وَهُوَ يَهۡدِي ٱلسَّبِيلَ (4)ٱدۡعُوهُمۡ لِأٓبَآئِهِمۡ هُوَ أَقۡسَطُ عِندَ ٱللَّهِۚ فَإِن لَّمۡ تَعۡلَمُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَمَوَٰلِيكُمۡۚ وَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٞ فِيمَآ أَخۡطَأۡتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتۡ قُلُوبُكُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمًا (5) الاحزاب

"بە کورگیراوەکانتان[٣٩] کوڕی ئێوە نین، ئەوە ئێوەن بە زاری خۆتان وادەڵێن، خوداش تەنها هەق دەڵێ، هەر ئەویش ڕێگا نیشاندەرە. ئەوانەی بە کوڕتانگرتوون بە ناوی بابەکانیانەوە بانگیان بکەن، ئەوە لای خودا دادپەروەرانەترە، ئەگەریش دایبابیان ناناسن، ئەوە برای دینیتانن و کۆیلە ئازادکراوەکانتانن [مەوالیتانن]..."

وەك دەبینن چۆن بە تەنگ سەلماندنی ئەوەیە کە ئەوانەی بە منداڵی خۆتان دەگرن قەت نابنە کوڕ وکچی خۆتان، ئەوەش وەك گووتم ڕێخۆشکەرە بۆ شکاندنی ئەو داب ونەرێت ویاسا کۆمەڵایەتیە، بە هاوسەرگیری محمد و زەینەب. نووسەر وموفەسیرە پینەچییەکان دەڵێن: ئەو هاوسەرگیرییە لە پێناو شکاندنی عورفێکی جاهیلی خراپ بوو، ئەویش کە حەرام ژنی بە کوڕگرتووی خۆت بهێنیتەوە! بۆیە خودا داوای لە محمد کرد ئەو عورفە بشکێنێ! وەك عەلی باپیریش بە حەماسەتەوە دەڵێ: پێغەمبەر هەر ٣٦٠ بتی نەشکاند لە مەککە، بەڵکو تێکڕای بتە کۆمەڵایەتی و فکری و خێزانی شکاند...یەکێکیش لەو نەرێتانەی کە لە سەردەمی نەفامیدا هەبوون نەرێتی بە کوڕکردن [تبني] بوو..."[٤٠]

باشە ئەو عورفە کەی کێشە بوو لە کۆمەڵگای عەرەبی؟! جگە لە خودی محمد، لە سیرە ومێژووی عەرەب و ئیسلام، چەند سەحابە و بەڵکو چەند عەرەبی ئاسایی ناموسڵمان، پرسیاری زەواجی خۆی بە ژنی بە کوڕگرتووی خۆی لە محمد کردووە، تا شکاندنی ئەو عورفە ببێتە داواکاریەکی بە پەلە وخێرا و سەرەکی؟! ئینجا باپیر دەڵێ خودا پێغەمبەری هەڵبژارد تا ئەو نەرێتە نەفامیەی پێ هەڵوەشێنێتەوە، لەگەڵ دوو کەسی زۆر نزیکی![٤١] باشە بۆ شکاندنی عورفیکی وا پڕ لە هەستیاری کۆمەڵایەتی بۆ دەبێ خودا سمعەی پێغەمبەرەکەی بخاتە مەترسی و ڕیسکەوە، بۆ بە دەیەها سەحابی و دۆستی پێغەمبەر نەیکرد، کە ئامادەبوون خۆیان بۆ پێغەمبەر بە کوشت بدەن، باوك وبرایان وژنیان بۆی بکوژن؟! بێگومان ئەگەر پەلەیی نەبا، ئەگەر بە یەکێکیتر سپاردرا با، لەوکاتەش زەینەب هەر بۆ پێغەمبەر دەبوو، بەڵام ڕەنگە تۆزێ دواکەوتبا!

---

**[٣٩] عەلی باپیر بۆ التبني بە کورگیراوەکانتان بەکاردەهێنێت، من پێم هەڵەیە باشترە بڵێیت بەمنداڵگرتن یان منداڵگیران، چونکە هەر کوڕ تەبەنی ناکرێت، کچیش دەکرێت.**

[٤٠] تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز. ل٢٥٢

[٤١] عەلی باپیر تەفسیری قورئانی بەرز وبە پێز، بەرگی ٢٢ سورەتەکانی الاحزاب و سبأ ل٢٥٢

پاش ئەو بیرکردەوەیە لە هێنانی ژنی بەکورگیراوی خۆی، حەتمەن پێغەمبەر بیری لەوە کردۆتەوە ئەگەر پێچەوانەکەی ڕوو بدات، یانی یەکێك بیری لە ژنەکانی ئەو کردەوە، هەڵوێستی چی دەبێت؟! ڕیوایەتەکان دەڵێن لەبەر چاوی خۆی نەك کابرایەکی ئەعرابی دەشتەکی بێ ئسووڵ، بەڵکو یەکێ لە گەورە سەحابی و لە عشرة مبشرة [دە مژدە پێدراوەکان بە بەهەشت] کە طلحة بن عبید الله دەڵێ ئەگەر محمد مرد، من عائیشە دەهێنمەوە![42]

---

[42] أخرج البيهقي في السنن الكبرى : ج ٧ ص ٦٩ باب ٥٤ ما خص به أن أزواجه:
عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ قَالَ رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ -صلى الله عليه وسلم- : لَوْ قَدْ مَاتَ رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- تَزَوَّجْتُ عَائِشَةَ أَوْ أُمَّ سَلَمَةَ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ (وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلاَ أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا).
وأخرج ابن سعد في الطبقات ج ٨ ص ٢٠١ : عن أبي بكر بن محمد بن عمرو بن حزم في قوله وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله ولا أن تنكحوا أزواجه من بعده أبدا
قال نزلت في طلحة بن عبيد الله لأنه قال إذا توفي رسول الله تزوجت عائشة.
وحدثني عبد السلام بن موسى بن جبير عن أبيه عن أبي أمامة بن سهل بن حنيف قالا في قوله» :إِنْ تُبْدُوا شَيْئاً أَوْ تُخْفُوهُ «الأحزاب: ٥٤ .قال :أن تكلموا به فتقولوا نتزوج فلانة. لبعض أزواج النبي -صلى الله عليه وسلم- أو تخفوا ذلك في أنفسكم فلا تنطقوا به يعلمه الله.
الطبقات لابن سعد ج ٨ ص ١٦٢ المكتبة الشاملة.

1. أخرج البيهقي في السنن الكبرى : ج ٧ ص ٦٩ باب ٥٤ ما خص به أن أزواجه:
عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ قَالَ رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ -صلى الله عليه وسلم- : لَوْ قَدْ مَاتَ رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- تَزَوَّجْتُ عَائِشَةَ أَوْ أُمَّ سَلَمَةَ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ (وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلاَ أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا).
2. وأخرج ابن كثير في التفسير العظيم : ج ٦ ص ٢٨٠ عَنْ اِبْن عَبَّاس فِي قَوْله تَعَالَى وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُول اللَّه " قَالَ نَزَلَتْ فِي رَجُل هَمَّ أَنْ يَتَزَوَّج بَعْض نِسَاء النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَعْده قَالَ رَجُل لِسُفْيَان أَهِيَ عَائِشَة ؟ قَالَ قَدْ ذَكَرُوا ذَلِكَ وَكَذَا قَالَ مُقَاتِل بْن حَيَّان وَعَبْد الرَّحْمَن بْن زَيْد بْن أَسْلَمَ وَذَكَرَ بِسَنَدِهِ عَنْ السُّدِّيّ أَنَّ الَّذِي عَزَمَ عَلَى ذَلِكَ طَلْحَة بْن عُبَيْد اللَّه رَضِيَ اللَّه عَنْهُ حَتَّى نَزَلَ التَّنْبِيه عَلَى تَحْرِيم ذَلِكَ وَلِهَذَا أَجْمَعَ الْعُلَمَاء قَاطِبَة عَلَى أَنَّ مَنْ تُوُفِّيَ عَنْهَا رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ أَزْوَاجه أَنَّهُ يَحْرُم عَلَى غَيْره تَزَوُّجهَا مِنْ بَعْده.
3. وأخرج البغوي في معالم التنزيل : ج ٦ ص ٣٧١:
قوله عز وجل: {وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ } ليس لكم أذاه في شيء من الأشياء،
{ وَلا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا } نزلت في رجل من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم، قال: لئن قبض رسول الله صلى الله عليه وسلم لأنكحن عائشة.
4. قال مقاتل بن سليمان: هو طلحة بن عبيد الله،
فأخبره الله عز وجل أن ذلك محرم وقال: { إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا } أي: ذنبا عظيما.
5. وقال الزيلعي في تخريج الأحاديث والآثار الواقعة في تفسير الكشاف للزمخشري:
ج ٣ ص ١٢٧:
وَذكر أَن بَعضهم قَالَ أننهى أَن نُكَلِّم بَنَات عمنَا إِلَّا من وَرَاء حجاب لَئِن مَاتَ مُحَمَّد لأَتَزَوَّجَن فُلَانَة فَأعْلم الله أَن ذَلِك محرم
قلت قَالَ الطَّيِّبِيّ ذكر الْبَغَوِيّ أَن هَذَا الْقَائِل هُوَ طَلْحَة بن عبيد الله وَفِي رِوَايَة بدل فُلَانَة عَائِشَة انْتَهَى.
6. وأخرج الألوسي في روح المعاني : ج ٢٢ ص ٧٤:
وأخرج عبدالرزاق وعبد بن حميد وإبن المنذر عن قتادة أن طلحة بن عبيدالله قال : لو قبض النبي صلى الله تعالى عليه وسلم تزوجت عائشة فنزلت ( وما كان لكم ) الآية.
7. وقال الشربيني في تفسيره السراج المنير : ج ٣ ص ٢٢٣ : روي أن هذه الآية نزلت في رجل من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم قال : لئن قبض رسول الله صلى الله عليه وسلم لأنكحن عائشة قال مقاتل بن سليمان : هو طلحة بن عبيد الله فأخبر الله تعالى أن ذلك

---

محرم.
أقول : وعين هذا الكلام ذكره ابن عادل في تفسيره اللباب ج ١٣ ص ١٠٥:
8. وأخرج الثعلبي في تفسيره ج ٨ ص ٦٠:
قوله : { وَمَا كَانَ لَكُمْ } ) يعني وما ينبغي وما يصلح لكم
}أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللهِ وَلاَ أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَداً إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللهِ عَظِيماً } ) نزلت في رجل من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم قال : لئن قبض رسول الله صلّى الله عليه لأنكحنّ عائشة بنت أبي بكر.
9. وأخرج عبد الرزاق الصنعاني في تفسيره ج ٥ ص ٣٢٩:
عن معمر عن قتادة أن رجلا قال لو قبض النبي صلى الله عليه وسلم لتزوجت فلانة يعني عائشة فأنزل الله تعالى { وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله ولا أن تنكحوا أزواجه من بعده أبدا } . نا عبد الرزاق قال معمر : سمعت أن هذا الرجل طلحة بن عبيد الله.
10. وأخرج ابن سعد في الطبقات ج ٨ ص ٢٠١ : عن أبي بكر بن محمد بن عمرو بن حزم في قوله وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله ولا أن تنكحوا أزواجه من بعده أبدا
قال نزلت في طلحة بن عبيد الله لأنه قال إذا توفي رسول الله تزوجت عائشة.
11. وأخرج ابن الأثير أسد الغابة ج ١ ص ٥٤٥ في ترجمة طلحة حيث
قال : إنه الذي نزل في أمره : " وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله ولا أن تنكحوا أزواجه من بعده أبدا " " الأحزاب ٥٣ " وذلك أنه قال : لئن مات رسول الله صلى الله عليه و سلم لأتزوجن عائشة . فغلط . لذلك جماعة من أهل التفسير فظنوا أنه طلحة بن عبيد الله الذي من العشرة لما رأوه طلحة بن عبيد الله التيمي القرشي وهو صحابي
أخرجه أبو موسى ونقل هذا القول عن ابن شاهين.
12. وكذلك ابن حجر العسقلاني
في الأصابة في معرفة الصحابة ج ٣ ص ٥٣٣:
طلحة بن عبيد الله: بن مسافع بن عياض بن صخر بن عامر بن كعب بن سعد بن تميم التيمي يقال هو الذي نزل فيه " وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله ولا أن تنكحوا أزواجه من بعده أبداً " .الاحزاب ٥٣ وذلك أنه قال لئن مات رسول الله صلى الله عليه وسلم لأتزوجن عائشة.
13. وأخرج عين هذا الكلام ابن بشكوال أبو القاسم المتوفي سنة ٥٧٨ في كتابه غوامض الأسماء المبهمة ج ٢ ص ٧١١.
14. وأخرج المقريزي في إمتاع الأسماع ج ١٠ ص ٢٥٨:
قال ابن عطية : روى أنها نزلت بسبب بعض الصحابة ، قال : لو مات رسول الله صلى الله عليه وسلّم لتزوجت عائشة ، فبلغ ذلك رسول الله صلى الله عليه وسلّم ، فنادى به هكذا كنى عنه ابن عباس رضى الله تبارك وتعالى عنهما ، ببعض الصحابة.
وحكى مكي عن معمر أنه قال : هو طلحة بن عبيد الله ، وكذا حكى النحاس عن معمر.
15. وأخرج علي بن برهان الدين الحلبي في السيرة الحلبية سيرة الأمين المأمون ج ١ص ٤٤٨ قال : وطلحة هذا هو أحد العشرة المبشرين بالجنة وقد شاركه رجل آخر في اسمه واسم أبيه ونسبه وهو طلحة بن عبيد الله التيمي وهو الذي نزل فيه قوله تعالى { وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله ولا أن تنكحوا أزواجه } الآية لأنه قال لئن مات محمد رسول الله لأتزوجن عائشة وفي لفظ يتزوج محمد بنات عمنا ويحجبهن عنا لئن مات لأتزوجن عائشة من بعده فنزلت الآية.
16. وقال العيني في عمدة القارئ على شرح صحيح البخاري ج ٢٥ ص ١٨:
ولا أن تنكحوا أزواجه من بعده أبدا نزلت في رجل كان يقول لئن توفي رسول الله لأتزوجن عائشة زعم مقاتل أنه طلحة بن عبيد الله قوله إن ذلكم أي إن نكاح أزواجه بعد النبي كان عند الله عظيما.
عن ابن عباس مما رواه ابن أبي حاتم أن الآية نزلت في رجل همّ أن يتزوج بعض نساء النبي -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بعده قال رجل لسفيان: أهي عائشة؟ قال قد ذكروا ذاك، وكذا قال مقاتل وعبد الرحمن بن زيد بن أسلم، وذكر بسنده عن السدي أن الذي عزم على ذلك طلحة بن عبيد الله.
17. والرازي في تفسيره مفايح الغيب ج ٢٥ ص ١٩٤:
وقوله تعالى : { وَلاَ أَن تَنكِحُواْ أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَداً } قيل سبب نزوله أن بعض الناس قيل هو طلحة بن عبيد الله ، قال لئن عشت بعد محمد لأنكحن عائشة ، وقد ذكرنا أن اللفظ العام لا يغير معناه سبب النزول ، فإن المراد أن إيذاء الرسول حرام ، والتعرض لنسائه في حياته إيذاء فلا يجوز.
18. وأخرج في الدر المنثور ج ٨ ص ١٩٤:
وأخرج ابن مردويه عن ابن عباس رضي الله عنهما قال : قال رجل : لئن مات محمد صلى الله عليه وسلم لأتزوجن عائشة . فأنزل الله { وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله . . . }.
وأخرج ابن جرير وابن أبي حاتم عن عبد الرحمن بن زيد بن أسلم قال : بلغ النبي صلى الله عليه وسلم أن رجلاً يقول : إن توفي رسول الله صلى الله عليه وسلم تزوجت فلانة من بعده ، فكان ذلك يؤذي النبي صلى الله عليه وسلم ، فنزل القرآن { وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله . . . }.
وأخرج ابن أبي حاتم عن السدي رضي الله عنه قال : بلغنا أن طلحة بن عبيد الله قال : أيحجبنا محمد عن بنات عمنا ، ويتزوج نساءنا من

أخرج ابن سعد في الطبقات ج ٨ ص ٢٠١ : عن أبي بكر بن محمد بن عمرو بن حزم في قوله وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله ولا أن تنكحوا أزواجه من بعده أبدا قال نزلت في طلحة بن عبيد الله لأنه قال إذا توفي رسول الله تزوجت عائشة .

هەندێ لە زانایانی ئیسلام لە کۆن و نوێ هەستیان بە ئیحراجیەکی زۆر کردووە، کە چۆن دەبێ سەحابەیەکی وا گەورە وابڵێ، بۆیە چارەسەرێکیان دۆزیوەتەوە بۆی، کە گوایە طلحة بن عبيد الله یەکیترە، کەناوی دەقاودەق وەك ئەوە![43] من لەو باوەڕەم هەر طلحة بن عبيد الله

بعدنا ، لئن حدث به حدث لنتزوجن نساءه من بعده . فنزلت هذه الآية.
وأخرج عبد الرزاق وعبد بن حميد وابن المنذر عن قتادة رضي الله عنه قال:
قال طلحة بن عبيد الله : لو قبض النبي صلى الله عليه وسلم تزوجت عائشة رضي الله عنها.
فنزلت { وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله . . }.
وأخرج ابن سعد عن أبي بكر بن محمد بن عمرو بن حزم في قوله
{ وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله . . . } قال : نزلت في طلحة بن عبيد الله لأنه قال : إذا توفي رسول الله صلى الله عليه وسلم تزوجت عائشة رضي الله عنها.
وأخرج البيهقي في السنن عن ابن عباس رضي الله عنهما قال : قال رجل من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم : لو قد مات رسول الله صلى الله عليه وسلم تزوجت عائشة . أو أم سلمة . فأنزل الله { وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله . . }.

19. وقال ابن عاشور في التحرير والتنوير ج ١١ ص ٣١١:
والحكم الثاني : تحريم أزواج رسول الله صلى الله عليه وسلم على الناس بقوله تعالى : { ولا أن تنكحوا أزواجه من بعده أبداً } وهو تقرير لحكم أُمومة أزواجه للمؤمنين السالف في قوله:
{ وأزواجه أمهاتهم } [ الأحزاب : ٦ ].
وقد حُكيت أقوال في سبب نزول هذه الآية : منها أن رجلاً قال : لو مات محمد تزوجتُ عائشة ، أي قاله بمسمع ممن نقلَه عنه فقيل : هذا الرجل من المنافقين وهذا هو المظنون بقائل ذلك . وقيل : هو من المؤمنين ، أي خطر له ذلك في نفسه ، قاله القرطبي . وذكروا رواية عن ابن عباس وعن مقاتل أنه طلحة بن عبيْد الله.
20. وقال القرطبي في تفسيره لجامع لأحكام القرآن ج ١٤ ص ٢٢٧:
قال بن عباس قال رجل من سادات قريش من العشرة الذين كانوا مع رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) على حراء في نفسه لو توفي رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) لتزوجت عائشة وهي بنت عمي قال مقاتل : هو طلحة بن عبيد الله.
21. وأخرج ابن الجوزي زاد المسير ج ٥ ص ١٤٧ قال : روى عطاء عن ابن عباس ، قال : كان رجل من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم قال : لو توفِّي رسولُ الله صلى الله عليه وسلم تزوَّجتُ عائشة ، فأنزل الله ما أنزل . وزعم مقاتل أن ذلك الرجل طلحة بن عبيد الله.
قوله تعالى : { إنَّ ذلكم } يعني نكاح أزواج رسول الله صلى الله عليه وسلم
{ كان عند الله عظيماً } أي : ذنْباً عظيم العقوبة.
22. وقال الشوكاني في فتح القدير ج ٤ ص ٢٩٩
عن ابن عباس فى قوله { وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله } قال نزلت فى رجل هم أن يتزوج بعض نساء النبي صلى الله عليه وسلم بعده قال سفيان وذكروا أنها عائشة وأخرج ابن أبي حاتم عن السدى قال بلغنا أن طلحة بن عبيد الله قال أيحجبنا محمد عن بنات عمنا ويتزوج نساءنا من بعدنا لئن حدث به حدث لنتزوجن نساءه من بعده فنزلت هذه الآية وأخرج عبدالرزاق وعبد بن عيد وابن المنذر عن قتادة قال قال طلحة بن عبيدالله لو قبض النبى صلى الله عليه وسلم لتزوجت عائشة فنزلت وأخرج ابن سعد عن أبى بكر بن محمد بن عمرو بن حزم قال نزلت فى طلحة لأنه قال إذا توفى النبى صلى الله عليه وسلم تزوجت عائشة.

[43] **وممن ذكر ذلك ابن الأثير في "أسد الغابة" (٨٨/٣) حيث قال في ترجمته :" سمي طلحة الخير أيضًا، كما سمي طلحة بْن عبيد اللَّه، الذي من العشرة، وأشكل عَلَى الناس، وقيل: إنه الذي نزل في أمره :وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ**

عەشەرە موبەشەرەیە، چونکە ئەو لەگەڵ خانەوادەی عائیشە خزم بوون، گەنجێکی زۆر قۆز بووە، بە تەمای عائیشەش بووە، بەرلەوەی ژنانی پێغەمبەر بکرێنە دایکی موسڵمانان.

لە ڕیوایەتێکدا دەڵێ: محمد لە کچە مامەکانمان دەشارێتەوە، کەچی خۆی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنانمان دەکات لە دوای خۆمان، ئەگەر شتێکی لێ ڕوودا، هاوسەرگیری لەگەڵ ژنانی دەکەین لە دوای مردنی! لە ڕیوایەتێکی زۆر ئاماژە دەکات بە ناوی عائیشە کە هەندێکم لە پەراوێز داناوە.[44] ئینجا دوایی هەر ام کلثوم ی کچی ابوبکر، و خوشکی عائیشە دەهێنێت، کچێکی دەبێ بە یادی عائیشە هەر ناوی دەنێ عائیشە، کە دەڵێن وەك عائیشەی پووری شۆخ وشەنگ بووە، زۆریش پێی چووە، سەرەڕای ئەوەی خودی تەڵحەش زۆر گەنجێکی قۆز بووە. ئینجا کە عائیشە کەوتە شەڕ لە دژی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، طلحة یەکەم پشتیوانی عائیشە بوو. ئەوانە هەمووی دەیسەلمێنن کە ڕەنگە تەڵحە دڵی بە عائیشەوە بوو بێ، تا دابەزینی ئایەتی کردنی ژنانی پێغەمبەر بە دایکانی موسڵمانان، هەر بە تەمای بووە بۆ دوای مردنی پێغەمبەر. لە ڕیوایەتێکدا دەڵێ پێغەمبەر زۆرجار کە دەیدیت **طَلْحَةُ بْنُ عُبَيْدِ اللّٰه لەگەڵ عائیشە وەستاوە قسە دەکەن پێی ناخۆش بووە، ڕەنگە بە هیچ قەسدێکیش نەبوو بێ، تەنها وەکو خزمایەتی و نزیکی پەیوەندییان لەیەك وەك خزم، بەڵام هەر ئایەتی** {وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا } الاحزاب – ٥٣. "نابێ ئەزیەتی پێغەمبەری خوا بدەن، و ژنەکانی لە دوای خۆی بهێننەوە!" دابەزی کە دەڵێن هۆکاری دابەزینەکەی تەڵحە بووە.

---

**بَعْدِهِ أَبَدًا ؛ وذلك أَنَّهُ قال: لئن مات رَسُول اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لأتزوجن عائشة، فغلط لذلك جماعة من أهل التفسير، فظنوا أَنَّهُ طلحة بْن عبيد اللَّه الذي من العشرة، لما رأوه طلحه بْن عبيد اللَّه التيمي القرشي، وهو صحابي.**

**أخرجه أَبُو موسى، ونقل هذا القول عن ابن شاهين". انتهى.**

**وكذا قال السيوطي فِي "الحاوي فِي الفتاوي" (١١٦/٢) :" وَقَدْ كُنْتُ فِي وَقْفَةٍ شَدِيدَةٍ مِنْ صِحَّةِ هَذَا الْخَبَرِ ; لِأَنَّ طلحة أَحَدُ الْعَشَرَةِ أَجَلُّ مَقَامًا مِنْ أَنْ يَصْدُرَ مِنْهُ ذَلِكَ، حَتَّى رَأَيْتُ بَعْدَ ذَلِكَ أَنَّهُ رَجُلٌ آخَرُ شَارَكَهُ فِي اسْمِهِ وَاسْمِ أَبِيهِ وَنَسَبِهِ ; فَإِنَّ طلحة الْمَشْهُورَ الَّذِي هُوَ أَحَدُ الْعَشَرَةِ - طلحة بن عبيد الله بن عثمان بن عمرو بن كعب بن سعد بن تيم التيمي - وطلحة صَاحِبُ الْقِصَّةِ - طلحة بن عبيد الله بن مسافع بن عياض بن صخر بن عامر بن كعب بن سعد بن تيم التيمي - قَالَ أبو موسى فِي الذَّيْلِ عَنِ ابن شاهين فِي تَرْجَمَتِهِ: هُوَ الَّذِي نَزَلَ فِيهِ :وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ الأحزاب/٥٣ الْآيَةَ، وَذَلِكَ أَنَّهُ قَالَ: لَئِنْ مَاتَ رَسُولُ اللَّهِ لَأَتَزَوَّجَنَّ عائشة، وَقَالَ: إِنَّ جَمَاعَةً مِنَ الْمُفَسِّرِينَ غَلِطُوا، وَظَنُّوا أَنَّهُ طلحة أَحَدُ الْعَشَرَةِ". انتهى**

[44] وأخرج ابن أبي حاتم عن السدي رضي الله عنه قال : بلغنا أن طلحة بن عبيد الله قال : أيحجبنا محمد عن بنات عمنا ، ويتزوج نساءنا من بعدنا ، لئن حدث به حدث لنتزوجن نساءه من بعده . فنزلت هذه الآية . الدر المنثور ج ٨ ص ١٩٤ .

هەر لە سەرەتای سورەتەکەی الاحزاب لە ئایەتی ٦ دەڵێ:

{ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ...}

پێغەمبەر بۆ بڕواداران  لە خۆیان بۆیان لە پێشترە، ژنەکانی پێغەمبەریش دایکیانن! ئەو بە دایک کردنەی ژنەکانی پێغەمبەر وەك دایکانی موسڵمانان، ڕێگری بوو لە هێنانەوەی ژنەکانی پێغەمبەر هەتا لە دوای وەفاتکردنیشی، چونکە بە زیندوویی ئەو شتە موستەحیل بوو. هەتا ئەو دوو ژنەی کە لە ژیانی خۆیدا لێیان جیابووەوە، وەك ئەو ژنە کەلبیە و کیندەییە دەڵێن ئەوانیش هاوسەرگیریان نەکردۆتەوە، هەندێکیش دەڵێن گوایە عکرمة بن ابي جهل، ژنە کەلبیەکەی هێناوە، کیندیەکەش مێردی بە الاشعث بن قیس  کردووە.[٤٥]

لە ئایەتی ٢٨ و ٢٩ هەڕەشەیەك بۆ ژنانی پێغەمبەر ئاڕاستە دەکات، پاش بێزاری دەربڕینیان لەو وەزعەی کە ٩ ژن زیاتر یەك پیاویان هەبێ، ئەگەر بە عەدالەتیش چووبێتە لایان، هەر ژنێك دوای ٨ ڕۆژ پێغەمبەری بەر کەوتووە:

---

[٤٥] قال القرطبي في تفسيره أيضا :فأما زوجاته عليه السلام اللاتي فارقهن في حياته مثل الكلبية وغيرها، فهل كان يحل لغيره نكاحهن؟ فيه خلاف، والصحيح جواز ذلك، لما روي أن الكلبية التي فارقها رسول الله صلى الله عليه وسلم تزوجها عكرمة بن أبي جهل على ما تقدم.

وقيل: إن الذي تزوجها الأشعث بن قيس الكندي، قال القاضي أبو الطيب: الذي تزوجها مهاجر بن أبي أمية، ولم ينكر ذلك أحد فدل على أنه إجماع .انتهى.

وقال ابن عاشور في التحرير والتنوير :واعلم أنه لم يتبين، هل التحريم الذي في الآية يختص بالنساء اللاتي بنى بهن رسول الله صلى الله عليه وسلم؟ أو هو يعم كل امرأة عقد عليها مثل الكندية التي استعاذت منه، فقال لها: الحقي بأهلك، فتزوجها الأشعث بن قيس في زمن عمر بن الخطاب، ومثل قتيلة بنت قيس الكلبية التي زوجها أخوها الأشعث بن قيس من رسول الله صلى الله عليه وسلم ثم حملها معه إلى حضرموت فتوفي رسول الله قبل قفولهما، فتزوجها عكرمة بن أبي جهل، وأن أبا بكر هم بعقابه، فقال له عمر: إن رسول الله لم يدخل بها والمرويات في هذا الباب ضعيفة .انتهى.

https://www.islamweb.net/ar/fatwa/127010/%D9%87%D9%84-%D8%AA%D8%B2%D9%88%D8%AC-%D8%A3%D8%AD%D8%AF-%D8%A8%D8%B2%D9%88%D8%AC%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A8%D9%8A-%D8%B5%D9%84%D9%89-%D8%A7%D9%84%D9%84%D9%87-%D8%B9%D9%84%D9%8A%D9%87-%D9%88%D8%B3%D9%84%D9%85-%D8%A8%D8%B9%D8%AF-%D9%85%D9%88%D8%AA%D9%87

{يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدۡنَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيۡنَ أُمَتِّعۡكُنَّ وَأُسَرِّحۡكُنَّ سَرَاحٗا جَمِيلٗا (28)وَإِن كُنتُنَّ تُرِدۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلۡمُحۡسِنَٰتِ مِنكُنَّ أَجۡرًا عَظِيمٗا (29) } الاحزاب.

[ئەی پێغەمبەر بە ژنەکانت بڵێ ئەگەر ئێوە ژیانی دنیا و خۆشی وجوانیەکانیتان دەوێ، وەرن با دیاری وبڕێك پارەتان بدەمێ و بە جوانی دەستان لێ هەڵگرم، ئەگەریش خوا و پێغەمبەر و ڕۆژی دوایتان دەوێ، خودا بۆ چاکەکانی ئێوە پاداشتێکی مەزنی داناوە!]

باشە چ پیاوێکیش دەوێرێ بڵێ خوا و پێغەمبەر و ڕۆژی دواییم ناوێ، من دنیام دەوێ، تا ئەو ژنانە بوێرن وابڵێن؟! من دڵنیام ئەوەی موفەسیرەکان دەڵێن، کەوا ژنەکانی داوای خەرجی زیاتریان لێکردووە، ڕاستە بەڵام هەموو ڕاستیەکە نییە. ژن پێویستی بە بایەخ پێدان و کات و خۆشەویستی و پەیوەندی سێکسی و زۆر شتیتر هەیە، کە پێغەمبەر لەبەر ژمارە زۆری ژنەکانی، نەیتوانیوە وەك پێویست پێیان بدات. لەو بارەیەوە ناکرێ پشت بەو خوڕافاتانەی توراس و حەدیسەکانی ئەنەس بن مالك ببەستین کە دەڵێن پێغەمبەر لە کاتژمێرێکی ڕۆژ یان شەودا بەسەر هەموو ژنانی دەسوڕایەوە، چونکە هێزی ٣٠ پیاوی پێدرا بووا![٤٦]

ئەوە جگە لە درۆیەکی ڕووت هیچیتر نەبووە، چونکە هەتا پێغەمبەر تۆمەتبار کراوە بە عەجزی سێکسی، وەك لە کۆتاییەکانی ئەو سورەتەی ئەحزابە هاتووە، دوایی باسی دەکەین. ئینجا پێداویستی ژن هەر سێکس نییە، تەنها مەگەر لە گۆشەنیگایەکی عەقڵیەتێکی بەدەوی و ئەعرابی سەیری بکەیت. نازانن ئافرەت پێویستی بە عیشرەت و کات و پێکەوەژیانی و دانیشتن پێکەوە و چوونە دەرەوە پێکەوە، سەردان پێکەوە، گەشتکردن پێکەوە، گوێگرتن بۆ نیگەرانییەکانی و دەیان شتیترە، نەك تەنها بۆشایی سێکسی.

ئەو نەفەسە لە تەرغیب وتەرهیبی ژنانی پێغەمبەر بەردەوام دەبێت، لە چەندین ئایەتی داهاتوو، هەڕەشە لە ژنانی پێغەمبەر دەکرێ ئەگەر فاحیشەکی ڕاشکاو بکەن، کە هەموو موفەسیران دەڵێن مەبەستی زینایە، سزایان دوو قات دەبێ لە دنیا و قیامەت، ئەگەریش کچی

---

[٤٦] ما رواه الإمام البخاري من طريق قتادة قال: حدثنا أنس بن مالك رضي الله عنه قال: كان النبي صلى الله عليه وسلم يدور على نسائه في الساعة الواحدةِ من الليل والنهار وهنَّ إحدى عشرة، قال: قلت لأنس: أوَكان يطيقُه؟! قال: كنَّا نتحدَّث أنه أُعطِي قوةَ ثلاثين. وقال سعيد، عن قتادة: إن أنسًا حدَّثهم: تسع نسوة
وما رواه الإمام مسلم من طريق هشام بن زيد، عن أنس بن مالك رضي الله عنه: أن النبي صلى الله عليه وسلم كان يطوف على نسائه بغسلٍ واحد

باش بن، پاداشتیان دوو قات وەردەگرنەوە! تەنها چەند موفەسیرێك و عەلی باپیر دەڵێن مەبەستی زینا نییە، بەڵكو بەدخوییە! باشە بۆ بیری خاوەنی قورئان بۆ ئەگەری ڕوودانی زینا دەچێت، ئەگەر ژنەكان لە ڕووی سێكسیەوەش بێ كێشە بوو بن؟!

{يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ مَن يَأۡتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ يُضَٰعَفۡ لَهَا ٱلۡعَذَابُ ضِعۡفَيۡنِۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا (30)۞وَمَن يَقۡنُتۡ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا نُّؤۡتِهَآ أَجۡرَهَا مَرَّتَيۡنِ وَأَعۡتَدۡنَا لَهَا رِزۡقٗا كَرِيمٗا 31)

[ئەی ژنانی پێغەمبەر ئەوەی لە ئێوە فاحیشەیەكی ڕاشكاوی ئاشكرا [باپیر لە ل ٩٨ دەڵێ گوناهێكی ئاشكرا! فاحیشە لە كوێ وگوناه لە كوێ؟! هەموو فاحیشەیەك گوناهە بەڵام هەموو گوناهێك فاحیشە نییە!] ئەنجامدا، سزای ئەشكەنجەدانی دووقات دەبێ، ئەوەش لای خوا ئاسانە كردنی. ئەوەشی لە ئێوە بۆ خوا بسوڵحێ و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر بێ، پاداشتی دووكەڕەت دەكرێ لای خوای كاربەجێ![47]

{ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّۚ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا (32)وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ وَأَقِمۡنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا (33)وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا (34)}

{ ئەی ژنانی پێغەمبەر، ئێوە وەك ژنانی تر نین ئەگەر تەقوای خوا بكەن، لەكاتی قسەكردندا دەنگتان ناسك مەكەن، تا ئەوەی دڵی نەخۆشی تێدایە تەماعتان لێبكەن، قسە بە جوانی وسەنگینی بكەن. لە ماڵەكانتان هەدا بدەن و بمێننەوە، خۆتان مەڕازێننەوە وەك خۆڕازاندنەوەی نەفامی بەرایی...}

---

[47] يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا(30)

القول في تأويل قوله تعالى : يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا (30) يقول تعالى ذكره لأزواج النبيّ صلى الله عليه وسلم) :يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ (يقول: من يزن منكنّ الزنا المعروف الذي أوجب الله عليه الحدّ، )يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ (على فجورها في الآخرة )ضِعْفَيْنِ (على فجور أزواج الناس غيرهم. **تفسير الطبري**

تا دێ سنورەکان و کۆتەکان توووند دەکرێنەوە لەسەر ژنانی پێغەمبەر، ئەوەش ڕەنگدانەوەی غیرە و نیگەرانی خودی پێغەمبەرە لە ژنەکانی، نایەوێ هەتا لەگەڵ خەڵکیش قسە بکەن نەوەك تەماعیان لێبکەن! بەڵکو داوایان لێدەکات لە ماڵەکانیان بمێننەوە زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان. ئەوەش بڕی نیگەرانی گەورەی پێغەمبەر نیشان دەدات.

ئینجا جارێکی تر دێتەوە سەر ئەسڵی بابەت کە تەڵاقدانی زەید و زەینەبە، بە بیریان دەهێنێتەوە، کە بە زەبری ئایەت زەینەب مێردی بە زەید کرد، کاتێ ئایەتی ٣٦ گووتی ئیمانداران بۆیان نییە کاتێ خوا وپێغەمبەر فەرمانێکیان پێدەکەن، سەرپشک بن لە جێبەجێ کردنی یان نەکردنی، ئەوەشی سەرپێچی بکات بە ئاشکرا گومڕا بووە.!

**وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٖ وَلَا مُؤۡمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمۡرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُ مِنۡ أَمۡرِهِمۡۗ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا (36)**

**ئینجا عەلی باپیر** لە تەفسیری سێ ئایەتەکەی دوایی دەڵێ:

**وَإِذۡ تَقُولُ لِلَّذِيٓ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَأَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِ أَمۡسِكۡ عَلَيۡكَ زَوۡجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخۡفِي فِي نَفۡسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبۡدِيهِ وَتَخۡشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَىٰهُۖ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيۡدٞ مِّنۡهَا وَطَرٗا زَوَّجۡنَٰكَهَا لِكَيۡ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ حَرَجٞ فِيٓ أَزۡوَٰجِ أَدۡعِيَآئِهِمۡ إِذَا قَضَوۡاْ مِنۡهُنَّ وَطَرٗاۚ وَكَانَ أَمۡرُ ٱللَّهِ مَفۡعُولٗا (37)مَّا كَانَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ مِنۡ حَرَجٖ فِيمَا فَرَضَ ٱللَّهُ لَهُۥۖ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِي ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلُۚ وَكَانَ أَمۡرُ ٱللَّهِ قَدَرٗا مَّقۡدُورًا (38)ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخۡشَوۡنَهُۥ وَلَا يَخۡشَوۡنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبٗا (39)** الاحزاب

لە بارەی ئەو بڕگەیە: **وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ،** دەڵێ: شتێکت لە دڵی خۆت پەنهان دەکرد کە خوا دەرخەر و ئاشکراکەریەتی. ئەو شتە بریتی بوو لەچی؟ بریتی بوو لەوە کە زەینەب دوایی دەبێتە هاوسەری تۆ ئەی پێغەمبەر! خوا بە شێوەیەك لە شێوەکان پێغەمبەری حاڵی کردووە کە دوای تەڵاقدانی زەید بۆ زەینەب، دەبێتە ژنی پێغەمبەر! ئەوە مانا ڕاستەکەیەتی **نەك وەك کەسانێکی دڵ نەخۆش** پێیان وایە پێغەمبەر عاشقی زەینەب ببوو!

لە کۆنەوە ئەو شاردنەوەیەی هەستی پێغەمبەر دوو جۆر تەفسیری بۆ کراوە، زۆربەی زانایان و موفەسیرانی وەك محمد ابن سعد و الطبري و الزمخشري و البغوي و فخرالدين الرازي و

دەیانیتر دەڵێن، شاردنەوەی حەزی خۆی بوو لە زەینەب، بەڵام هەندێکیان دەڵێن شاردنەوەی فەرمانی خوا بووە بە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ زەینەب پاش تەڵاقدانی لەلایەن زەیدەوە!

ئەگەر ئەوەی وابزانێت پێغەمبەر دڵی بە زەینەب داچووبوو، پێش تەڵاقدانی لەلایەن زەیدەوە دڵ نەخۆش بێت، ئەوە عائیشە و هەندێ سەحابە و تابیعی و زۆربەی هەرە زۆری موفەسیرەکان وزاناکانی ئیسلام دڵ نەخۆشن، چونکە لەسەر ئەوە یەکڕان، هەتا عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر و هەندێ سەحابە و زانای ئیسلام دەڵێن: ئەگەر پێغەمبەر ئایەتگەلێکی شاردبایەوە، دەبوایە ئەو ئایەتە بشارێتەوە، واتە ئایەتی وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ![٤٨] چونکە ئەو ئایەتە دەرخەر و ئاشکراکەری بووا!

عائیشە زۆر قووڵ ئاگاداری بەزمەکە بوو، کە حەزێکی لەناکاو نەبوو، بەڵکو پیلان بۆ داڕێژراو بوو، ئینجا پاش ئەوەی دەڵێن پێغەمبەر بە نیمچە ڕووتی زەینەبی دیتبوو، لەبەر نەبوونی دەرگا و پەردەی پتەو لە ماڵەکان! عائیشە دەیزانی پێغەمبەر زۆر حەزی لە ژنە، وەك خۆشی دەیگووت، لە دنیادا ژن و عەتری بۆنخۆشم بۆ شیرین کراوە! بە کردەوەش زیاتر لە دە ژنی بەسەر یەك و  لە ماوەیەکی کەم هێنا، ناکرێ هەمووی هەر لە ڕای خوا بێت، و لەڕای ئەو بیانووە سارد وسڕانەی بێت، ئیسلامییەکان بۆ ئەو هەموو ژن هێنانە دەیهێننەوە! ئەوەتا قورئان خۆی لە سورەتی الاحزاب ئایەتی ٥٢ ئاماژە دەکات بۆ سەرسام بوونی پێغەمبەر بە ژنە جوانەکان، دەڵێت: لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعۡدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ حُسۡنُهُنَّ... (52)

[دوای ئەوەندە ژنانە هیچیتر ژنیترت بۆ ڕەوا نییە، یان بیانگۆڕیتەوە بە تەڵاقدانی و هێنانی ژنیکی نوێ، هەتا سەرسامی جوانیشیان بوویت] قورئان دەڵێت سەرسامی جوانیا ژنان دەبێ، ئیسلامییە ئایدیۆلۆژیەکان هەزار بیانوو و هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و شتیتریان ڕیز کردووە بۆ هاوسەرگیرییەکانی پێغەمبەر!

بەڵام بۆیە لە ئایەتەکانیش ئەو ڕەغبەتەی نەدەشاردەوە، ئەوە تەنها هەندێ ڕای لاوازی موفەسیر وزانای کۆن ونوێن زیاتر، و هەندێ وبانگخوازی ئیسلامی سیاسین لە ئەمسالی عەلی

---

[٤٨] حدثني إسحاق بن شاهين، قال: ثنا داود، عن عامر، عن عائشة، قالت: لو كتم رسول الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّم شيئا مما أوحي إليه من كتاب الله لكتم )وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ . (

باپیر، دەیانەوێ ئەو هەقیقەتە بشارنەوە. ئەوەی عائیشەی زیاتر پەست دەکرد، زەینەب شانازی بەسەر دەکرد، و تەواوی متمانەوە دەیگووت خودا لە ئاسمانەوە خوازبێنی منی کردوە و مارەی کردووم لە پێغەمبەرەکەی، ئێوە لە ئەرز مارەبڕان! بەڵام عائیشە دەمێك بوو بە پێغەمبەری گووتبوو: خودا پەلەیەتی بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکانت! و عائیشە سەری لەو تەکنیکە دەرنەدەچوو، چۆن کەسێك کارێکی وا موخالیفی عورفی کۆمەڵایەتی بکات، ژنی کوڕی بەخێوکراوی خۆی بهێنێتەوە، وا بە ڕاشکاوی باسی حالەتی دەروونی خۆشی دەکات، کە پێیخۆش بووە ئەو تەڵاقە ڕوویدات، تا خۆی مارەی کاتەوە؟! یان چۆن خودا کە بە گەورەترین پێغەمبەری خۆی دەزانێ، وا لەناو خەڵك ئاشکرای دەکات تا حەدی ئیحراج کردن؟!

با تەفسیری الطبري بهێنینەوە لەو بارەیەدا:

لە تەفسیری ئەو ئایەتە: وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولا (37)

[لەبیرت بێ ئەی محمد] کە بەو کەسە (مەبەستی زید بن حارثةیە) دەڵێی خوا نیعمەتی پێداوە بە هیدایەتدانی، و تۆش نیعمەتت پێداوە بە بە ئازادکردنی لە کۆیلایەتی، دەست بە ژنەکەتەوە بگرە و لێی جیامەبەوە، لە خوا بترسە، شتێکت لە دڵی خۆت پەنهان دەکرد کە خوا دەرخەر و ئاشکراکەریەتی، لە خەڵك دەترسیت، بەڵام خودا شایستەترە لێی بترسیت، کاتێ زەید پێویستی خۆی لێ جێبەجێکرد ئیجا لێی جیابوەوە، لە تۆمان جووت کرد، هەتا ئیمانداران هیچ کێشە و سەخڵەتیەکیان نەبێ لە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ هاوسەری بە منداڵگرتووەکانیان!

تەبەری دەڵێ: "خودای کاربەجێ، بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت وەك لۆمە و گلەیی [لەبیرت بێ ئەی محمد] کە بەو کەسە (مەبەستی زید بن حارثةیە) دەڵێی خوا نیعمەتی پێداوە بە هیدایەتدانی، و تۆش نیعمەتت پێداوە بە بە ئازادکردنی لە کۆیلایەتی، دەست بە ژنەکەتەوە بگرە و لێی جیامەبەوە، لە خوا بترسە ( ئەوەش ئەو کاتەبوو کە پێغەمبەر زینب بنت جحش ی بینی، پێی سەرسام بوو، کە هێشتا لە داوی زەید دابوو، خودا ڕقی زەینەبی خستە دڵی زەید کاتێ زانی پێغەمبەر چی کەوتە دڵ ودەروونی لەبارەی زەینەب، زەید ویستی لێی جیابێتەوە و تەڵاقی دا، لای پێغەمبەر باسی کرد) پێغەمبەریش پێی دەگووت: دەست بە ژنەکەتەوە بگرە

(لە کاتێکدا پێغەمبەر پێی خۆش بوو لێی جیابێتەوە تا بۆ خۆی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات) لە خوا بترسە... شتێکت لە دڵی خۆت پەنهان دەکرد کە خوا دەرخەر و ئاشکراکەریەتی (دەڵێ پێخۆش بوونت بە لێکجیابوونەوەیان لە دڵت دەشاریتەوە، تا بتوانی بۆ خۆتی بهێنیت کاتێ زەید لێی جیابوەوە، خوداش ئەوەی دەتەوێ لە دەروونت بیشاریتەوە لەو بارەوە دەریدەخات)لە خەڵك دەترسیت، بەڵام خودا شایستەترە لێی بترسیت (خوای کاربەجێ دەڵێ: دەترسیت خەڵك بڵێ فەرمانی کرد بە پیاوێك ژنەکەی تەڵاق بدات، هەر کە تەڵاقی دا بۆ خۆی هێنا، خەڵکی هیچ و پووچ کێیە؟! خودا شایەستەترە لە خەڵك بۆ ئەوەی لێی بترسیت.

بەو شێوەیەی ئێمە گووتمان وباسمان کرد، ئەهلی تەفسیر و تەئویلیش گووتویانە. [وبنحو الذي قلنا في ذلك قال أهل التأويل.][49] بڕوانە چۆن الطبري دەڵێت هەموو موفەسیرەکان وا دەڵێن! دەی کەوابوو هەموو موفەسیرەکان نەخۆشن بە قسەی عەلی باپیر بێت، بەڵکو موحەدیسەکانیش لەوان نەخۆشترن، چونکە هەر ئەوان ئەو هەموو ڕیوایاتەنەی چیرۆکی زەواج وتەڵاقی زەیدیان گواستۆتەوە![50]

پاش زەواجی پێغەمبەر و زەینەب، بێگومان هەراوهۆریایەکی زۆر دروست بوو لەناو موسڵمان و ناموسڵماناندا، چونکە شکاندنی عورفێکی گشتی زۆر پتەو و جێگیر بوو لە کۆمەڵگای عەرەبی بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە، پێیان هەرس نەدەکرا، یەکێك منالێك بە کوڕی خۆی بگرێت، دوایی ژنی بۆ بهێنێت، لە کۆتاییدا ژنی ئەو بە منداڵگرتووەی خۆی بهێنێتەوە، بۆیە لە ئایەتی

---

[49] القول في تأويل قوله تعالى : وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولا (37)
يقول تعالى ذكره لنبيه صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّم عتابا من الله له )و (اذكر يا محمد )إِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ (بالهداية )وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ (بالعتق، يعني زيد بن حارثة مولى رسول الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّم )أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ (وذلك أن زينب بنت جحش فيما ذكر رآها رسول الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّم فأعجبته، وهي في حبال مولاه، فألقِي في نفس زيد كراهتها لما علم الله مما وقع في نفس نبيه ما وقع، فأراد فراقها، فذكر ذلك لرسول الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّم زيد، فقال له رسول الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّم) :أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ (وهو صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّم يحب أن تكون قد بانت منه لينكحها)وَاتَّقِ اللَّهَ (وخف الله في الواجب له عليك في زوجتك )وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ ( يقول: وتخفي في نفسك محبة فراقه إياها لتتزوجها إن هو فارقها، والله مبد ما تخفي في نفسك من ذلك )وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ ( يقول تعالى ذكره: وتخاف أن يقول الناس: أمر رجلا بطلاق امرأته ونكحها حين طلقها، والله أحق أن تخشاه من الناس.

[50] ل٢٢٩ تا ٢٣٢، تەفسیری قورئانی بەرز وبە پێز، بەرگی ٢٢ سورەتەکانی الاحزاب و سبأ

٣٩ وەك موفەسیرەکان دەڵێن خودا ستایشی پەیامبەرانی خۆی دەکات، کە لە کەس ناترسێن جگە لە الله! ئەوەش بۆ دڵقایمکردنی خۆیەتی.

ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَـٰلَـٰتِ ٱللَّهِ وَيَخۡشَوۡنَهُۥ وَلَا يَخۡشَوۡنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا (39)

دوای ئەوە دیسانەوە جارێکیتر جەختکراەوە لەسەر ناباوکیەتی بۆ بەمندالگرتووی خۆتان:

**مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَـٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمًا (40)**

"محمد باوکی هیچ یەکێ لە ئێوە نییە، بەڵکو پەیامبەری خوایە، کۆتا پێغەمبەرە، خوداش بە هەموو شتێ ئاگادارە."

## ٤

کاتێ دەزانێ موسڵمانان چوونە ژێر باری کۆمەڵایەتی تایبەت بە پێغەبەر، لە شکاندنی نەرێتێکی کۆمەڵایەتی وا گەورە، بەبێ هیچ بیانوێکی ماقووڵ و بە پەلە، لە هێنانەوەی ژنی بە کوڕگرتووی خۆی، چونکە ڕەنگە لە هەموو دوورگەی عەرەبی کەسێکیتر نەبووبێ جگە لە پێغەمبەر بیری لەوە کردبێتەوە! حالەتێکیش وا دەگمەن و ڕیزپەڕ بێت هیچ پێویستی بە یاسا بۆ دانان نییە!

قورئان ویستی دەسەڵاتی پێغەمبەر بەسەر جیهانی ژنان بەهێزتر بکات، وەك پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل دەیان ژن بخاتە ڕاژەی. سەرپشکی بکات لە ژنانی ئومەت. ئیتر قورئان بە ڕاشکاوی هەموویانی لە دەست نان، کە ژنانی ئومەت لە خزم وکەسەکانت و تا هەر موسڵمانێك و کەنیزەکانیش بۆت حەڵاڵن، تۆ پابەند نیت بە چوار ژن، ئەوە بۆ موسڵمانی ئاساییە! هەر ژنەی بیەوێ خۆی پێشکەشت بکا، ئینجا پاش ئەو ژمارە ژن و کەنیزەکە، دەڵێ هیچیتر بۆت نییە ژنیتر بهێنیت، هەتا ئەگەر سەرسام بوویت بە جوانیشیان، تەنها کەنیزەت بۆ هەیە بەبێ حەد و بێ ژمار!

{يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَحۡلَلۡنَا لَكَ أَزۡوَٰجَكَ ٱلَّـٰتِيٓ ءَاتَيۡتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّـٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَـٰلَـٰتِكَ ٱلَّـٰتِي هَاجَرۡنَ مَعَكَ وَٱمۡرَأَةً مُّؤۡمِنَةً إِن وَهَبَتۡ نَفۡسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنۡ أَرَادَ ٱلنَّبِيُّ أَن يَسۡتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۗ قَدۡ عَلِمۡنَا مَا

فَرَضۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ لِكَيۡلَا يَكُونَ عَلَيۡكَ حَرَجٞۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا (50)} الاحزاب

[ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) ئێمە ئەو هاوسەرانەتمان بۆ حەڵاڵ کردویت کە مارەییت پێ بەخشیون، ئەو ئافرەتانەش کە کەنیزەکی تۆن و لە جەنگدا بەدیل گیراون، هەروەها کچە مامەکانت، کچە پوورەکانت، کچە خاڵەکانت، کچی ئەو پوورانەت کە کۆچیان کرد لە تەک تۆدا، وە هەر ئافرەتێکی بڕوادار کە ئەگەر ویستی خۆی پێشکەشی پێغەمبەر بکات، وە پێغەمبەریش ویستی مارەی بکات، کە ئەمەیان تایبەتی تۆیە (ئەی پێغەمبەر) نەك ئیمانداران، ئێمە ڕێ و شوێنمان بۆ ئیمانداران ڕوونکردۆتەوە بەرانبەر هاوسەران و کەنیزەکانیان، هەتا هیچ ئیحراجیەک ڕووت تێ نەکات، هەمیشەو بەردەوام خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە]

دوایی دەست واڵاتری دەکات ودەڵێ:

{تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُۖ وَمَنِ ٱبۡتَغَيۡتَ مِمَّنۡ عَزَلۡتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكَۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن تَقَرَّ أَعۡيُنُهُنَّ وَلَا يَحۡزَنَّ وَيَرۡضَيۡنَ بِمَآ ءَاتَيۡتَهُنَّ كُلُّهُنَّۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمٗا (51)لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعۡدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ حُسۡنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ رَّقِيبٗا (52)} الاحزاب

[ئەوەی بتەوێ دەچیتە لای و لەگەڵی جووت دەبی، ئەوەشی نەتەوێ وازی لێدەهێنیت لە ژنانت ولەوانەی خۆیان پێشکەش کردووی! هیچیتر نۆرەی ژنەکانت کاری پێ ناکرێ، دەشبێ ڕازی بن بەوەی پێیان دەدەیت، خودا دەزانێ چی لە دڵەکانتاندایە، دوای ئەوەندە ژنانە هیچیتر ژنیترت بۆ ڕەوا نییە، یان بیانگۆڕیتەوە بە تەڵاقدانی و هێنانی ژنیکی نوێ، هەتا سەرسامی جوانیشیان بوویت، جگە لە موڵکی دەستت یان کەنیزەك نەبێ.] عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر کە ئەو ئایەتەی بیست، بەو هەموو ئیمتیازاتە سێکسیەی بە پێغەمبەر دراوە تیایدا، بە پێغەمبەری گووت: دەبینم خواکەت پەلەیەتی بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکانت! ما أرى ربك إلا يسارع في هواك. وەك لە حەدیسێکی بوخاریدا هاتووە!

وەك ئاماژەم پێدا کە عائیشە زۆر قووڵ ئاگاداری بەزمەکە بوو، دەیزانی پێغەمبەر لە دنیادا ژن و عەتری بۆنخۆشی بۆ شیرین کراوە! دڵی بە هەر ژنێك دابچێت دەیهێنێت، هەتا ئەگەر بەربەستێکی سەختیش هەبێ لە ڕێگایدا، وەك لە حالەتی زەینەبدا کە نەك هەر مێردار بوو،

بەڵکو ژنی بە کورگرتووی خۆی بوو! بۆیە عائیشە ئەو ڕستەیە پڕ مانایەی گووت: " دەبینم خواکەت پەلەیەتی بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکانت!" کە گومان دەخاتە نەك ئارەزووی خودی پێغەمبەر، بەڵکو گومان دەخاتە خودی پەیامەکەشی!

عەلی باپیر و ئیسلامییە پینەچییەکان، ئەو قسەیەی عائیشەش هەڵدەگێڕنەوە بە ڕووەکی باش! دەڵێن ئەو وەك ستایش بە پێغەمبەری گووتوە، کە خوا لە خەمی جێبەجێکردنی ئارەزووەکانیەتی! نەك بە تەوسەوە وایگووتبێت! ئای کە پینەکردن کاری قۆڕ بە مرۆڤ دەکات و عەقڵیشی دەخەسێنێ!

